# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 584 سێشەممە 1/ 6/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.584 Tue 1/ 6/ 2010




**چوار هەفتە تێپەڕی...**
**هێشتا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان نادیارن!**

# بارزانی کەوتە بەر ڕەخنە

**ڕۆژنامە**

وتارەکەی بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر ڕەخنەی گەورەترین کوتلەی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستانو بە وتارێکی لایەنگیرانەی دەسەڵاتو دژ بەئۆپۆزسیۆن ناودەبرێت.

دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەتای ئەم هەفتەیە وتارێکی لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان خوێندەوە، فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕەخنەی لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێم گرتو دەڵێت: «چاوەڕێمان دەکرد بەڕێز سەرۆکی هەرێم باس لەو مەترسییانە بکات کە لەمڕۆدا ڕووبەڕووی ئاسایشو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەبنەوە، بەدیاریکراویش مەترسییەکانی سەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ئاسایشو ژیانی ڕۆژنامەنووسان، چاوەڕێمان دەکرد بەڕێزیان ئەو هەڵمەتی تەشهیرو توندوتیژییە ڕەمزییە ڕەخنەبکات کە لەمڕۆدا لەلایەن دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی نزیک لە دەسەڵاتەوە دەکرێتە سەر ئۆپۆزسیۆنو ڕۆژنامەنووسانو گرووپە مەدەنییەکان».

هەر لە ڕوونکردنەوەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا هاتووە: «بەڕێزیان بە حوکمی پێگەی فەرمییان، بە حوکمی شوێنی پێشکەشکردنی گوتارەکەشیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا، تەنیا قسەکەر نین بەناوی دەسەڵاتو زۆرینەی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو ئەوانەش دەکەن کە دەشێت لەبەردەم ستەمی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بن، یان لانیکەم دیدو بۆچوونیان پێچەوانەی دیدو بۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان بێت، بۆیە هەستمان کرد ئەو گوتارە گوزارشتی لەو فرەڕەنگیو فرەدەنگییە نەکرد کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە، ئەو فرەییەی کە باڵاترین ئەدگاری دیموکراتییەو لە پێکهاتەی فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا ڕەنگیداوەتەوە».

بۆ ل٤



حکومەتی هەرێم داوای ڕاگرتنی دەکاتو تۆپبارانی گوندەکانی سەر سنووریش بەردەوامە
فۆتۆ: ڕۆژنامە

## لەبەر کۆنگرەی یەکێتی، پەرلەمان کۆنابێتەوە

**ڕۆژنامە**

بەهۆی کۆنگرەی یەکێتییەوە، کە ئەمڕۆ دەستپێدەکاتو تا (٦)ی مانگ بەردەوام دەبێت، دانیشتنەکانی پەرلەمان دوادەخرێن، بەشێک لە پەرلەمانتارانیش پێیانوایە: ناکرێت بەهۆی کاری حیزبییەوە کاری پەرلەمان دوابکەوێت.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ماوەی چەند ڕۆژێک دانیشتنەکانی پەرلەمان لەبەر کۆنگرەی یەکێتی دوادەخات.

ناسک تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئەوەی خستەڕوو، کە لە لیژنەی پیشەسازییو وزە چەند ئەندامێکی یەکێتییان لەگەڵدایەو ئاماژەیان بەوە کردووە کە لەبەر کۆنگرە، کە بەشدارن تیایدا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکان دوابخرێن.

ئەو پەرلەمانتارە جگە لەوەی پێیوابوو کە حەق نییە لەبەر کاری حیزبیی کاری پەرلەمان دوابکەوێت، بەڵام ڕەخنەی لەوەش گرت، کە لە بنەڕەتدا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دواکەوتوونو ئەگەر پەرلەمان لانیکەم هەفتەی (٣) جار کۆبوونەوەی بکردایە، ئەوا ئەم هەفتەیە نەدەبووە گرفت، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لە حیزبی دەسەڵاتدارنو ئەو حەقەیان پێدەدرا کۆبوونەوە نەکرێت، بەڵام کاتێک کۆبوونەوەکان خۆی سستە، تۆش هەفتەیەک دوای بخەیت، ئەوا ئەوەندەی تر کاری پەرلەمان سست دەبێت.

**سەرۆکی حکومەت پارەی میللەت بۆ حیزبەکەی بەکاردەهێنێت** ل ٩

**دوو بەڕێوەبەرو سێ کارمەندی تەندروستی دەدرێنە دادگا** ل ٢

## گۆڕان مۆڵەت وەردەگرێت

**بەرهەم خالید**

بزووتنەوەی گۆڕان مۆڵەتی ڕەسمیی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێدەدرێتو لەم مانگەشەوە وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بودجەی مانگانەی پێدەدرێت.

بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٣٨٢)، کە دوێنێ ٢٠١٠/٥/٣١ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە بە ئیمزای کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆوە دەرچووە، لەمەودوا بزووتنەوەی گۆڕان بەڕەسمیی مۆڵەتی کارکردنی دەبێت وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی لە ٢٠١٠/٣/٢٥ـوە بەڕەسمیی داوای مۆڵەتیان پێشکەش بە حکومەت کردووەو حکومەتیش چەند تێبینییەکیان هەبووەو پاش چارەسەرکردنیان بەڕەسمیی مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە.

هەروەها محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە ڕوژنامەی ڕاگەیاند: لەمەودوا بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حیزبێکی دیکە بەپێی مەرجە یاساییەکان بەڕەسمیی کاردەکاتو دەربارەی پێدانی بودجەش بە بزووتنەوەکە، وتی: «پێویستە بەڕەسمیی داوا لە حکومەت بکات بۆ ئەوەی بودجەی مانگانەی پێبدرێتو حکومەتیش بەپێی ئەو بنەمایانەی خۆی دیاریکردووە لە ڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەوە مانگانە بودجەی پێدەدات».

لەلای خۆیەوە کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئەوان لەمڕۆوە هەموو ڕێوشوێنێکی ئیداریی و ئوسولی دەگرنە بەر بۆ ئەوەی لەم مانگەوە گۆڕان بودجەی مانگانە لە حکومەت وەربگرێت.

## تەنیا پەرلەمانتارانی گۆڕان پارەی ئۆتۆمبێلیان ڕەتکردەوە

**دڵێر عەبدولخالق**

دوای ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان وەرگرتنی پارەی کڕینی ئۆتۆمبێلی ڕەتکردەوە، فراکسیۆنی کوردستانیی لەسەر ئەو پرسە یەکلایی نەبووەتەوەو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامییش جەخت لە دەستەبەرکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکەنەوە، بەمەرجێک ببێتە مولکی پەرلەمان.

پێرێ فراکسیۆنی گۆڕان بە هەموو شێوەیەک دابینکردنی (٥) ملیارو (٣٢٨) ملیۆن دینار بۆ کڕینی (١١١) ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتاران ڕەتکردەوەو تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەی بە بەهەدەردانی سامانی گشتیی لەقەڵەمدا.

ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە.. ل٥

### ٣٧٠ کەس بە تەزکیەو وەک چاودێر بەشداریی دەکەن

## ئەمڕۆ سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی دەستپێدەکات

**ڕۆژنامە**

ئەمڕۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سێیەمین کۆنگرەی خۆی لە سلێمانی دەبەستێت، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە: ئەم کۆنگرەیە گۆڕانکاریی لە هەیکەلی یەکێتیدا دروستدەکات.

کۆنگرەکە بە بەشداریی (١٥٧٨) ئەندامی کۆنگرە، کە (٢٠٪)یان ژنن، بەڕێوەدەچێتو هەفتەیەک دەخایەنێت، کە تیایدا (٢٣٩) ئەندامو کادیر بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیو (٣٥٩)یشیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند خۆیان کاندیدکردووەو (١٥٠) کەس چاودێر دەبن.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە یەکێکە لە ئەندامانی سێیەمین کۆنگرەی حیزبەکەی، ئەوە دەخاتەڕوو: کۆنگرە هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاریی لەناو یەکێتیداو جگەلەوە بەرنامەی یەکێتی هەمووی گۆڕاوە، چونکە بەرنامە کۆنەکە کەڵکی نەماوەو دەبێت بەرنامەیەکی نوێ دابنرێت.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، سکرتێری گشتیی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ڕێژەی (١٥٪)ی ئەندامانی کۆنگرە دەستنیشان بکات، لە کۆی (١٥٧٨) ئەندامی کۆنگرە (٢٢٠) ئەندامیان بەبێ هەڵبژاردن (تەزکیە) بەشداریی کۆنگرە دەکەن.

بۆ ل٤

# کۆمەڵی ئیسلامیش، گۆڕانکاریی دەکات


عەلی باپیر

چاوان عەلی

ڕاوێـژکـاری ئـەمـیـری کۆمەڵی ئیسلامیی ئاشکرای کرد: حیزبەکەی کۆنگرە دەبەستێت و گۆڕانکاریی ریشەیی بەسەر هەیکەلی ڕێکخراوەیی و سیاسەتی کۆمەڵدا دەهێنێت.

کـامـەران بـابـانـزادە، ڕاوێـژکـاری سـیـاسـیـی عـەلـی بـاپـیـر ئـەمـیـری کۆمەڵی ئیسلامیی و ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی پەیڕەوو پرۆگرام، لە لێدوانێکیدا بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: لەکۆتایی ئەم مانگەو سەرەتای مانگی داهاتوودا دوای پێنج ساڵ، کۆمەڵی ئیسلامیی کۆنگرەی دووەمـــی خۆی دەبەستێت.

وتیشی: «دەسـەڵاتـی کۆنگرە لە پرەنسیپی حیزبەکاندا دیـارە کە بۆ گۆڕانە لە پەیڕەوو پرۆگرام و سیستمی کارکردنی ئەو حیزبەدا و واقیعی نوێش وا دەخوازێت». ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: لە پەیڕەوو پرۆگرامی هەموارکراو، یان پێشنیازکراو لەلایەن دەستەی تایبەت بە پێداچوونەوەدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگ کراوەو هەولدراوە، ئەم وەتیرە کۆنەی کە هەیە لە شێوەی بەڕێوەبردنی حـیـزبـدا بـگـۆڕدرێـت بـەشـێـوەی حکومەتێکی بچووککراوە تا دەسەڵاتی بەدواداچوون و بڕیاردان و دیاریکردنی بودجە جیابکرێتەوە لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کە مەکتەبی سیاسیی دەیکات، ئەمەش بۆئەوەیە کە سەرکردایەتی ڕۆڵـی پەرلەمانێکی بچووکی حیزب ببینێت و مەکتەبی سیاسیش ڕۆڵـی حکومەت ببینێت لەگەڵ دامـەزراوە کارراپەڕێنەکانی دیکە، جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە یەکێکە لەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە پێشنیازی کۆنگرە کراون و گۆڕانکارییەکی دیکە ئەوەیە کە ماوەی ئەندامێتی سەرکردایەتی دیاری بکرێت.

# ئاڵوگۆڕی شەش قایمقامەکە

# «موجامەلەی حکومەت، بەرامبەر حیزب زیاد دەکات»

دلێر عەبدولخالق

لـەم هەفتەیەدا وەزارەتـی ناوخۆ بڕیاری گواستنەوەی سێ قایمقامی سنووری یەکێتی بۆ ژێـر دەسەڵاتی پارتی و سێ قایمقامی سنووری پارتی بۆ ژێـر دەسەڵاتی یەکێتی دەدات، هەرچەندە ئەم هەوڵە بۆ نەهێشتنی جێکارەکانی دوو ئیدارەییە لە هەرێم، بەڵام شارەزایانی بواری کارگێڕیی پێیانوایە: موجەماڵەی ئیداریی زیاتر بۆ حیزبەکان دێنێتە کایەوە.

جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «لەم هەفتەیەدا بە بڕیارێک ناوی سێ قایمقامی سنووری یەکێتی لە ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان و سێ ناوی سنووری پارتی لە پارێزگای هەولێرو دهۆک ئامادە دەکەین بۆ گواستنەوەیان لە شوێنی یەکتری».

بریکاری وەزارەتـی ناوخۆ ئاماژەی بـەوەکـرد: ئێستا هەموو هـەرێـم یەک وەزیری ناوخۆی هەیە، کە ئەویش پارتییە، ئەمەش دەیسەلمێنێت دووئیدارەیی نییە، بەڵکو ئـەم ئاڵوگۆڕە کە دواتـر چەند بەڕێوەبەری ناحیەیەکیش دەگرێتەوە، وەک زەمینەسازییەکە بۆ تێکەڵکردنی حکومەت و دەسەڵاتی ئیداریی لەو ناوچانە.

هەرچەندە بریکارەکەی وەزیری ناوخۆ بیرۆکەی ئەو گۆڕانکارییە ئیدارەییەی بۆ وەزارەتـەکـەی گـەڕانـدەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان ئەم بڕیارە هاوپەیوەندە بەدوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوانیان لە ئاستەکانی خوارەوەدا.

لەو چوارچێوەیەشدا، دیلمان محەمەد سابیر، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕیی گشتیی، ئـەم هەوڵانە وەک موجامەلاتی سیاسیی و کارێکی شکلیی سەیردەکات و دەڵـێـت: «یەکگرتنەوەی ئـیـدارەو دروسـتـبـوونـی ئیدارەیەکی ڕاستەقینە پێویستی بە بڕیارێکی بوێرانەی سـەرۆکـی حکومەت هەیە، کە دواجـار بتوانێت تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکەی بکات».

دیلمان محەمەد وتـی: «سـەرۆکـی حکومەت لە سنووری ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی حیزبەکەی لە ناوچەی خۆی دەسەڵاتی هەیە، نەک ناوچەی پارتی، کردنەوەی نەخۆشخانەیەک یان دانانی بـەردی بناغەی پرۆژەیەک لە سنووری پارتیدا شتێکی ڕووکـەشـە، لە ڕووی واقیعییەوە سەرۆکی حکومەت سەرپشک نییە لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی بەشێوەیەکی گشتیی».

ئەو شـارەزا ئیدارییە پرسیاری ئەوە دەکـات، ئەگەر سەرۆکی حکومەت بەو هـەژمـوونـەوەی کاربکات، دەبێت ئەو حاڵەتە شۆڕبکەیتەوە بۆ کارکردنی قایمقامێکی یەکێتی لە سنووری پارتی یان بەپێچەوانەوە، ئەنجامەکەی جگە لەوەی دەبێت موجامەلەی زیاتر بۆ حیزبی دەسەڵاتدار بکەن، هیچی تری لێ سەوز نابێت.

# یەکێتی پەرلەمانتاران نوێنەر بۆ کەمینەکان دانانێت

ئاوارە حەمید

دووەمـیـن کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ڕۆژی شەممە (٥/٢٩) لە شـاری هەولێر بەستراو کەمە نەتەوەکانی نیگەرانکرد، بەهۆی نەبوونی نوێنەریان لەو یەکێتییەدا.

شـەمـاعـیـل نـەنـوبـنـیـامـیـن، ئەندامی یەکەم خولی پەرلەمان لە ئاشوورییەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە هەزاران ساڵە لەم کوردستانە دەژیـن و لە مێژووی ئەم هەرێمە بەشدارین، بەڵام بەداخەوە لە یەکێتیی پەرلەمانتاران نوێنەرمان نییە».

دووەمـیـن کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کـوردسـتـان بۆ هـەڵـبـژاردنـەوەی دەسـتـەی نوێی کارگێڕیی یەکێتییەکە بوو، کە تیایدا دوای پێشکەشکردنی بڕگەکانی کۆنگرە، دەرگای هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی کرایەوەو لیسێکی (١١) کەسی خوێنرایەوە، دوای ئەوەی کەسی تر نەبوو بـەدەر لـەم (١١) کەسە بۆ ئـەوەی هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت، بەبێ هەڵبژاردن کە (١٥٠) ئەندام ئامادەی کۆنگرەکە بوون، ئەم (١١) ئەندامەی کۆنگرە دیاریکران وەک دەستەی کارگێڕیی و دوایش لە ناوخۆیان ڕێکەوتن بە هەڵبژاردنی نیعمەت عەبدوڵڵا وەک سەرۆکی یەکێتییەکە.

ئەو پەرلەمانتارە ئاشوورییەی خولی یەکەمی پـەرلـەمـان باسی لەوەشکرد: کە زۆرمان داواکردووە کە نوێنەرمان هەبێت لەم یەکێتییەداو مافێکی خۆمانە، بـەڵام داواکەیان پشتگوێخست.

لە بەرامبەردا نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەسەر بنەمای کەمەنەتەوەو حیزب کارمان نـەکـردووە، زیاتر سەیری لێهاتوویی کراوە».

سەبارەت بە کەمینەکانیش، وتی: «داوامان کرد نوێنەریان بۆ دەستەی کارگێڕیی، بەڵام ئەوان لەناو خۆیان ڕێک نەکەوتن و پێشتریش نوێنەرێکمان بۆدانابوون تەنیا ناسنامەی وەرگرت و هیچ کارو دەوامێکی نەکرد»، ڕەخنەی لەو داوایـەش گـرت و وتـی: «ئـەوان تەنیا لە کۆنگرە باسی نوێنەری کەمەنەتەوەکان دەکەن و دەبێت ئەو نەریتە وەلابنرێت، کە لەسەر بنەمای کەمەنەتەوە نوێنەری ئەو لایەنانە دابنرێت، هەرچەندە حیزبەکانیش ئەو داوایـەیـان لە ئێمە کـرد، بەڵام ڕەتمانکردەوە».

# کۆمسیۆن هەزاران کەس دادەمەزرێنێت

سەنگەر جەمال

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەزاران کارمەند دادەمەزرێنێت و هەرسێ پارێزگاکەی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئـەوەش دوای ئەو کۆبوونەوەیە هات کە هەفتەی ڕابـردوو لە شاری سلێمانی لەنێوان بەڕێوەبەری ئۆفیسی شارەکان و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنەکەو حەمدیە حوسێنی ئەنجامدرا.

بـەپـێـی ئـەو پـێـشـنـیـازانـەی لە کـۆبـوونـەوەکـەدا کـراون، کارمەندانی تـۆمـاری دەنـگـدەران لە ناوەندەکانی دەنگدان دادەمەزرێنرێن، کە هەر ناوەندێک (٨) کارمەندی لـەو شێوەیەی تێدایە، ناوەندەکانیش بەپێی پارێزگاکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە تەنیا سلێمانی (٧٩) ناوەندی هەیەو لە سەرتاسەری عێراقیشدا (١٠٧٩) ناوەند هەیە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان، کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ئاماژەی بەوەکرد: یاسای دامەزراندنی کۆمسیۆن هەموارکراو ئەو پێشنیازو بڕیارە درا، کە کارمەندەکانی کۆمسیۆن لە گرێبەستەوە بکرێنە هەمیشەیی، چونکە «تائێستا هەموویان بە گرێبەست کاریان دەکرد، جگە لەو فەرمانبەرە پلە تایبەتیانەی ژمـارەیـان کەمەو پێشتر بڕیاریان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ دەرچووە، بەشێوەیەکی گشتیی پێشنیازی ئەوە کرا، کە فەرمانبەرە ئاساییەکانیش لە بنکەی تۆماری دەنـگـدەران بکرێنە هەمیشەیی و دابـمـەزرێـنـرێـن، کـە لە نووسینگەکانی پارێزگاکان یا نووسینگەی نیشتمانین و ڕەزامەندییان لەسەر درا، بەڵام ئەوە میلاکاتیان دەوێـت و دەبێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ڕەزامەندیی لێوە بدرێت».

خەلیفە، هۆکاری دامەزراندنی ئەو کارمەندانەی بۆئەوە گـەڕانـدەوە، کە ساڵانە کاریان هەیەو بـەردەوام ناوی تۆماری دەنگدەران نوێدەکەنەوە، ئەگەر هەڵبژاردنیش لە ئارادا نەبێت، وتیشی: «ئەوە تاووتوێ کرا، کە ئەوانە چۆن و بە چ ئالیەتێک بکرێنە فەرمانبەری ڕەسمیی، ئەوەش لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئۆفیسەکان و ئەندامانی ئەنجومەنەوە گفتوگۆو تێبینی لەسەر دراو ئیمزای لەسەر کرا».

بڕیار لە دامەزراندنی ئەو کارمەندانە لەکاتێکدایە، کە بەپێی یاسا دوای ساڵێک کـارکـردن مافی دامەزراندنیان هەیە، هەروەک لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردراوە کە بەڕێوەبەرو جێگری ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن پلەی بڕوانامەیان لە دیبلۆم کەمتر نەبێت و ئاست و ئەدای کاریان لە ڕێی لیژنەی تایبەتەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

بـەڕێـوەبـەری پـەیـوەنـدیـیـە جـەمـاوەرییـەکـان، وتیشی: «ئـەوانـە پێشنیازەو لە کۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر دراوە، ئینجا ڕاپۆرتەکە دەنێردرێتە ئەنجومەنی کۆمسیۆن و ئەوانیش لەسەر ڕۆشنایی ئـەو کـۆبـوونـەوەیـەی ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەن و دەنێردرێت بۆ وەزارەتی دارایی، بۆئەوەی ڕای خۆیانی لەسەر بدەن و بزانین ئایا لەسەر میلاکاتی ئەوان ڕەزامەندیی دەردەبڕن یان نا، ئیتر چاوەڕێی وەڵام و ڕای ئەوان دەبین، چونکە ئەو ڕێژەیەش بۆ دامەزراندن، کە دەبێتە (٨) هەزار کەس لەسەر ئاستی عێراق، دەبێت وەزارەتـی دارایـی ڕەزامەندیی لەسەر بدات». ئەو بەپێویستیشی زانی ئەو کەسانە دابمەزرێنرێن بۆئەوەی دوای ئەزموون لەو بوارەدا پسپۆڕیی وەربگرن، بەوپێیەی «کۆمسیۆن بووەتە ئەمری واقیع لەسەر ئاستی عێراق، کە ئەرکی هەڵبژاردنەکانی دەکەوێتە ئەستۆو پێویستی بەوەش هەیە ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن پسپۆڕییان هەبێت لەو بوارانەدا».

جگە لە پێشنیازی دامەزراندنی ئەو کارمەندانە، لە کۆبوونەوەکەی سلێمانیدا پێشنیازی ئـەوە کرا بینای تایبەت بۆ نووسینگەکانی کۆمسیۆن دروستبکرێت، کە زەوییان بۆ دابینکراوەو تائێستاش کرێچین، هەروەک گەنجینە بۆ کۆکردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان دروستبکرێت، لەو بارەیەشەوە خەلیفە وتی: «قسە کرا کە بە چ دیزاینێک و لەکوێ بیناکان بکرێن و گەنجینەی سندوقەکان چۆن بێت، ئەوانە کرانە ڕاپـۆرت و بڕیاری لەسەر دراو دەنێردرێتە ئەنجومەنی کۆمسیۆن».


ژمارەیەک کارمەندی کۆمسیۆن لە کاتی جیا کردنەوەی دەنگەکاندا
فۆتۆ: بەهادین یوسف

# نێوان دادگاو راگەیاندن

رۆژی ٢٠١٠/٥/٢٩ بە سەرپەرشتی رێکخراوی (NED) سیمیناری دروستکردنی پردی پەیوەندیی نێوان دادگاو دەزگاکانی راگەیاندن لە ئۆتێل ئاشتی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

بیرۆکەو کارنامەی ئەو سیمینارە بۆ ئامادەبووان جێی خۆشحاڵیو دەستخۆشیلێکردن بوو بۆ رێکخراوەکەو بۆ د.سامان فەوزی، کە رۆڵی بەرچاوی تێدابینی.

ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێت وەک سەرنج داکۆکیی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان دادگاو راگەیاندن بەگشتییو راگەیاندنی ئازاد بەتایبەتی دەبێت پەیوەندییەکی (تکامل)ی بێت، واتە دەبێت هەردوو دەسەڵاتی سێیەمو چوارەم کارەکانی یەکتر تەواوبکەنو یارمەتیدەرو هاوکاری یەکتر بن لە رێزگرتن لە یاساو بەگژداچوونەوەی تاوانو دەرخستنی هەموو ئەو کارە نایاساییو گەندەڵییانەی کە بەرۆکی هەرێمو عێراقی گرتووەو نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەو پەیوەندییەی نێوان دادگاو داواکاری گشتیی لەلایەکو راگەیاندنەکانو رۆژنامەنووسان لەلایەکی دیکە بچێتە ئاستی دوو سەنگەری بەرامبەر بەیەک.

سەرنجێکی دیکە ئەوەیە کە رۆژنامەی ئازاد ئەمڕۆ توانیویەتی کۆمەڵێک کۆتو زنجیر لە ماوەیەکی کەمدا بپسێنێتو کاریگەریی خۆی لەسەر ئاستی جەماوەرو دەزگا فەرمیو حیزبییەکانو دەسەڵات بەگشتیی بەجێبهێڵێتو توانیویەتی رای گشتیی ببزوێنێتو هاوڵاتییانیش متمانەی خۆیانی پێ ببەخشن.

ئەم رۆڵە گەورەیەی کە میدیای ئازاد لە کوردستان دەیگێڕێت، رۆڵێکی ئێجگار گەورەو بەنرخە، چونکە هاندەرە بۆ کورتکردنەوەی زەمەنو بەدەستهێنانی مافی زیاتری هاوڵاتییانو گەشەکردنی ئازادییو سەقامگیریی دیموکراسی، هەرچەندە ئەم هەنگاوە خێرایانە بێ کەموکورتیو بێ کێشەو چەرمەسەری نەبووە بۆ میدیای ئازاد، بەڵام دەستکەوتە دیارو شاردراوەکان ئەوە دەهێنێت کە میدیاو رۆژنامەنووسانو رووناکبیرە ئازاکان ئەو باجەی لەپێناودا بدەن.

رۆڵی حاکمە بەڕێزەکانو دادگاو داواکاری گشتیش لە هەرێم کەمتر نییە لەو رۆڵەی کە ئەمڕۆ میدیای ئازاد دەیگێڕێت، ئەوان دەتوانن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزنو بواری دەستوەردان لە کارەکانیان بۆ هیچ کەسو لایەنێک نەڕەخسێنن، سڵ نەکەنەوە لە بەدواداچوونی هەر گەندەڵییو هەر سەرپێچییەک، هەوڵی ئەوە بدەن لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، کە دەستەی داواکاری گشتیی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد دەربهێننو سەربەخۆو کارای بکەنو پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ بکەن.

ئەمڕۆ بەچاوی تیژی میدیاو چەکوشی دەستی دادوەر دەتوانن قۆناغەکانی ئازادییو دادپەروەرییو دیموکراسی خێراتر ببڕن.

هاوپەیمانێتیی نێوان یاساو قەڵەم دەبێتە بەردی بناغەی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە هەموو تاکێکی ئازادیخوازو رۆشنبیرو دڵسۆزی ئەم گەلە ئاواتی بۆ دەخوازێتو خەونی پێوە دەبینێت.

رۆژنامە

# راپرسییەک: دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم متمانەیان کەمدەبێتەوە

پ: هەولێر



بەپێی راپرسییەکی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامیداوە، (١٤٪)ی لاوانی کوردستان متمانەی زۆر کەمیان هەیە بە دەزگا ئەمنییەکان.

راپرسییەکە لە ناوەڕاست تا کۆتایی مانگی رابردوو لەسەر تەوەرەکانی: کێشەی نیشتەجێبوون، ناعەدالەتی، بێکاریی، کەمدەرامەتی، پێشینەی هاوسەرگیریی، پەروەردەو فێرکردن ئەنجامدراوەو لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک رای گەنجانی لەسەر وەرگیراوە.

پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لەو راپرسییەدا ئاشکرای دەکات، کە (٢٦,١٩٪)ی گەنجان کێشەی نیشتەجێبوون بە سەرەکیی دەزاننو ناعەدالەتی بەڕێژەی (٢٠,٤١٪) بە سەرەکیی دەزاننو بێکارییو کەمدەرامەتی بەڕێژەی (١٨,٦٨٪) بە سەرەکیی دەزاننو گرانی بازاڕ بەڕێژەی (١١,٣٧٪) بە گرفتی سەرەکیی خۆیان دەزانن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو راپرسییەدا رای گەنجان لەسەر دەزگا ئەمنییەکان وەرگیراوە، بەوپێیەش (٧,٩٢٪)ی گەنجان بارودۆخی ئەمنیی کوردستان بەخراپ دەزاننو (٦,٨٠٪)ی گەنجان بارودۆخی ئەمنیی کوردستان بە زۆر خراپ دەزانن، ئەمە جگە لەوەی (١٤,٩٤٪)ی گەنجان کەمترین متمانەیان بە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، کە سەرو ماڵو خێزانیان بپارێزێت.

هێمن میرانی، سەرۆکی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، سەبارەت بە دەرئەنجامی راپرسییەکە بە رۆژنامەی وت: «گومانم لەوە نییە، ئەگەر هێزە ئەمنییەکان یەکبگرنەوەو بخرێنەوە سەر حکومەت، ئەوا رێژەی متمانەی هاوڵاتییان بەم هێزانە زۆر زیاد دەکات».

ئاماژەی بەوەشکرد، بەشێک لەوانەی وڵامەکانیان بە نەخێر داوەتەوە رەچاوی ئەوەیان کردووە، کە ئەم هێزانە وەکو پێویست نەبوونەتە دامودەزگای نیشتمانییو هەرێمیش پێویستی بەوە هەیە یەک ئاسایشو یەک هێزی پێشمەرگەمان هەبێتو هێزە ئەمنییەکان لە حکومەتەوە فەرمان وەربگرن».

# بەڕێوەبەری بانکی فرۆکەخانەی سلێمانی، (٢) ساڵ حوکمدرا

رۆژنامە

بەڕێوەبەری پێشووی بانکی فرۆکەخانەی سلێمانی بە (٢) ساڵ زیندانیی حوکمدرا بەهۆی ساغبوونەوەی تۆمەتی دزینی (٥١٢) هەزار دۆلاری ئەمریکی بەسەریدا.

دوای ئەوەی ساڵی رابردوو لە ٢٠٠٩/٥/٢١ بڕێک پارە لە بانکی فرۆخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دیارنەما، بەهۆیەوە چوار فەرمانبەری بانکەکە لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکران، پاش ساڵێک لە لێکۆڵینەوە، دەرکەوت بری (٥١٢) هەزارو (٢٩٣) دۆلاری ئەمریکی لە بانکەکە دزراوەو بەهۆیەوە دادگای تاوانەکانی سلێمانی رۆژی ٢٠١٠/٥/٣٠ سزای (٢)ساڵ زیندانیی بەسەر (ش.ح) بەڕێوەبەری بانکەکەدا سەپاندو سێ تۆمەتبارەکەی دیکەی ئازادکرد.

بەپێی راگەیانراوێکی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی، دوای کۆکردنەوەی زانیاریی وردو وەرگرتنی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، چوار فەرمانبەری بانکەکە دەستگیرکراون بە ناوەکانی (پ.ک)و (ش.ح)و (هـ.هـ)و (ق.ا) بە تۆمەتی دیارنەمانی (١٩٠) هەزار دۆلاری ئەمریکیو دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبارەکاندا، دەرکەوتووە پارەکە لەوە زیاتربووە بری (٥١٢) هەزارو (٢٩٣) دۆلاری ئەمریکی بووە، دوای کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە، دۆسیەکەیان رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراو دادگا بڕیاریداوە بە سزادانی تاوانبار (ش.ح)، بەڕێوەبەری بانکی فرۆکەخانە بە (٢) ساڵ زیندانییو گەڕانەوەی پارەکە بۆ خەزێنەی حکومەتو ئازادکردنی سێ تۆمەتبارەکەی دیکە.

# دوو بەڕێوەبەرو سێ کارمەندی تەندروستی دەدرێنە دادگا

دلێر عەبدولخالق

بە مەبەستی وەرگرتنی ئیفاد بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات، مووچەی بنەڕەتی دوو بەڕێوەبەری کارگێڕیی لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی ساختە دەکرێتو بەهۆشیەوە هەردوو بەڕێوەبەرەکەو دوو ژمێریارو پەرستارێک دەردێنە دادگا.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای ئەوەی ئاشکرا بوو، کە مووچەی بنەڕەتی چەند کارمەندێک ساختەکراوە، بۆئەوەی کارئاسانییان بۆ بکرێت بەپێدانی ئیفاد بۆ دەرەوەی وڵات، دەستبەجێ لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوەو بەپێی یاسای ئینزیباتی فەرمانبەران سێ کارمەندیان درانە دادگاو دووانەکەی دیکەیش حەواڵەی دادگا دەکەین».

ئەو پێنج کارمەندەی تۆمەتبارکراون بە ساختەکاریی، دووانیان بەڕێوەبەری کارگێڕین لە بووژاندنەوەی دڵی سلێمانیو فریاکەوتنی خێرای سلێمانی، دووانەکەی دیکەش ژمێریارن لە نەخۆشخانەی گشتیی، ئەوی دیکەیش پەرستارێکە لە هەمان نەخۆشخانە.

چوارچێوەی ئەو کارە نایاساییە دوای ئەوە هاتووە، بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی لەسەر ئیفادی سەفەری دەرەوەی، ئەگەر مووچەی کارمەندەکە لە (٦٠٠) هەزار کەمتربێت لە دەسەڵاتی وەزیری تەندروستییەو ئەگەریش لە (٦٠٠) هەزار زیاتر بێت پێویستی بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا بۆئەوەی زوو کارەکانیان رایی بکەن، بە نووسراوێک مووچەی ئەو دوو بەڕێوەبەرە کەمکراوەتەوەو ساختەکاریی تێدا کراوە.

سەرچاوەیەکی بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد: بۆئەوەی پێگەی کارگێڕیی بەهێزتربێتو یاسا پەیڕەوبکرێت، هەر کەسێکو لەهەر پۆستێکدا بێت سەرپێچی بنەما کارگێڕییو یاساییەکان بکات، دەستبەجێ دەدرێتە دادگا.




# یەکێتی، سەرۆکێکی نوێ بۆ لیستی (١٠٩) دادەنێت



د.شێرکۆ عەبدوڵڵا

رۆژنامە

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، د.شێرکۆ عەبدوڵڵا وەک سەرۆکی نوێی لیستی ١٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دادەنێتو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو پۆستە هیچ سیفەتێکی یاسایی نییەو ناوبراو تەنیا ئەندامی ئەنجومەن دەبێت.

بەپێی نوسراوێکی رەسمیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کە بەرواری ٢٠١٠/٥/٢٧ی لەسەرەو کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، د.شێرکۆ عەبدوڵڵا وەک سەرۆکی لیستی ١٠٩ لە ئەنجومەنی پارێزگادا دادەنێت.

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا بە رۆژنامەی راگەیاند: رەنگە لەدوای کۆنگرەی یەکێتییەوە دەستبەکاربم.

هاوکات کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی پێیان باش بوو کە سەرۆکێکی نوێ بۆ لیستی ١٠٩ دابنێنو سەرۆکی لیستیش هیچ سیفەتێکی یاسایی نییەو تەنیا ئەندامی ئەنجومەن دەبێت».

هەرچەندە کاوە عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا، کە ئەندامانی ئەو لیستە ئازادن لەوەی ئیلتیزام بەو بڕیارەوە دەکەن، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە بەشێک لە ئەندامانی لیستی ١٠٩ ئیلتیزام بە د.شێرکۆ عەبدوڵڵاوە ناکەن وەک سەرۆکی لیستەکەیان، بەڵام د.شێرکۆ بێئاگایی خۆی لە هەڵوێستێکی لەوجۆرە دەربڕی.

## پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان:

# تەرخانکردنی پارە بۆ ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتار، بەهەدەردانی سامانی گشتییە

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان– عێراق**
**ب/ ڕەتکردنەوەی برە پارەی تەرخانکراو بۆ کڕینی ئۆتۆمبیلی تایبەت بە ئەندامانی پەرلەمان**

**سڵاو و ڕێز..**

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، بە تەرخانکردنی بڕی (٤٨) ملیۆن دینار بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک بەمەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت لەسەر بودجەی تایبەتی پەرلەمان، ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (ک٢٥٩) لە ڕۆژی (٢٠١٠/٥/١٩)، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان، کە لە خوارەوە ناو و واژۆکانمان هاتووە، پێتانڕادەگەیەنین: کە بە هەموو شێوەیەک وەرگرتنی ئەو برە پارەیە ڕەتدەکەینەوەو ڕازی نابین ئەو برە پارەیە بچێتە ناو حسابە بانقییە تایبەتییەکانمانەوە، ئەمەش پوختەی ئەو هۆکارانەیە، کە وامان لێدەکات ئەو پارەیە ڕەتبکەینەوە:

١. بە بڕوای ئێمە برە پارەی تەرخانکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بەشێک نییە لە «مافی تایبەت»ی پەرلەمانتاران، بەڵکو بەشێکە لە مافی گشتیی هاوڵاتییانی کوردستان، کە خاوەنی ڕاستەقینەی بودجەی گشتیین، بەوپێیەی هاوڵاتییانیش ڕای خۆیان لەو بارەیەوە نەداوە، بۆیە تەرخانکردنی ئەو گوژمە پارەیە، کە بەسەریەکەوە دەکاتە (پێنج ملیارو سێسەدو بیستو هەشت ملیۆن) دینار، جۆرێکە لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی.

٢. ئێمە پێمانوایە: ئەو خەڵاتو ئیمتیازاتانەی کە پەرلەمانتاران لە شێوەی مووچەی مانگانەدا وەریدەگرن، بەشی ئەوە دەکات کە پەرلەمانتار لەپاڵ مەسرەفی خۆیو خێزانیدا ئۆتۆمبێلی تایبەتیشی پێبکڕێت، بۆیە هیچ پاساوێک نامێنێتەوە کە پارەیەکی تری مولکی گشتیی بۆ ئەو مەبەستە تایبەتە تەرخان بکرێت.

٣. ئەو برە پارەیەی کە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتاران تەرخانکراوە، جۆرێکە لە بەکارهێنانی سامانی گشتیی هەرێم لە بوارێکدا، کە کۆمەڵگە سوودمەند نابێت لێی، چونکە بۆ نموونە، بەپارەی تەرخانکراو بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک مووچەی (٩٦) مانگی گەنجێکی دەرچووی زانکۆی پێ دابین دەکرێت، کە مووچەی مانگانەی لە (پێنجسەد هەزار) دینار کەمتر نەبێت. واتە مووچەی (٨) ساڵی فەرمانبەرێک. کۆی پارەی تەرخانکراو بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش یەکسانە بە مووچەی زیاتر لە (١٠) ساڵی (١٠٠) فەرمانبەری خاوەن دەرامەتی مامناوەند، بۆیە بەبڕوای ئێمە هەق وایە پەرلەمانتارو وەزیرو خاوەن پلە تایبەتەکان دوایەمین توێژی کۆمەڵگە بن، کە بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەوان بەرپرسیارێتییەکیان لەسەر شانە، کە دەبێت بەر لە خۆیان بیر لە بەرژەوەندیی گشتییو ژیانو دەرامەتی چینە هەژارەکانی خەڵکی کوردستان بکەنەوە.

٤. ئێمە دەپرسین کێ ئەو مافەی داوەتە پەرلەمان، کە ئەو برە پارەیە بەوشێوەیە لە داهاتی هەرێمی کوردستان سەرف بکات؟ کامەیە ئەو بنەما یاساییانەی، کە پەرلەمان پشتی پێ دەبەستێت؟ ئایا کارێکی سوودمەندتر نەدەبوو، گەر پەرلەمان ئەو پارەیەی لە پرۆژەیەکی وەبەرهێندا سەرف بکردایە؟ ئەو کات دەیان، بگرە سەدان هاوڵاتی بەهۆیەوە هەلی کاریان بۆ دەڕەخساو پەرلەمانیش ڕۆڵی دەبوو لە کەمکردنەوەی ئەو بێکارییەی، کە لە هەرێمدا ڕوو لە زیادییە.

٥. لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕێ بووین پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای کەمکردنەوەی مووچەی خاوەن پلە باڵاو تایبەتەکانی هەرێم لە نزیکترین کاتدا بخاتە ناو کارنامەی خۆی، کە لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ناعەدالەتیو کەمکردنەوەی جیاوازیی ئاستی بژێوییو دەرامەت لەنێوان پلە باڵاکانو پلە نزمەکاندا، کەچی نەک ئەو پرۆژەیە کاری جدیی بۆ نەکراوە، بەڵکو بەم هەنگاوە جیاوازیی بژێویو دەرامەتی نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵگە قووڵتر کرایەوە.

٦. گەر پەرلەمانتاران نەتوانن ئەو ئیمیازاتانە ڕەتبکەنەوە، کە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە پێشخستنی بەرژەوەندیی تایبەتی بەسەر بەرژەوەندیی گشتییدا، ئیدی چۆن دەتوانن فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەپێناو کەمکردنەوەی ئیمتیازاتە زۆرو زەوەندەکانی بەرپرسانو ڕێگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی هەرێم، ئەمە لەکاتێکدا کە پێویستە لەسەر پەرلەمان بە وردیی چاودێریی ئەدای حکومەتو وەزارەتەکانو کۆی بەرپرسە فەرمییە باڵاکان بکات، بۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی لە خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتدا، لەپێناو قەڵاچۆکردنی مۆڵگەکانی گەندەڵییو بەهەدەردانی سامانی وڵات، جا ئەگەر پەرلەمانتاران نەتوانن خۆیان لەو ئیمتیازو فریوە مادییانە بپارێزن ڕەنگە کارێکی مەحاڵ بێت بتوانن کەسانی دی هان بدەن بۆ کارێکی لەو جۆرە. ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕۆڵی پەرلەمان لاواز دەکاتو کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر ئەرکی پەرلەمان لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەتدا دەبێت.

بەم نووسراوە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە خوارەوە ناو و ئیمزامان هاتووە، وەرگرتنی ئەو برە پارەیە ڕەتدەکەینەوە، کە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ ئەندامانی پەرلەمان تەرخانکراوە، داواکاریشین لە بەڕێزتان فەرمان بدەن ئەو برە پارەیە نەچێتە سەر حسابە بانقییە تایبەتییەکانمان.

لەگەڵ ڕێزدا...


بەم نووسراوە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە ناوو ئیمزامان هاتووە وەرگرتنی ئەو برە پارەیە ڕەت دەکەینەوە کە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ ئەندامانی پەرلەمان تەرخانکراوە، داواکاریشین لە بەڕێزتان فەرمان بدەن ئەو برە پارەیە نەچێتە سەر حسابە بانقییە تایبەتیەکانمان.

لەگەڵ ڕێزدا.....

ڤیان عبد الرحیم عبدالله — د. جعفر علی رسول — کوێستان محمد عبدالله
پەیمان عزالدین عبدالرحمن — [illegible] — پەیمان عبدالکریم عبدالقادر
سیوەیل عوسمان احمد — نسرین جمال مستەفا — کاروخ محمد پیرداود
پەیام احمد محمد امین — نەریمان عبدالله قادر — د. پەریمان قیلانی محمد
د. رانا رەئوف حمە کریم — کاروان صالح احمد — عبدالله محمد نوری
تاڤگە عزیز صالح — عزیمە نجم الدین حسن — شیرزاد عبدالحافظ شریف
عدنان عوسمان محمد — اسماعیل سعید محمد — د. شاهو سعید فتح الله

٢٠١٠/٥/٣٠

---

## پەرلەمانتارێکی کوردستانیی: دەبوایە فراکسیۆنی گۆڕان ئەم مەسەلەیەی بە نهێنی بهێشتایەتەوە

# ڕەتکردنەوەی ئیمتیازاتە مادییەکان، هەلێکە بۆ پەرلەمانتاران

**ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید**
**دلێر عەبدولخالق**


دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان
فۆتۆ: ڕۆژنامە

تەرخانکردنی زیاتر لە (٥) ملیار دینار بۆ پەرلەمانتاران بەمەبەستی کڕینی ئۆتۆمۆبێل مشتومڕی زۆری لای چاودێران دروستکردووەو پێیانوایە ئەو بڕیارە بەهەدەردانو تەخشانو پەخشانکردنی سامانی گشتییە و جۆرێک لە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دروست دەکاتو ئەوەش بە هەلێک دەزانن بۆ پەرلەمانتاران، کە بە کردەوە بیسەلمێنن ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن».

لە کاتێکدا کە ئەندامانی فراکسیۆنی گۆران وەرگرتنی ئەو برە پارەیە ڕەت دەکەنەوە، فراکسیۆنی کوردستانیی لەسەر ئەو پرسە یەکلانەبووەتەوەو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامییش جەخت لە دەستەبەرکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکەنەوە بەمەرجێک ببێتە مولکی پەرلەمان.

هەفتەی ڕابردوو هەواڵی تەرخانکردنی بڕی (٥) ملیارو (٣٢٨) ملیۆن دینار بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان بەمەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوبووەوە، بەجۆرێک هەر پەرلەمانتارێک (٤٨) ملیۆن دیناری بەردەکەوێت، ئەوەش کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەت کە ئەو پارەیە لە سامانی گشتیی دەردەچێت.

دانا عەبدولکەریم، مامۆستای یاسای دەستووریی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە: دیاریکردنی ئەو برە پارە زۆرە بۆ پەرلەمانتاران نەریتێکی خراپە، کە چەند ساڵێکە لە کوردستاندا هەیەو پێشتر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ئێستاش بەداخەوە خەریکە دەسەڵاتی یاسادانانیش دەگرێتەوە، وتیشی: «ئەو بڕیارە بەشێکە لە بەهەدەردانی سامانی گشتییو جۆرێک لە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لە کۆمەڵگەداو پلەیەکی جیاواز دەدات بە پەرلەمانتاران کە بە دەنگی خەڵک چوونەتە پەرلەمان، لەکاتێکدا نابێت خۆیان جیابکەنەوە لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە».

هەروەها مەم بورهان قانع، ڕۆژنامەنووس، بە باشی نازانێت ئەو برە پارە زۆرە بدرێت بە پەرلەمانتارانو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە مووچەی پەرلەمانتار زۆرەو بەشی ئەوە دەکات کە خۆیان بتوانن ئۆتۆمبێل بۆ خۆیان بکڕن، هەربۆیە بە باشی دەزانێت ئەو پارەیە لە پرۆژەی خزمەتگوزارییو باشکردنی گوزەرانی خەڵکی لێقەوماودا سەرف بکرێت.

پەرلەمان بەرزترین دەزگای یاسادانانی وڵاتەو پەرلەمانتارانیش ئەرکی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆیە، بەتایبەت لە بواری ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتییو گەندەڵیی دارایی، بۆیە بە بۆچوونی چاودێران ناکرێت ئەندامانی پەرلەمان لەسەر هەمان ڕێچکەی بەرپرسانی دیکە بڕۆنو ئەوجۆرە ئیمتیازاتانە لەسەر سامانی گشتیی قبووڵ بکەن.

مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانی باس لەوە دەکات، کە یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێریی حکومەتو بودجەی وڵاتە، کە بە سامانی گشتیی هەژماردەکرێتو مافی سەرجەم هاوڵاتییانە، بۆیە نابێت دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) بکەوێتە ناو ئەوجۆرە کارانەوە، چونکە پەرلەمانتار لەبەرامبەر خەڵکدا بەرپرسە «قبوولکردنی ئەو ئیمتیازاتانەش وا دەکات پەرلەمانتار بە ناڕاستەوخۆ بڵێت با من نوێنەری خەڵکیش بم، بەڵام خەمخواردن لە کێشەکانی خەڵک دەکەوێتە دوای خەمخواردن لە کێشەکانی خۆم، ئەوەش بە خراپ لەسەر پایەی پەرلەمانتار دەشکێتەوە».

دانا عەبدولکەریم وتیشی: «هیوادارم فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوە قبووڵ نەکەن، لەبەرئەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەمان جیاواز دەبن لەوانەی پێش خۆیان، ئەمەش هەلێکە بۆ ئۆپۆزسیۆن بۆئەوەی ئەو جیاوازییەی لە بیرکردنەوەو ئیشکردندا بانگەشەی بۆ دەکات بە کردەوە بیسەلمێنێت، بەپێچەوانەوە قبوولکردنی، کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ئەو هاوڵاتییانەی دەنگیان بە ئۆپۆزسیۆن داوە».

ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٣٠ فراکسیۆنی گۆڕان بە زۆرینەی زۆری دەنگی ئەندامانی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەتیانکردەوە کە ئەو برە پارەیە وەربگرنو تێیدا هاتووە کە «برە پارەی تەرخانکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بەشێک نیە لە «مافی تایبەت»ی پەرلەمانتاران، بۆیە تەرخانکردنی ئەو گوژمە پارەیە جۆرێکە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی».

لە لای خۆیەوە مەم بورهان قانع، ڕۆژنامەنووس، داوا دەکات لانیکەم پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن کاریگەرییان لەسەر ئەو بڕیارە هەبێتو پارەکە ڕەتبکەنەوەو کارێک بکەن ئەو ئیمتیازاتە کە داهاتی خەڵکە بەوشێوەیە خەرج نەکرێت و پێویستە پەرلەمانتاران ڕێگریی بکەن لە تەخشانو پەخشانکردنی سەروەتو سامانی ئەم وڵاتە «. دابینکردنی ئەو برە پارەیە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران، هەموو فراکسیۆنەکانی کۆکردەوە لەسەر ڕێککەوتنێک، کە ڕێگەنەدرێت ئەو باسە پەیوەندیدارە بە ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران بۆ ڕاگەیاندنەکان ئاشکرا بکرێت، بەڵام وەک وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژەی پێکرد: بەهۆی ئەوەی لایەنێک پەیوەست نەبوو بەو ڕێککەوتنە جێنتلمانییە، بابەتەکە وروژێنرا.

لەبارەی هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان، ئاسۆ کەریم، وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «وەکو فراکسیۆن لەسەر بابەتی ئۆتۆمبێلەکان قسەمان نەکردووە، ڕەنگە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا هەڵوێست لەو بارەیەوە بخەینەڕوو».

حەمە سەعید حەمە عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستانیش، باسی لەوە کرد، ئەگەر ئەو پارەیە بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی کە خەڵک سوودی لێدەبینێت خەرجبکرێت، ئەوا پێمان باشە بۆ ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتاران نەبێت، بەڵام ئەگەر پارەکە بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو لەوێ بە ئارەزووی خۆیان تەسەروفی پێوە بکەن، پێمان باشە بدرێتە ئۆتۆمبێل بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی سەردانی ناوچەکان دەکەنو خزمەتی خەڵک دەکەنو لە پرۆژەکان دەپرسنەوە. وتیشی: «ئەگەر پەرلەمانتارێک لە ئیشەکەیو خزمەتکردنی خەڵک سەرکەوتوو نەبووبێت، حەق نییە پاسکیلیشی بۆ بکڕدرێت».

ئەمەو پێشتریش بیلال سلێمان، ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو: «ئەوان لەگەڵ کڕینی ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتارانن، بەمەرجێک ببێتە مولکی پەرلەمان، نەک ئەندامی پەرلەمان».

# کۆنگرەی ئەمڕۆی یەکێتی

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەمڕۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سێیەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداریی (١٥٧٨) ئەندامو (٢٢٠) چاودێر دەبەستێت، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە: ئەم کۆنگرەیە گۆڕانکاریی لە هەیکەلی یەکێتیدا دروستدەکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە رێکخراوێکی سیاسیی سۆسیالیستو دیموکراتە، لە ١٩٧٥/٦/١ دامەزراوە، تائێستا (دوو کۆنگرەی لە ساڵەکانی (١٩٩٢، ٢٠٠١)، چوار پلنیۆمی لە ساڵەکانی (١٩٨٩، ١٩٩٢، ٢٠٠٧، ٢٠٠٩) بەستووە، ئەمڕۆ ٢٠١٠/٦/١ لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی کۆنگرەی سێیەمی دەبەستێت، بە بەشداریی (١٥٧٨) ئەندامی کۆنگرە، کە (٢٠٪)یان ژنن، بڕیارە کۆنگرە ماوەی هەفتەیەک بخایەنێت، (٢٣٩) ئەندامو کادیری یەکێتی خۆیان بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیو (٣٥٩)یشیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند خۆیان کاندیدکردووە، جگەلەوەش کۆمەڵێک کەسایەتی حکومیو حیزبی عێراقیو نێودەوڵەتی بانگهێشتی کۆنگرە کراون، بەتایبەتی (نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی سوید، کۆمەڵێک نوێنەری کوتلەکانی پەرلەمانی عێراق، رافع عیساوی، سەفارەتەکانی عێراق، کونسولگەرییەکانی هەرێمی کوردستان، نوێنەری دەوڵەتانی عەرەبیو دراوسێ، بەتایبەت تورکیاو ئێران، نوێنەرانی چەند حیزبێکی عەرەبی).

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە یەکێکە لە ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەی ئەوە دەخاتەڕوو: کە بەرنامەی حیزبەکەی گۆڕاوەو ئەم کۆنگرەیەش هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاریی لەناو یەکێتیداو رایگەیاند: هەڵبژاردنی سەرکردایەتی دەکرێت، کۆمەڵێک خەڵک دەرناچێتو کۆمەڵێکی دیکە دێت، ئەمە جۆرێکە لە گۆڕان، جگەلەوە بەرنامەی یەکێتی هەمووی گۆڕاوە، چونکە بەرنامە کۆنەکە کەڵکی نەماوەو دەبێت بەرنامەیەکی نوێ دابنرێت، پەیڕەوی ناوخۆش کەڵکی نەماوەو ئێستا پەیڕەوێکی نوێ هەیە، لە کۆنگرەکانی پێشوودا ئەنجومەنی ناوەند نەبووە، هەروەها رەنگە لەم کۆنگرەیەدا مەڵبەندەکانی لە ئاستی پارێزگادا دابنرێن، کە ئەوەیش جۆرێکە لە گۆڕان.

هەروەک دەڵێت: «من پێموایە هەموو کۆنگرەیەک دەتوانێت نەخشەیەک بۆ چاککردنی رەوشی ناوخۆی حیزبەکە دابنێت، بەڵام ئەوە دەکەوێتە قۆناغی دوای کۆنگرە، کە سەرکردایەتی نوێ تاچەند سەرکەوتوو دەبێت لەو بوارەداو چەند پابەند دەبێت بە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، چونکە پابەند نەبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ یەکێکە لە کێشەکانی دوو کۆنگرەی رابردووی یەکێتی، لەئێستاشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە نابێت ئەزموونی رابردوو دووبارەبکرێتەوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، سکرتێری گشتیی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رێژەی (١٥٪)ی ئەندامانی کۆنگرە دەستنیشان بکات، لە کۆی (١٥٧٨) ئەندامی کۆنگرە (٢٢٠) ئەندامیان بەبێ هەڵبژاردن (تەزکیە) بەشداریی کۆنگرە دەکەن، هەروەک ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد: «زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە لەڕێگەی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانەوە هاتووە، مەکتەبەکان بە هەڵبژاردن هاتوون، جگەلەوە ئەو شوێنانەی کە (حسە) یان بۆ دیاریکراوە، دەسەڵات دراوەتە خۆیان بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرە، نزیکەی (٢٢٠) ئەندام بە دەستنیشانکردن دێنە کۆنگرە.

(١٥٠) ئەندامو کادیری یەکێتی وەکو چاودێر بەشداریی کۆنگرە دەکەن، بەڵام «چاودێرەکان هەر ئەندامی یەکێتینو سیفەتی ئەندامێتی کۆنگرەیان نییەو مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان نییە، بەڵام مافی قسەکردنیان هەیە، لەسەر ئەو مەسەلەیە دوو بیرۆکە هەیە، بیرۆکەی یەکەم ئەوەیە؛ کە ئەو خەڵکانە لەناو کۆنگرەدا وەکو چاودێر بمێننەوەو بەشداریی دەنگدانو خۆپاڵاوتن نەکەن، ئەوەی تر ئەوەیە؛ کە رەنگە لەناو کۆنگرەدا بڕیارێکی تایبەت بدرێت، ئەو چاودێرانە بکرێنە ئەندامو مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان هەبێت.

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی کۆمیتەو مەڵبەندەکانی یەکێتیدا کێشەی گەورە دروستنەبوو، بەڵام لەئێستادا باس لە زیندووبوونەوەو سەرهەڵدانی تەکەتولات دەکرێتو پێشبینی ئەوە دەکرێت، تەکەتولات کێشە بۆ کۆنگرە دروستبکات، بەڵام فەرید ئەسەسەرد، بوونی هەر تەکەتولاتێک رەتدەکاتەوە، «ئەوەی ئێستا هەیە هاوپەیمانیی کاتی هەڵبژاردنە، چونکە لەکاتی هەڵبژاردندا کەس ناتوانێت بە دەنگی خۆی، یان مەڵبەندەکەی، یان بە دەنگی ناوچەکەی دەربچێت، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە پەیوەندیی بە کۆمەڵێک لایەنی دیکەوە بکات، ئەم مەسەلەیە ئەوەندەی پەیوەندیی بە کۆکردنەوەی دەنگەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە تەکەتولاتەوە نییە، ئەمە لە هەموو حیزبێکدا روودەدات، بەڵام ئەگەر ئەمە لە چوارچێوەی خۆیدا بمێنێتەوە نابێتە کێشە، پێشبینی ئەوە ناکەم لەم کۆنگرەیەدا تەکەتولات سەرهەڵبداتو کێشەی لەو شێوەیە دروستببێت.



بارەگای مەکتەبی دارایی یەکێتی ٢٠١٠/٥/٣١

فۆتۆ: رۆژنامە

# ئاستەنگو رێگریی بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوان دروستدەکرێت

رۆژنامە

**«لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیو گەرمیان تائێستا ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرەکان نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیانو لە وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی تائێستا کاریان بە بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت نەکردووەو کەسیان نەگەڕاندووەتەوە»**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان، تائێستا بڕیارەکە بە تەواوەتی جێبەجێنەکراوە.

پەیام ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو رێکخەری پەیوەندیی نێوان فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی نانبڕاوەکان، بە سایتی سبەی راگەیاند: لەو لیستەی پێشکەشمان کردبوو کە سزای سیاسیی درابوونو نانبڕاوکرابوون، ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە شوێنەکانیان، بەڵام بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان وەکو خۆیو بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوەو تائێستا لەو لیستەی پێشکەشمان کردووە لە کۆی زیاتر لە (٢٠٠٠)کەس تەنیا (١٠٦٠) کەس گەڕێنراونەتەوە.

وتیشی: «لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیو گەرمیان تائێستا ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرەکان نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیانو لە وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی تائێستا کاریان بە بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت نەکردووەو کەسیان نەگەڕاندووەتەوە».

رۆژی ٢٠١٠/٤/١٩ نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران، فەرمانێکی تایبەتی بە ئیمزای د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، دەرکرد، کە تیایدا هاتووە: «بە مەبەستی چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون دوور لە دەستێوەردانی سیاسییو بەکارهێنانی حکومەت بۆ کاری سیاسیی»، لە پێنج خاڵدا فەرمانێکی بەسەر گشت وەزارەتو شوێنە پەیوەندیدارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە سزای سیاسیی دراون.

سەبارەت بە رێگرییو کارپێنەکردنی بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتیش، پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «چەندجارێک داوای بینینی سەرۆکی حکومەتو وەزیری ناوخۆم کردووە، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نەبووە، دوایین جاریش لەگەڵ د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، قسەم کردووەو بەڵێنی چارەسەکردنی رێگرییەکانی بەردەم گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکانی داوە، ئەوانەی تائێستا نەگەڕێنراونەتەوە».

ئەوەشی خستەڕوو، ئەو بارودۆخەی ئەم دواییە کە لە هەرێمی کوردستان روویدا، کاریگەریی لەسەر گەڕانەوەی تەواوی نانبڕاوەکانو جێبەجێکردنی بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت هەبووە.

پەیام ئەحمەد، رایگەیاند: لە ئاسایشی گشتیی سلێمانی کە دەسەڵاتی یەکێتییە بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوەو کەسیان نەگەڕاندووەتەوەو رەتیدەکەنەوە کەسیان نانبڕاو کردبێت، «لەکاتێکدا ئێمە بەڵگەو لیستی نانبڕاوەکانمان خستووەتە بەردەمیان، هەروەها لە وەزارەتی ناوخۆ کە دەسەڵاتی پارتییە، ئەوانیش کارێکی ئەوتۆیان بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان نەکردووە».

لەگەڵ بەشداریکردنی لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ، ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانو بەڕێوەبەری قوتابخانەکانو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەهۆی پاڵپشتیو دەنگدانیان بۆ لیستی گۆڕان، سزای سیاسیی دراونو لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، لە لیستێکدا کە ژمارەیان زیاتر لە (٢)هەزار کەسەو ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراونو لیژنەیان لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پێکهێنراوە.

# روونکردنەوەیەک لە فراکسیۆنی گۆڕانەوە دەربارەی وتارەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو هۆڵی پەرلەماندا

لە کۆبوونەوەی ئاسایی رۆژی ٢٠١٠/٥/٢٩ی پەرلەمانی کوردستان کە تەرخانکرابوو بۆ میوانداریی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تیشک خستنەسەر ئەجێندای ئەو دوو گەشتەی کە بەمزووانە بۆ هەریەک لە وڵاتی تورکیاو وڵاتی فەرەنسا ئەنجامی دەدات، ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا رێزی ئەو پرەنسیپەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانمان گرت، کە وەک میوانداریی تەماشای سەردانەکەی بەڕێزیمان کردو لەسەر ئەو بنەمایەش داوای هیچ روونکردنەوەیەکمان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم نەکرد، بەڵام ئەو سەرنجەمان لا دروستبوو کە تەنیا بەشێکی دیاریکراوی گوتارەکە تەرخان بوو بۆ باسکردنی ئەو دوو گەشتە، بەشی زۆری گوتارەکە ئاوڕدانەوەیەکی ئاماژەدار بوو بۆ پاشهاتەکانی هەرێمی کوردستان پاش شەهیدکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)، لە دۆخێکی ئاوهادا ئێمە چاوەڕێمان دەکرد مەبەست لە ئاوڕدانەوەیەکی لەوجۆرە هێورکردنەوەی دۆخەکەو زەمینەسازیی بێت بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو بەمەبەستی پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسیو پێکەوەژیانو پاراستنی ئازادییەکانی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان.

ئێمە چاوەڕێمان دەکرد بەڕێز سەرۆکی هەرێم باس لەو مەترسییانە بکات کە لەمڕۆدا رووبەڕووی ئاسایشو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەبنەوە، بەدیاریکراویش مەترسییەکانی سەر ئازادیی رۆژنامەگەرییو ئاسایشو ژیانی رۆژنامەنووسان، چاوەڕێمان دەکرد بەڕێزیان ئەو هەڵمەتی تەشهیرو توندوتیژییە رەمزییە رەخنەبکات، کە لەمڕۆدا لەلایەن دامودەزگاکانی راگەیاندنی نزیک لە دەسەڵاتەوە دەکرێتە سەر ئۆپۆزسیۆنو رۆژنامەنووسانو گروپە مەدەنییەکان، چونکە بەڕێزیان بە حوکمی پێگەی فەرمییان، بە حوکمی شوێنی پێشکەشکردنی گوتارەکەشیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا، تەنیا قسەکەر نین بەناوی دەسەڵاتو زۆرینەی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو ئەوانەش دەکەن کە دەشێت لەبەردەم ستەمی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بن، یان لانیکەم دیدو بۆچوونیان پێچەوانەی دیدو بۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان بێت، بۆیە هەستمان کرد ئەو گوتارە گوزارشتی لەو فرەڕەنگیو فرەدەنگییە نەکرد کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە، ئەو فرەییەی کە باڵاترین ئەدگاری دیموکراتییەو لە پێکهاتەی فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا رەنگیداوەتەوە.

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان هاوڕای بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانین لەوەی خراپ بەکارهێنانی ئازادیی مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی کوردستان دروست دەکات، بەڵام لە هەمو گۆشەیەکی دنیادا خراپ بەکارهێنانی ئازادیی دیوی دووەمی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە، بۆیە چاوەڕێمان دەکرد بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە هەمان ئەو ئەندازەیەی باس لە خراپ بەکارهێنانی ئازادیی دەکات، باسی لە مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیش بکردایە، چونکە ئەوە تەنیا هاوڵاتییان نین کە بەرپرسیارن لە ئاست پێشێلکردنی یاساکاندا، بەڵکو دامودەزگاکانی دەسەڵاتیش پشکێکی سەرەکیی ئەو بەرپرسایرێتییەیان بەردەکەوێت، بەتایبەتی لە هەرێمێکدا کە تائێستا دەزگای ئاسایش دەزگایەکی حیزبیی ناشەفافەو بڕێک لە بودجەی گشتیی هاوڵاتییانیش بۆ دامودەزگاکانی راگەیاندنو پڕوپاگەندەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەکاردێت، ئەو یاسایەش کە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا دەرچووەو پەرلەمانی کوردستانیش لە خولی دووەمدا دەنگی لەسەر داوە تائێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنی عەمەلییەوە، کە بە بڕوای ئێمە دامودەزگا رەسمییەکان بەرپرسیارێتی یەکەمیان لە جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایەدا بەردەکەوێت.

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان پێمانوایە: ئەرکی دامەزراوە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، لەسەروو هەمووشیانەوە سەرۆکایەتی هەرێم، بریتییە لە پێڕەوکردنی گوتاری تەبایی، پێکەوەژیان، قبوولکردنی جیاوازیی، پاراستنی ئازادییەکان، سەلماندنی فرەیی سیاسییو رۆشنبیرییو دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە پێشمەرجی دابینکردنی ئاسایشە بە مانا سیاسییە بەرتەسکەکەی. چاوەڕوانین هەموو دامەزراوە فەرمییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان نەبنە بەشێک لەو ململانێ مەدەنیو ئیعلامییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ئارادایە، ئەو ململانێیەی کە سەرباری کەموکورتیو خەوشەکانی ئەدگارێکی دیموکراتییەو هەرگیز نابێت دامەزراوە فەرمییەکان ببنە تەرەفگیر تیایدا، یان بیر لە سنووردارکردنو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان بکەنەوە، کە بەری رەنجی قوربانیدانو تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە بێ جیاوازی.

**فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠١٠/٥/٢٩**

# چاودێری دارایی‌و ئاسایش یەکیاننەگرتەوە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا،
شارا عەبدولڕەحمان

وادەی دیاریکراوی یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش‌و دیوانی چاودێری دارایی لە تەواوبووندایەو تائێستا سەرەداوی یەکگرتنەوەکان بەشاراوەیی ماونەتەوەو بەرپرسانی حکومیی ئامادەنین ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەن.

بەپێی مادەی (٢٩)ی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا لە پەرلەمان پەسەندکرا، یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو دەزگایانەی کە یەکیاننەگرتووەتەوە لە ماوەیەک، کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت دەبێت کاری پێبکرێت، بەڵام هەردوو دەزگای ئاسایش‌و چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی یەکیاننەگرتووەتەوەو تەنیا یەک مانگیان بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەستدا ماوە.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: تائێستا ئاماژەکان دوورن لە یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش‌و چاودێری دارایی.

هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆئەوەی، کە هەرچەندە لەناو یاسای بودجەدا کاتی یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش‌و دیوانی چاودێری دارایی دانرا، بەڵام هیچ سزایەک دانەنراوە تا لەکاتی یەکنەگرتنەوەیان کاری پێبکرێت بۆ فشار خستنە سەریان بۆ یەکگرتنەوە، وتیشی: «ئەگەر یەکگرتنەوەکە لەو وادەیەدا نەکرا کە بۆیان دیاریکراوە، پەرلەمان هیچ ئامرازێکی بەدەستەوە نییە تا لەڕێیەوە لێپێچینەوە بکات».

## بەرپرسانی حکومیی ڕوونکردنەوە لەسەر یەکنەخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش‌و چاودێری دارایی نادەن

لە ساڵی (٢٠٠٦)وە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم باس لە یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی(دارایی، داد، ناوخۆ، پێشمەرگە) دەکەن، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی کردارەکی وەزارەتی ناوخۆ یەکنەخراوەتەوە بەتایبەتی دەزگاکانی ئاسایش، کە سەر بەو وەزارەتەن‌و هەروەها دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانیش بەجیا کاردەکەن، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٠/١/١٩ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا یەکخستنەوەی هەردوو دەزگای دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی ڕاگەیاندو باسی لەوەکرد، بەمزووانە کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی دەزگا یەکگرتووەکە دادەنرێت.

د.دلێر مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان وتی: «ڕاستە تائێستا دیوانەکانی چاودێری دارایی یەکیاننەگرتووەتەوە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین خەریکی یەکگرتنەوەن، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر لەو ماوەیەدا کە بۆیان دیاریکراوە یەکیاننەگرتەوە، ئەوا دەبێت پەرلەمان هەڵوێستی خۆی هەبێت‌و حکومەت لە دواکەوتنی یەکگرتنەوەکە ئاگاداربکاتەوە».

بەڵام بوونی هەڵویست لەلایەن پەرلەمانەوە لەسەر یەکگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە گشتگیر نییەو ژمارەیەکی دیکە لە پەرلەمانتاران پێیانوایە: دواکەوتنی یەکگرتنەوەکە نەبووەتە کێشە، بەتایبەت لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

قادر حەسەن، بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: نیەتی پاک بۆ یەکگرتنەوە لەئارادایەو هەولەکان بۆ یەکگرتنەوەی ئاسایشەکانی هەرێم چڕترکراوەتەوە، وتیشی: «خەڵکی لەسەر یەکنەگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایش هەراسان نەبووەو ئارامیی‌و ئاسایشی هەرێمیش زۆر باشە، هەرچەندە پێویستە لەکاتی دیاریکراودا یەکگرتنەوەکە ئەنجامبدەن، بەڵام ئەگەر نەشیکەن خۆ لێیان بەحوجەت نین، تا فشاری زیاتر بخەینە سەریان».

سەبارەت بەیەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایش، لەلێدوانێکی پێشتریدا محەمەد قەرەداخی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: پرۆژەیاسای یەکگرتنەوەی هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی تەواوبووەو لە وەزارەتی ناوخۆیە.

بەڵام جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بێئاگایی خۆی ڕاگەیاندو وتی: «ئەوەندە دەزانم هەر خەریکی کۆبوونەوەو بەرنامەو ڕێکخستنن، ئیتر ئاگام لە پرۆژەی یەکگرتنەوەی ئاسایشەکان نییە، کە هاتبێتە وەزارەت».

هەر سەبارەت بە یەکگرتنەوەشیان، ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی، بەڵام لەوەڵامدا وتی: «لەگەڵ لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان قسەبکەن، ئێستا لە کۆبوونەوەدام».

بە وتەی شارەزایانی یاسایی، ئەگەر پەرلەمان یاسایەکی دەرکردو حکومەت جێبەجێی نەکرد، ئەوە بەشێک لە کەمتەرخەمییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان، چونکە پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکردووە، ئەوەش لە بەهای یاساکانی پەرلەمان‌و بەهای پەرلەمان کەمدەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە پەرلەمان خۆی بودجەی بە دووئیدارەیی بەسەر ئاسایش‌و دەزگاکانی چاودێری داراییدا دابەشکرد.

هەروەک ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان پێیوابوو، کە مەسەلەی یەکخستنەوەی دەزگاکان پەیوەندیی بە یاساوە نییەو لە چوارچێوەی یاسا دەرچووە، بەڵکو کەوتووەتە سەر ئیرادەی سیاسیی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارو بووەتە بابەتێکی سیاسیی‌و بەشێکە لە درێژکراوەی قۆناغی دووئیدارەیی، « ئیرادەیەکی بەهێزیش نییە بۆ یەکخستنەوەو تائێستا بەرپرسانی ئەو دەزگایانە ئامادەنین پۆست‌و ئیمتیازاتە تایبەتییەکانیان لەدەستبدەن.

بەشێک لە پەرلەمانتاران بەتایبەتی پەرلەمانتارانی (ئۆپۆزسیۆن) بەپێویستی دەزانن لەکاتی یەکنەخستنەوەی ئەو دەزگایانەدا، پەرلەمان هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی هەبێت‌و کابینەی شەشەمی حکومەت‌و بەرپرسەکانی بخاتە ژێر پرسیارو لێپرسینەوەوە.

هەروەک بە بۆچوونی نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، «لیژنەی ناوخۆ کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر لەو ماوەیەدا ئەو دەزگایانە یەکنەخرانەوە، بودجەکانیان ببڕدرێت، جگەلەوەش پێویستە پەرلەمان بانگهێشتی بەرپرسانی حکومیی بکات‌و تەنانەت وەزیری ناوخۆ بخەینە بەر مەترسیی لێسەندنەوەی متمانە».

وتیشی: «ئەگەر پەرلەمان ڕێز لە بڕیارو یاساکانی خۆی بگرێت، دەبێت بۆ جارێکیش بێت هەڵوێست وەربگرێت».






مەم بورهان قانع

# منو سەرۆکی حکومەت‌و مافی زانین

«من خۆم بە مرۆڤێکی لیبراڵ دەزانم، لایەنگری ئازادیی دەربڕین‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسیم».

ئەوەی لەسەرەوە خستمە نێو دوو کەوانەی بچووکەوە، کۆمێنتێکی د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە شەوی ٢٠١٠/٥/٢٩ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی «کوردسات»و سەبارەت بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی خستیەڕوو.

ئێرە شوێنی قسەکردن نییە لەسەر تەواوی ئەو چاوپێکەوتنە، چ پرسیارەکان‌و چ وەڵامەکان‌و ڕادەی قانیعبوونی هەر خوێندەوارێک بەو وەڵامانە، بەڵام ئەوەی گرنگەو بەپێویستی دەزانم ئێستێکی لەبەردەمدا بکەم، مەسەلەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و ئازادیی مافی زانینە (کە دوو ئازادیی پێکەوە گرێدراون)..

ئەم کۆمێنتەی سەرۆکی حکومەت لەکاتێکدایە تا ئەم ساتەوەختەش تێبینی لەسەر سنووردداربوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و نەبوونی یاسایەکدا هەیە، کە تایبەت بێت بە مافی زانین لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەک چۆن لە واقیعی پراکتیکیشدا، شتێک لەنێو حکومەت‌و تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا نییە ناوی زامنکردنی مافی زانین‌و شەفافییەت بێت بۆ ڕۆژنامەنووسان‌و هاوڵاتییان بەگشتیی، بەجۆرێک ڕۆژنامەنووسان‌و هاوڵاتییان دەستیان بگاتە سەرچاوەکانی زانیاریی، بەتایبەتی ئەو زانیاریی‌و بڕیارو نووسراوە ڕەسمییانەی حکومەت، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانیانەوە هەیە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم دانیشتنێکی خۆم لەگەڵ سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمدا وەبیربهێنمەوە، سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ ئەوکاتەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ڕای گشتیی» بووم، کە ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی ئازاد بوو، ئەوکات د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) بوو، بە ئامادەبوونی هاوڕێیەکی بەرپرس (کە دواتر شەهیدبوو) لە ماڵی بەڕێزیان لە سلێمانی دانیشتنێکی دۆستانە بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بە باری ئەوکاتەی ڕۆژنامەنووسیی‌و پەیوەندیی نێوان میدیاو حکومەت لە کوردستان‌و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی حکومەت ستایشی ڕۆژنامەکەمانی کردو دواتر وتی: ئۆفیسی من لەبەردەمتاندا کراوەیەو ئامادەی هەر هاوکارییەکم‌و ئێستاش چیتان بوێت ئامادەم بۆتانی بکەم» (ئەوکاتانە ئێمە بە تەنیا کۆمپیوتەرێک‌و بە چەند ڕۆژنامەنووسێکی خۆبەخش‌و بێلایەن، ڕۆژنامەکەمان دەردەکردو باری داراییمان وەک هەمیشە زۆر خراپ بوو)، بەڵام لە وەڵامداو دوای ستایشکردنی ئەم هەڵوێستەی، داوام لێکرد تەنیا دەرگای وەزارەت‌و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێممان بۆ ئاوەڵابکات، تاوەکو وەک ڕۆژنامەنووس بتوانین بەڵگەنامەکانی حکومەت‌و فەرمان‌و نووسراوەکانی بپشکنین‌و ڕای گشتییان لێ ئاگادار بکەینەوەو بەرپرسانی حکومەتیش لێدوان بۆ ڕۆژنامەکەمان بدەن، ئەویش لە وەڵامدا وتی: «ئێوە وەک ڕۆژنامەنووس ئازادن چۆن دێنە ناو وەزارەت‌و دامەزراوەکانمانەوەو ئێمەش ئازادین بە باشی دەرگای ماڵی خۆمان دابخەین‌و ڕێگانەدەین بە دزەکردنی نووسراوو بەڵگەنامەکانمان». منیش پێموت: لەساڵی ١٩٧٦-وە لە ئەمریکا (کە جەنابتان چەند ساڵێک تێیدا ژیاون) یاسایەک بەناوی «حکومەت لەبەر تیشکی خۆردا» هەیە، کە ڕۆژنامەنووسان بە یاسا ئازادکراون لە پشکنینی هەموو بەڵگەنامەو نووسراوو فەرمانەکانی حکومەت، ئەویش بەپێکەنینەوە وتی: «ئەوە لە ئەمریکا»!!

ئەوەتا دوای هەشت ساڵ بەسەر ئەم دانیشتنەدا، بەرهەم ساڵح لەهەمان پۆستدا (بەڵام ئەمجارە سەرۆکی حکومەتێکە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە) جەختدەکاتەوەو دەڵێت: «خۆم بە مرۆڤێکی لیبراڵ دەزانم‌و لایەنگری ئازادیی دەربڕین‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسیم»، لەکاتێکدا بێ زامنکردنی ئازادیی مافی زانین (کە لە کوردستان زامن نەکراوە)، ناکرێت قسە لەسەر بوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی بە مانا فراوانەکەی بکرێت، کە تیایدا میدیا دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم.

ئەم کۆمێنتە ئەگەر بەکردەیی جێبەجێبکرێت، جێگای دڵخۆشیی هەموو ڕۆژنامەنووسان‌و بگرە زۆربەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە دەبێت‌و پێموایە جێبەجێکردنی تەنیا کۆمێنتێکی لەم جۆرە، وادەکات بەشی هەرە زۆری هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە، حکومەتی هەرێم بە حکومەتی خۆیان بزانن، بەڵام ئایا لەم ساتەوەختەدا، کە سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت لایەنگری ئازادیی ڕۆژنامەنووسییە، ئایا بەکردەیی ئەمانە جێبەجێکراون؟!

بێگومان نەخێر، بۆ وەڵامدانەوەی زیاتریش، ئەوە بەسە لە یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان بڕوانین، کە لێوانلێوە لە خەوش‌و دەستەواژەی لاستیکی، کە زیانیان بۆ سەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا هەیەو پێشتریش بەدرێژیی‌و لە جێگای دیکەدا لەبارەی ئەو خەوشانەوە دواوم، بۆ ئازادیی «مافی زانین»یش، ئەو ڕاستییە تاڵە دەزانین کە تا ئەم ساتەوەختە مافی زانین زامن نەکراوەو دەرگاکانی دامەزراوەکانی حکومەت بە ڕووی ڕۆژنامەنووساندا نەکراونەتەوە، بۆیە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و زامنکردنی ئازادیی مافی زانین، بە تەنیا لە دەربڕینی کۆمێنتێکدا کورتناکرێتەوەو جوانیی بە حکومەت‌و «ئەزموونی هەرێم» نابەخشێت، بەڵکو بەخشینی ئەم جوانییە لە پراکتیکدا ڕەنگدەداتەوە، کە تا ئەم ساتەوەختە بوونی نییە.

## کاوە عەبدوڵڵا:

# پارتیو یەکێتی نایانەوێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت

راپۆرتی، بەرهەم خالید

وێڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم کۆتایی تشرینی یەکەمی ئەمساڵی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێشنیاز کردووە، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێکی جدیی بۆ ئەو مەبەستە نەنراوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت: «یەکێتیو پارتی نایانەوێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت، چونکە بڕوایان بە ئازادییو دیموکراسیو دەنگی خەڵک نییە، بۆیە دیاریکردنو ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە زۆر قورسە بۆ دەسەڵات».

تەمەنی ئێستای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠٥) دەگەڕێتەوەو لەوکاتەوە هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامنەدراوە، ئەگەرچی پێویستبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ٢٠٠٩/١/٣١-دا ئەنجامبدرایە، بەڵام بە بیانووی نەبوونی یاساوە ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامنەدراو بە بڕیارێکی پەرلەمان تەمەنیان درێژکرایەوە تاکۆتایی (٢٠٠٩)و دواتریش تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێت.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: سەرقاڵی ئامادەکردنی خشتەی کاری پێویستن بۆ ئەوەی بزانن کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم چی دەوێتو چەندی کات پێویستەو دواتریش لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەربارەی وردەکارییەکانی پرۆسەکەو یاساکە گفتوگۆ دەکەنو چاوەڕێی بڕیاری حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ ئەو مەبەستە.

وتیشی: «ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بەندە بە دانانی خشتەی کارەکانی کۆمسیۆن، کە ئایا کۆمسیۆن دەتوانێت لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەنجامی بدات یاخود نا، هەرچەندە تائێستا بەشێوەی رەسمیی دەربارەی ئەو هەڵبژاردنە پەیوەندیمان پێوەنەکراوە».

بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، رۆژی هەڵبژاردن بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، بەر لە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بە (٦٠) رۆژ دیاریدەکرێت، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە دەرنەکراوەو جۆرێک لە خەمساردیی لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە بەدیدەکرێت بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی هەر لەسەرەتاوە بڕوای بە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەبووەو لەبەر بوونی ئەمریکاو وەک سەلماندنی ئەوەی کە هەرێمیش بڕوای بە دیموکراسی هەیە، لەساڵی ٢٠٠٥-دا ئەو هەڵبژاردنەیان ئەنجامداوەو بە وتەی ئەو «ئێستا پەشیمانن لە ئەنجامدانی».

ئەو باوەڕی وایە کە یەکێتیو پارتی نایانەوێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت، «چونکە بڕوایان بە ئازادییو دیموکراسیو دەنگی خەڵک نییە، بۆیە پێموایە دیاریکردنو ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە زۆر قورسە بۆ دەسەڵات».

لە یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ساڵی ٢٠٠٩ هاتووە؛ «لە بارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تا ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن، بەردەوام دەبن».

بەڵام کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو کە هەندێک لایەن بە هەڵە تەفسیریان بۆ ئەو دەقە کردووە، چونکە ئەو یاسایە بۆ خولی داهاتووی ئەنجومەنە، نەک ئەنجومەنی ئێستا.

دەربارەی پێشنیازەکەی حکومەتیش کاردۆ محەمەد، رایگەیاند: ئێمە وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەتمان دایەوە، کە حکومەت ئەرکێتی هەتا ١٠/١٥ لەگەڵ کۆمسیۆن هەماهەنگی بکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، بەڵام تائێستا وەڵامی ئەو داواکارییەیان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەدەست نەگەیشتووەتەوە، لەکاتێکدا پێشتر بڕیاربوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت.

بەڕای بەشێک لە چاودێرانی یاساییو سیاسیی لە کوردستانو لای دەسەڵات مۆرکو بڕیارێکی سیاسی باو هەیە، ئەگەر بزانن یاسایەک لە بەرژەوەندییانە بەپەلە جێبەجێدەکرێت، بەڵام بزانن لە قازانجیان نییە بە بیانووی جۆراوجۆر دوای دەخەن.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، وتیشی: «دواخستنی هەڵبژاردنەکە پەیوەندیی بە بڕیاری سیاسیی دەسەڵاتەوە هەیە، ئەگەرنا حیکمەت چییە لە کوردستانی ئارامو سەقامگیردا هەڵبژاردن ناکرێت، لەکاتێکدا لە عێراق ساڵێک زیاترە ئەو هەڵبژاردنە کراوە، بۆیە پێویستە حکومەت بە زوویی هەڵبژاردن ئەنجام بدات، ئەگەرنا مانایەک بۆ دیموکراسییەت نامێنێت».

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش پێیوایە: دواخستنی هەڵبژاردنەکە دەستخستنە سەر بینەقاقای دیموکراسییەو بە ئەرکی یاساناسانو رۆشنبیرانو پەرلەمانی دەزانێت کە فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن، بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە زوویی ئەنجام بدرێتو لەوە زیاتر دوانەکەوێت.

پێشتریش ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمو بەتایبەتیش سلێمانی چەند جارێک دەسەڵاتو حکومەتیان لەدواکەوتنی هەڵبژاردنەکەو پەلەکردن لە دەستنیشانکردنی وادەیەک بۆ ئەو مەبەستە ئاگادارکردووەتەوە.

کاوە عەبدوڵڵا، وتیشی: «ئێمە تائێستا چوارجار نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو هەرێم کردووە، بەڵام هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشتووە».



ناوەندەکانی دەنگدان لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندان
فۆتۆ: بەهادین یوسف

---

# نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم بەبێ یاسا کاردەکەن

راپۆرتی: چاوان عەلی

لای پەرلەمانتاران روون نییە کە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە، لەسەر چ بنەمایەک دەستنیشان دەکرێنو چ یاسایەک پەیڕەو دەکەن.

یەکێک لە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی عێراق لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە، رێکنەخستنی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەیەو لەسەر ئاستی ئەم هەرێمەش، نوێنەرەکانی دەرەوەی لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە دەستنیشان دەکرێن، نەک پەرلەمان.

د. مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت: «ناکرێت دوای (١٨)ساڵ، یاسایەک لە هەرێم نەبێت بۆ رێکخستنی کاری نوێنەرایەتییەکان، چونکە ئەرکو مافو بودجەکەشیان دیار نییە».

پەرلەمانتارانی کوردستانیش، جەخت لەسەر بوونی یاسایەکی تایبەت بە نوێنەرایەتییەکان دەکەنەوەو ئاسۆ کەریم، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو رۆشنبیریی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، جەختی لەسەر پێویستی بوونی یاسایەکی تایبەت بە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، کردەوە، کە ئەرکو مافو دەسەڵاتیان دیاری بکاتو دانی بەوەدا نا کە نەبوونی ئەم یاسایە تا ئێستا کەموکوڕییە.

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی رەسمیی لە وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئێرانو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئوستورالیاو ئیسپانیا هەیەو وابڕیاریشە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە (١٠)وڵاتی دیکەدا نوێنەرایەتی بکاتەوە، ئەمەش بەپێی دەستووری عێراقی ڕێگەپێدراوە.

**«گەورەترین کەمومورتییە کە لە (٤)ساڵی رابردوودا وەزیری دەرەوەی عێراق کورد بوو، بەڵام نەتوانرا ئەو نوێنەرایەتییانە بە رەسمیی بناسێنرێن»**

لە ئێستادا نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات، سەر بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمن، ئەم فەرمانگەیەش وەک کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم باسی دەکات: بە فەرمانێک ناوی نوێنەرایەتییەکانو ئەرکو مافەکانیانی بە رێنمایی دەستنیشان کردووە.

بەڵام زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کوردستان ئەوەی رەتکردەوە، رێگەپێدراو و یاسایی بێت کە کاروباری ئەم نوێنەرایەتییانە بە رێنمایی رێکبخرێتو وتی: «هەڵەیە بوترێت، بە رێنمایی کارەکانیان رێکدەخرێت، چونکە ئەمانە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دەکەن لە دەرەوە، نەک تەنیا نوێنەرایەتی حیزبێکی دیاریکراو».

یاساناسان ئاماژە بەوە دەکەن: دەبێت نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە، بە یاسایەک رێکبخرێنو پەرلەمان نوێنەرەکان پەسەند بکات، یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان بکرێنو بە مەرسومێکی سەرۆکایەتیی هەرێم پەسەندبکرێن، لە هەردوو بارەکەشدا پێویستە پەرلەمان ئاگاداربێت.

پەرلەمانتارانی کوردستانیش بێئاگان لە کاروباری ئەو نوێنەرایەتییانەو ناشزانن بودجەکانیان چەندەو چۆن سەرف دەکرێت، لەمبارەیەوە سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو: بودجەی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە ئاشکرا نییەو لە نێو بودجەی ئەنجومەنی وەزیراندایەو لەبەر ئەوەش کە حیساباتی خیتامی بودجە نایەتە پەرلەمان، نازانرێت ئەو بودجەیە چۆن سەرفدەکرێتو بودجەی نوێنەرایەتییەکان چەندەو لەچیدا خەرج دەکرێت.

کێشە گەورەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە نەک نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، بەڵکو فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمیش مایەی پرسیارە بۆ پەرلەمانتاران.

زانا رەئوف، بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوە کرد: تا ئێستا ئەرکو مافو دەسەڵاتو شێوازی کارکردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاشکرا نییەو یاسایەکی نییە تا رێنمایی بۆ نوێنەرایەتییەکان دەربکات.

زانا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو دەسەڵاتانەی دراون بەم فەرمانگەیە، لە کاری فەرمانگە زۆر گەورەترە، هەندێک لەکارەکانی دەچێتە چوارچێوەی کاری سیادییەوەو ئەمانەش وادەکەن کە گومان لە دەسەڵاتەکانی ئەم فەرمانگەیە بکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو گرفتە ناوخۆییانەشدا، تا ئێستا نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، بەڕەسمیی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە دانیان پێدا نەنراوە، ئەگەرچی وەزیری دەرەوەی عێراقیش کوردە.

د. مەحمود عوسمان پێیوابوو: «گەورەترین کەمومورتییە کە لە (٤) ساڵی رابردوودا وەزیری دەرەوەی عێراق کورد بوو، بەڵام نەتوانرا ئەو نوێنەرایەتییانە بە رەسمیی بناسێنرێن».

بەهۆی ئەکتیڤ نەبوونی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو نەبوونی یاسایەک بۆیان، تا ئێستا ئەو نوێنەرایەتییانە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا بەپێی رێککەوتنە ستراتیژییەکە دابەشکراون، کە هەندێکیان پێشتر نوێنەری حیزب بوونو بوونەتە نوێنەری حکومەت لەو وڵاتانە.

# یەکێتیو پارتی لەپشت (ئیئتیلاف)ەکەوە مفاوەزات دەکەن

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**

یەکێتیو پارتی پرس بە لیستەکانی ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ناکەن بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو خۆیان دانوستانیان دەستپێکردووە.

زیاتر لە (٢) مانگە جموجوڵو دانوستانی نێوان لیستە براوەکان لە بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەستی پێکردووە، لەو ناوەندەشدا ئەوەی «ونە»و جێگەو پێگەی لە بەغدا دیار نییە، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧دا چوار لیستە کوردییەکە لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبوونەوەو دوای مانگێک گفتوگۆو دانیشتن سەر ئەنجام لە (٢٠١٠/٥/٩)دا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕاگەیەندرا، ئەمەش بۆ ئەوەی پارتیو یەکێتی بەتەنیا بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بڕیار نەدەن.

بارگرژییە ناوخۆییەکان کاریگەریی بەرفراوانیان لەسەر پەکخستنی کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافەکە هەبووە، بەتایبەت دوای تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، لە هەولێرو تۆمەتبارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن پارتییەوە، کە لەپشت خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانەوەیە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی هەڵبژێردراوی هاوپەیمانیی کوردستانیو ئامادەبوو لەدانیشتی نێوان لیستە براوەکانی بەغدا ئاماژەی بەوەکرد، غیابی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا زۆر بەزیانی کورد دەشکێتەوە، چونکە لایەنە سیاسییەکانی عێراق پرسیار دەکەن بۆ ئەو پێکهاتانە لە بەغدا ئامادەنینو شوێنو جێگەیان نییە بۆ کۆبوونەوەو گفتوگۆکردن.

لەبارەی ئەو گفتوگۆیانەی ئێستا لایەنی کوردی لەبەغدا دەیکات، مەحمود عوسمان، ئاشکرای دەکات: «ڕۆژانە سەرۆکی کۆمارو د.ڕۆژ نوری شاوەیس نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لیستە براوەکان کۆدەبنەوەو گفتوگۆدەکەن سەبارەت بەحکومەتی ئایندە، بەڵام ئەم پەیوەندییانە لەچوارچێوەی پەیوەندیی هاوپەیمانی کوردستانییە، نەک ئیئتیلافی کوردستانیی».

د.لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی گۆڕان، ئاماژەی بەوەکرد: لەناو هاوپەیمانی کوردستانی خەڵکیان هەیە بێ بەغدا ئیدارە ناکاتو پەیوەندیشیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەیە، بەڵام بەگشتیی پارتیو یەکێتی دەڵێن: بەڕەسمیی وەفدیان بۆ دانوستان لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکان نەناردووە.

لەبارەی هەبوونی مفاوەزاتی نهێنی هاوپەیمانییو لایەنەکانی دیکەی عێراق، ئەندامەکەی گۆڕان وتی: «ئەگەر ئەوان بێ ئاگاداری سێ لایەنەکەی تر ئیئتلافی کوردستانی لەبەغدا ژێر بە ژێر مفاوەزات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەن، مانای ڕاستگۆنەبوونو لێدانی ئەو ئیئتیلافەیە».

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان مانەوەی شاندی دانوستکاری کورد لەهەرێمو نەچوونی بۆ بەغدا بە زیان دەزانێتو هاوکاتیش پێیانوایە: هەر پەیوەندییەک لەلایەن هەر هێزێکەوە بەلایەنێکی تری عێراقەوە بکرێت نارەسمییەو دەچێتە خانەی پەیوەندیی کەسیو حیزبیی.

نەجیب عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەی وت: «تەنیا وتووێژی شاندی هاوپەیمانێتییەکە ڕەسمییەو هەر پەیوەندییو هاوپەیمانییەکی دیکە هەبێت پەیوەندییەکی کەسیو حیزبییو نافەرمییە».

سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو هۆشیاری دا لە دواکەوتنی چوونی شاندی کورد بۆ بەغداو ئاماژەی بەوەکرد: گۆڕەپانی سیاسیی عێراق ئاڵۆزو هەستیارە، مانەوەی ئێمە لێرە بەزیانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردستان تەواو دەبێت.

لە گۆشەی خەمساردیی پارتیو یەکێتی بەرامبەر ئیئتیلافەکەو نەگەیشتنی نوێنەرایەتیان بۆ بەغدا، محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی وتی: «یەکێتیو پارتی ئەگەر هەندێ دەستکەوت بێ ئیئتیلافەکە لە بەغدا بەدەستبهێنن، زۆر پەرۆش نین بۆ پێگەی ئیئتلافەکە».

نوێنەرەکەی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئیئتیلافە کوردییەکە ئەوەی نەشاردەوە، کە ئەوان ئاگادارن بەحوکمی هەبوونی نوێنەری پارتیو یەکێتی لە بەغدا کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەکەن، ڕەنگە ئەوەش مافی خۆیان بێت، بەڵام لەوەی ئێمە نوێنەرمان نییە لە بەغدا پێدەچێت هەر جموجوڵێکی ئێمە ببێتە جێی ڕەخنەی برادەرانی پارتیو یەکێتی.

ڕفاندنو تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانو ڕووداوە ناوخۆییەکەی هەرێم، کۆی کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافەکەشی ڕاگرت، کە پێویستبوو بۆ تەواوکردنی بەرنامەی کۆتایی شاندەکە سازبکرایە، تایبەتتریش دوایئەوەی گرژییەکانی نێوان پارتی وەک هێزی زۆرینەی ئیئتیلافەکەو بزووتنەوەی گۆڕانی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، گەیشتە لوتکە، زۆرجار قسە لەسەر نەمانی ئەو ئیئتیلافە دەکرێت کە هیوای زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی لەسەر هەڵچنراوە.

د.لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی هەڵبژێردراوی گۆڕان ئەو پاساوە بە ناڕاست دەزانێت، کە نەچوونی وەفدی کوردی بۆ بەغدا بەهۆی ڕانەگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانەوە بێت، چونکە وەک خۆی دەڵێت: «کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافەکە وەستاوەو بەرنامەی کارەکەش تەواو نەبووە، ئەمە پەیوەندیی بە هەڵوێستی پارتییەوە هەیە دوای شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان.

د.لەتیف، وتیشی: «شەهیدکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسەو دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانو دواتر تۆمەتبارکردنی گۆڕان بەهاندانی شەقام، گەرمو گوڕیی پارتی لەناو ئیئتیلافەکەدا نەهێشتو هەڵوێستی ئەو پارتەی گۆڕی».

چاودێرانی سیاسیی بەپێویستیان دەزانی دوای ڕاگەیاندنی ئیئتیلافەکە، وەفدی دانوستکار بگەیشتایە بەغداو بارەگایان هەبوایەو لەگەڵ لایەنەکان گفتگۆیان دەستپێبکردایە.

د. مەحمود بەرپرسیارێتیی دواکەوتنی کارەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەخاتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانو دەڵێت: بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ئیئتلافەکە لێپرسراوێتی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پەرلەمانیشە بەو حوکمەی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی کردووە.



ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم

فۆتۆ: KRG

# کەس نایەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**

دوای حەوت ساڵ لە ڕووخانی دیکتاتۆر لە عێراقدا، هێشتا هەلومەرجەکە وادەخوازێت حکومەتێکی فرەلایەنی تەوافوقی بە بەشداریی لیستە براوەکانی هەڵبژاردن پێکبهێنرێتو عیچ هێزێکیش نایەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت.

## هەموو بەشدارن

هەرچەندە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن، دەستبەردار نەبوون لە پۆستو پلەوپایەی دەوڵەت دەگەیەنێت، بەڵام بەشێکی لایەنە سیاسییەکان ئەوە بۆ هەلومەرجی ئێستای عێراق دەگەڕێننەوەو بەشدارکردنی هەموو لایەنەکانیش بە بەرژەوەندیی عێراقو کوردستان دەزانن.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ڕوونیکردەوە، کە «بەدەست ئێمە نییە بڕیار بدەین، ئایا ئۆپۆزسیۆن هەبێت، یا حکومەتی شەراکەتی تەوافوق بێت»، پێشیوایە: ئەنجوومەنی نوێنەرانو حکومەتی داهاتووی عیراقیش وەک ئەوەی ڕابردوو بە تەوافوق دەبێت، بەهۆی هەلومەرجی عێراقو باری ئاسایشو دەستێوەردانی دەرەکییو یاسای هەڵبژاردنو «بمانەوێتو نەمانەوێت، حکومەتی ئایندەی عێراق دەبێت تەوافوقی بێتو لە هەموو پێکهاتەکان پێکدێت، مەرج نییە هەموو لیستە براوەکان، بەڵام دەبێت شیعەو سوننەو کوردیشی تێدابێت، بڕواشم وایە حکومەتی تەوافوقی تائێستا لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە».

هەروەک زانا ڕۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی، بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو: ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان لەسەر بەرنامەی کار ڕێکەوتوونو لەوەدا پێیانباشە حکومەتی داهاتووی عێراقی حکومەتێکی شەراکاتی نیشتمانیی بێتو هەموو پێکهاتەکان تیایدا بەشداربن بێ ئۆپۆزسیۆن، وتیشی: «تائێستا ڕۆشنبیریی ئۆپۆزسیۆنبوون لە عێراق تەنیا بە توندوتیژیی گوزارشتی لێدەکرێتو نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی گفتوگۆیەکی شارستانی بەخۆیەوە ببینێت، بۆ بەرژەوەندیی کوردیش باشە هەموولایەنەکان لە حکومەت بەشداربن».

لەلایەکی دیکەوە د.مەحمود عوسمان، کاندیدی هەڵبژێردراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی کوردستانیی، هەرچەندە پێیوایە: بۆ عێراقو کوردو وڵاتەکەو بۆ بارودۆخی دیموکراسی باشترە ئۆپۆزسیۆن هەبێت «زۆرێک لە لایەنەکان متمانەیان بەیەکتر نییە، ئەگەر نا سیاسەتی پەرلەمانی ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن هەبێتو حکومەت هەبێت».

## کورد چی پێویستە؟

جگە لە پۆستێک لە سێ پۆستە سیادییە سەرەکییەکەی عێراق، کە وەک ئیستیحقاقی نەتەوەیی کورد دەتوانێت یەکێکیان وەربگرێتو ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکانیش بڕیاریداوە دووبارە سەرۆک کۆمار بدرێتەوە کورد، کوردەکان دەیانەوێت لە (٥) وەزارەتە سیادییەکەی عێراق وەزارەتی گرنگ بەدەستبهێنرێت.

شۆڕش حاجی، پێیوایە: بۆ (٤) ساڵی داهاتوو لە هەموویان کاریگەرتر سەرۆک وەزیرانە، کە زۆرترین دەسەڵاتی هەیە، دوای ئەو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کاریگەرییو دەسەڵاتو سوودی زیاتر دەبێت بۆ کورد، بەڵام ئێمە لە ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان پێشنیازمان کردووە، پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتە کورد لەبەرئەوەی هەندێک لە شۆڤێنیە عەرەبەکان بڵاویان کردەوە، کە عێراق وڵاتێکی عەرەبییەو بۆئەوەی لە دنیای عەرەبی دانەبڕێت دەبێت سەرۆکەکەی عەرەب بێت، وتی: «پێمانباشە ئەو پۆستە بۆ کورد بێت، ئەگەر دەسەڵاتەکانی کەمی کردووەو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەماوەو مافی ڤیتۆشی بوێت، لە حکومەتیش دەمانەوێت ئەو وەزارەتە سیادییانەمان بەربکەوێت، بۆئەوەی پشکمان هەبێت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی عێراق، یا وەزارەتی داراییو نەوت بدرێتە کاندیدی کورد، بۆئەوەی کورد بەشداربێت لە بودجەی عێراقو مەسەلەی نەوتو دابەشکردنی سامانە سروشتییەکانی عێراق».

ڕۆستایی، جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمار جەخت لەوە دەکاتەوە: کە لە (٥) وەزارەتە سیادییەکانیش بەلانی کەمەوە یەکێکیان بۆ کوردبێت، وتیشی: «پێمانوایە (٢٥٪)ی وەزارەتو موئەسەساتەکانی دیکەی دەوڵەتی عێراقو ئەو دەزگایانەی لە حکومەتو کۆمسیۆنو سەفارەتو سوپاو ئەو شتانە مافێکی نەتەوەییە بۆ کورد».

## ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا سیناریۆ دادەنێت

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، لەسەرزاری جاسم محەمەد وەزیری وەرزشو لاوانی حکومەتی عیراق کە کەسایەتیەکی نزیکە لە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانەوە پێکهاتەی پێشنیارکراوی حکومەتی نوێی عیراقی ڕاگەیاند کە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەنیازە بیخاتە بەردەم لایەنەکانو پۆستەکان بەپێی خاڵ دابەشکراونو بەشێوەیەک کە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (٦) خاڵ

هەریەک لە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان (٥) خاڵ، وەزارەتی سیادی (٣) خاڵ، وەزارەتی خزمەتگەوزاری باڵا (٢،٥) خاڵ، وەزارەتی دەوڵەت (١) خاڵ)، ئەوەش بڕیارە بخرێتە بەردەم لایەنەکان بۆ دانوستانو گفتوگۆ لەسەری.

بەپێی ئەو سیناریۆیەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بۆ حکومەتی نوێ گەڵاڵەی کردووە پۆستی سەرۆک وەزیرانو جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانو دوو وەزارەتی سیادیو دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری باڵاو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ماماناوەندییو دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری ئاسایی بۆ دەوڵەتی یاسا دەبێت.

هەروەک جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانو جێگری یەکەمی سەرک کۆمارو وەزارەتێکی سیادیو دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری باڵاو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ماماناوەندییو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ئاساییو دوو وەزارەتی دەوڵەت بۆ ئیئتیلافی نیشتمانی دەبێت.

پشکی لیستی عێراقیەش بە سەرۆکایەتی عەلاوی لە نەخشەکەیدا پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگری دووەمی سەرۆک کۆمارو وەزارەتێکی سیادیو دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری باڵاو دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری ماماناوەندییو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ئاساییو وەزارەتێکی دەوڵەتیش دەبێت.

بەشی کوردیش جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمار پۆستەکانی جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو وەزارەتێکی سیادی بەلیستی هاوپەیمانی کوردستانو وەزارەتێکی ئاساییو وەزارەتێکی دەوڵەت بۆ لیستی گۆڕانو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ماماناوەندیی بۆ بەرەی تەوافوقو وەزارەتێکی دەوڵەت بۆ بۆ لیستی یەکێتی عێراقو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ئاسایی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی، وەزارەتێکی دەوڵەتیش بۆ کۆمەڵی ئیسلامی، هەروەها دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری ئاسایی بۆ تورکمانو وەزارەتێکی ئاسایی-ش بۆ مەسیحی دانراوە.

## کورد هەماهەنگی کێ بێت؟

دانانی نەخشەی ڕێگەو بەرنامەی کار لەلایەن ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکانەوە، بە یەکەم کاری لەوجۆرە دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێی ڕەخنەیە تائێستا نوێنەرانی کوتلەکە سەردانی بەغدایان نەکردووەو دوای ڕاگەیاندنیشی کۆبوونەوەیان نەکردووە.

هەروەک ڕۆستایی، دەڵێت: «کێشەمان لەگەڵ هیچ لیستێکدا نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ بەرنامەیە، کە ئایا تا چەند ئەو بەرنامەیە لە بەرژەوەندیی کوردو خەڵکی کوردستانە، تائێستاش هیچ لایەنێکمان دیارینەکردووە بۆئەوەی ڕێکەوتن لەگەڵیان بکەین».

لای خۆشییەوە شۆڕش حاجی، وتی: «هیچ لایەکمان ڕەفز نەکردووە، هەر لایەنێک بەرنامەکەی لەگەڵ ئێمە نزیکتر بێت، ئێمە لەگەڵ ئەو زیاتر کاردەکەین، بۆئەوەی حکومەتی لەگەڵ تەشکیل بکەین، ئیتر ئەوە شیعە، یا سوننە، یا هەر لیستێک بێت».



شەقامی کوردی لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکاندا

فۆتۆ: ڕۆژنامە

# هەلومەرجی رۆژنامەوانیی لە کوردستانی عێراق، دژوارە

**کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان**
**٢٤ی ئایاری ٢٠١٠**
**سەرۆکە مەسعود بارزانی**
**دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**
**هەولێر، کوردستانی عێراق**

**جەنابی سەرۆک:**

کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان، زۆر نیگەرانە لە خراپبوونی هەلومەرجی ئازادیی رۆژنامەوانی لە کوردستانی عێراق کە توندوتیژیی بە مەبەستی کوشتن‌و تەنگپێهەڵچنینی رەسمیی لەخۆدەگرێت.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ‌و بەدواداچوونی کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان، سەردەشت عوسمانی تەمەن (٢٣)ساڵ، پەیامنێری بڵاوکراوەی نیومانگی ئۆپۆزسیۆنی ئاشتینامە کە بەشێوەیەکی بەردەوام هاوکاریی سبەی، ئاوێنە، هاوڵاتی‌و لڤین پرێسی دەکرد، بەکوژراویی لەشاری موسڵ، لە (٦)ی ئایاردا دۆزراوەتەوە.

بەپێی سەنتەری میترۆ کە گروپێکی ئازادی رۆژنامەوانی ناوخۆییە، رۆژی پێشتر چەند چەکدارێکی نەناسراو لەناو حەرەمی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە (سەردەشت) نزیکبوونەتەوەو لێیانداوەو بەزۆر خستویانەتە ناو ئۆتۆمبێلێکی سپی کە خوێندکاری دواساڵی زمانی ئینگلیزی بوو. بەشداری برای سەردەشت، بە کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسانی وت: «رۆژنامەنووسی ناوبراو، ژمارەیەک هەرەشەی پێگەیشتووە بەهۆی وتارێکەوە کە مانگی نیسان لە ئاشتینامە بڵاویکردووەتەوەو رەخنە بووە لە لێپرسراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان».

ئێمە ستایشی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە رفاندن‌و کوشتنی سەردەشت لەلایەن تۆوە دەکەین. ئێمە پێداگری دەکەین لەسەرئەوەی کە دڵنیابیت لەوەی کە لێکۆڵینەوەکە بێلایەن‌و گشتگیر بێت، ئەنجامەکەشی بۆ رای گشتیی بڵاوبکرێتەوەو ئەو کەسانەشی دەستیان لەو تاوانەدا هەیە، بەگوێرەی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

ئەو حاڵەتانەی تر کە ئێمەی نیگەرانکردووە، ئەمانەن:

* رۆژی (١٠)ی شوبات، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆک وەزیرانی کوردستان داوایەکی تاوانی ناوزڕاندنی تۆمارکردووە لە دژی شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی سەربەخۆی ئاوێنەو پەیامنێر رێبوار کەریم وەلی بەهۆی وتارێکی رەخنەگرتن لە سەرۆک وەزیران لەمانگی کانوونی یەکەمدا. لەنووسینەکەدا هانی سەرۆک وەزیران دراوە، کاتی زیاتری خۆی تەرخان بکات بۆ هێنانەدی داوای هاوڵاتییەکانی.

* پەیامنێر بڕیار نامیق، بە کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسانی وت: رۆژی (١٤)ی شوبات، لە سلێمانی پۆلیس مامەڵەی خراپی لەگەڵ ئەو و کامێرامانی سەتەلایتی تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN)دا کردووە، لەکاتێکدا سەرقاڵی رووماڵکردنی خۆپیشاندانێک بوون لەلایەن ئەو دەستگیرکراوانەی داوای باشکردنی هەلومەرجی دەستگیرکردنەکەیان دەکەن.

بڕیار وتی: پۆلیس هەڕەشەی ئەوەی لێکردووین، پەلامارمان بدەن، ئەگەر واز لە وێنەگرتنی خۆپیشاندانەکە نەهێنین.

وتیشی: پۆلیس دەستی بەسەر کامێراکەماندا گرتووەو خۆشمانیان بۆ ماوەی سەعاتێک دەستبەسەرکردووە.

* رۆژی (١٧)ی نیسان، پۆلیس پەلاماری چەند رۆژنامەنوسێکی داوە کە سەرقاڵی رووماڵکردنی پێکدادانێک بوون لە شاری سلێمانی لەنێوان هێزە ئەمنییەکان‌و ئەو خوێندکارانەی خۆپیشاندانیان دەکرد لە دژی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە بۆ گۆڕینی سیستمی نمرە. (سۆران ئەحمەد)، پەیامنێری رۆژنامەی سەربەخۆی هاوڵاتی کە هەفتەی دووجار دەردەچێت، بە کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسانی وت: هێزە ئەمنییەکان لێیانداوەو دەستیان بەسەر کامێراکەی‌و مۆبایلەکەیدا گرتووەو قۆڵبەستیان کردووەو بۆ ماوەی سەعات‌و نیوێک دەستبەسەریان کردووە. سۆران وتی: خۆی بینیویەتی کە پۆلیس سوکایەتی بە رۆژنامەنوسەکانی تر کردووەو لێیانداون‌و دەستیانگرتووە بەسەر کامێراکانیانداو ناچاریان کردوون شوێنی خۆپیشاندانەکە بەجێبهێڵن.

* سێ رۆژ دواتر لە (٢٠)ی نیساندا، هێزە ئەمنییەکان رێگەیان بە رۆژنامەنووسان نەدا رووماڵی خۆپیشاندانێک بکەن لەبەردەم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردە لە سلێمانی. هاوژین غەریب، پەیامنێری رۆژنامەی سەربەخۆی چەتر، بە کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسانی وت: لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەست بەسەر کەلوپەلی رۆژنامەوانی ئەو و سێ وێنەگری تردا گیراوەو شکێنراون.

ئێمە داوا لەتۆ دەکەین کە زەمانەتی ئەوە بکەیت پەلاماری رۆژنامەنووسان نەدرێت، هەڕەشەیان لێ نەکرێت، یان تەنگیان پێهەڵنەچنرێت لەکاتی راپەڕاندنی کارەکانیاندا. بەتایبەتی هانی تۆ دەدەین کە فەرمانێکی روون‌و ئاشکرا بۆ سەرجەم هێزە ئەمنییەکان دەربکەیت، رێنماییان بکەیت بەوەی کە دووربکەونەوە لە پەلاماردان، یان رێگریی دروستکردن بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی رووماڵی هەواڵی رووداوەکان دەکەن. ئێمە داوا لە لێپرسراوانی حکومەتەکەت دەکەین کە دەستبەرداری تۆمارکردنی داوای یاسایی تاوانبارکردن بن بە مەبەستی بێدەنگکردن لە رووماڵکردنی هەواڵەکان. هەروەها ئێمە پێداگریی دەکەین لەوەی کە دڵنیابیت لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لە کوشتنی (سەردەشت عوسمان)، بە جۆرێک کە بکوژەکانی دادگایی بکرێن.

رووداوەکانی ئەم دواییانە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیان بە وێنەی کوردستانی عێراق دەگەیەنن‌و نێوبانگەکەی بەوەی لێبوردەیە بەرامبەر ئازادیی رادەربڕین‌و بڵاوکردنەوەی هەواڵی رەخنەیی، لەکەدار دەکەن. سوپاس بۆ بایەخدانت بەم مەسەلە هەنووکەییانە. ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی تۆین.

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزدا...

**جۆیل سیمۆن**
**بەڕێوەبەری جێبەجێکار**
**سەرچاوە: سایتی کۆمیتەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان**
**لە ئینگلیزییەوە: سبەی**

## «تا دەزگا ئەمنییەکان لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا بن، لیژنەکان ئەنجامیان نابێت»

# دوای چوار هەفتە، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری (سەردەشت) چی کردووە؟

راپۆرتی: چاوان عەلی

بێئەنجام بوونی کاری زۆرێک لەو لیژنانەی بۆ لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێن، وای کردووە کە خەڵکی متمانەیان بە پێکهێنانی لیژنە نەمێنێت‌و شارەزایانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی‌و یاساش پێیانوایە: تا دەزگا ئەمنییەکان لەژێر دەسەڵاتی حیزب(یەکێتی‌و پارتی)دا بن، لیژنەکان ئەنجامیان نابێت.

### لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سەردەشت عوسمان

خوێندکارو رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان لە رۆژی (٢٠١٠/٥/٤)دا لەلایەن چەند کەسێکەوە لەبەردەم حەرەمی زانکۆی سەلاحەدین‌و لە هەولێری پایتەخت رفێنراو (٥/٦)دا لە موسڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لەلایەن رۆژنامەنووسان‌و هاوڵاتییان‌و رۆشنبیران‌و پەرلەمانتارانەوە هەڵوێست وەرگیراو داواکرا کە بکوژانی سەردەشت بدۆزرێنەوە، سەرۆکی هەرێم فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی دا بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکەی سەردەشتی شەهیدی قەڵەم‌و وشە.

شۆڕش ئەمین، چالاکوان لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەندامی لیژنەی (هەفتەی بێدەنگ نابین)، ئەوەی تەئکیدکردەوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سەردەشت تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووەو رەخنەی ئەوەی هەبوو، کە ئەوان رێگە نادەن کەس لەو لیژنانەدا بەشداربێت لەگەڵیان‌و ئێمە داوامان کردبوو کە یۆنامی بەشداربێت لە لیژنەکەدا، بەڵام رێگەی پێنەدرا.

ئەو چالاکوانەی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو بڕوایەدایە کە لیژنە لە دەرەوەی هەیمەنەی حیزب دروست نابێت، تا ئەنجامیان هەبێت‌و جەختیشی کردەوە کە تا دەزگا ئەمنییەکان لەژێر دەسەڵاتی حیزب(یەکێتی‌و پارتی)دا بن، ناتوانرێت لیژنەی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان پێکبهێنرێت‌و ئەنجامی هەبێت.

بە بڕوای شارەزایانی بواری یاساش، کوشتنی شەهیدانی قەڵەم، سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان، تاوانەو پێویست بە لیژنە ناکات، د. لەتیف دەڵێت: «کوشتن تاوانە، پێویستی بە لیژنە نییەو پێویستە گوشاربخرێتە سەر هێزە ئەمنییەکان تا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بدۆزرێنەوە، هەروەک چۆن گوشار خرایە سەر هێزە ئەمنییەکان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی پالاس لە سلێمانی‌و یەکی شوبات لە هەولێر کە بینرا چۆن گوشارکراو ئەنجامدەران دۆزرانەوەو بە سزای یاسا گەیەنران، دەبوو بۆ کوشتنی ئەم گەنجانەش کە بە بڕوای من، لە وەی پالاس‌و یەکی شوبات زۆر گرنگترە، فشار بخرایەتە سەر هێزە ئەمنییەکان، چونکە ئەم رووداوە مەترسییە بۆ سەر ژیانی هەر تاکێک».

د. لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی، پێیوایە پێکهێنانی لیژنە لە هەرێمی کوردستان نەبووەتە هۆیەک بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە ئێستا لە نێو خەڵکی ئێمەدا بووەتە باو، کاتێک لیژنە بۆ مەسەلەیەک پێکدەهێنرێت، خەڵک دەگاتە یەقین لەوەی کە ئەو مەسەلەیە داخراوەو ئەنجامی نابێت».

### لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان لە سەرەتای(٢٠٠٨)دا بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم دامەزراوەو لە (٩)ئەندام پێکهاتووە، زیاتر لە ساڵێکە لیژنەکە، لێکۆڵینەوەیان لە دۆسیەی (١٠٠)فایلدار کۆتایی پێهێناوەو دۆسیەکانیان رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کردوون‌و چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، بەڵام تا ئێستا نەکراوە.

حاکم رزگار محەمەد ئەمین، سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «لیژنەکە وەک کیانی قانوونی ماوە، بەڵام چالاکیی نەماوە».

بە لێکدانەوەی چاودێرانی سیاسیی، ئەم وتەیەی سەرۆکی لیژنەکە بێئەنجامیی لیژنەکەیان دەسەلمێنێت‌و وەک ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری رۆژنامەی رووداویش ئاماژەی پێکرد: «مەسەلەی فایلەکان زیاتر لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی‌و ململانێی ناوخۆی یەکێتی بوون، ئەو حەساسیەتەی لە نێوان یەکێتی‌و پارتیشدا هەیە، لە ئێستادا وایکردووە کە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە ئاشکرا نەبن، بەڵام بۆ داهاتوو گرنگە کە ئەنجامی لیژنەکان ئاشکرا بکرێن».

### لێکۆڵینەوە لە توندوتیژییەکانی سەر رۆژنامەنووسان

وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوون لەو (٤٠)پێشێلکارییەی کراونەتە سەر رۆژنامەنووسان لە (٢٢)رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەلایەن پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزەکانی چالاکیيە مەدەنییەکانەوە، پێکهێناوە.

بەڵام، بە وتەی ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، تا ئێستا وا بۆ زیاتر لە (٣)مانگ دەچێت، وەڵامی ئەو یاداشتە نەدراوەتەوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوەو بە نووسراوێک لە وەزارەتی ناوخۆوە ئاگادار کراونەتەوە کە لیژنەیەک لە (٣)کەسی وەزارەتی ناوخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەو یاداشتە پێکدەهێنرێت.

بەڵام، ئەنوەر حسێن جەختی لەوە کردەوە کە تا ئێستا ئەو رێوشوێنانەی گوایە لیژنەکە گرتونیەتەبەر ئاشکرا نین‌و سەندیکا لێیان ئاگادارنەکراوەتەوە کە پێویست بوو ئەندامێکی سەندیکا لەو لیژنەیەدا ئامادەبووایە.

### لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سۆرانی مامەحەمە

(٢٠٠٨/٧/٢١) رۆژنامەنووس، سۆرانی مامەحەمە لە کەرکوک لەسەر ئازادیی رادەربڕین شەهید کرا و بووە شەهیدی قەڵەم، دوابەدوای کوشتنەکەی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکەی پێکهێنرا، بەڵام بێئەنجام بوو.

هێمن باقر، جێگری سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد، لە کاتی کوشتنەکەیەوە تا ئێستا، ئەو لیژنەیەی بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنرابوون، هیچ ئەنجامێکیان نەخستووەتەڕوو، لە دۆسیەکەی شەهید سۆرانیشدا، لە پۆلیس تۆمارکراوە، کە لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوە گوللەباران کراوە.

بە وتەی هێمن باقر: ئەم ئەنجامە دوورە لە راستییەوەو دەبوو دوای (٢)ساڵ لیژنەی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامێکی بخستایەتەڕوو بۆ رای گشتیی.



# ئەندامێکی ئەلعێراقییە، مەرجەکانی بەرەی تورکمانی لە دژی کورد ئاشکرا دەکات



بارەگای سەرەکی بەرەی تورکمانی


ئەرشەد سالحی

**ڕاپۆرتی: ئارام جەمال / کەرکوک**

پەرلەمانتارێکی نوێی تورکمان لە لیستی عێراقیە رایدەگەیەنێت لەکاتی پێکهێنانی لیستی عێراقییەدا، مەرجی بەشداریکردنیان لە چوارچێوەی ئەو لیستەدا هەڵوەشاندنەوەی مادەی (١٤٠) بووە.

ئەرشەد سالحی، ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانیو ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی عێراقییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «مادەی (١٤٠) دووساڵە ماوەکەی بەسەرچووەو پێویستە هەڵبوەشێتەوەو لەبری ئەو مادەیە پرۆژەیەکی تەوافوقی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک دیاریبکرێت».

وتیشی: «مەرجێکی دیکەمان لەگەڵ لیستی عێراقییە ئەوەبووە، بارودۆخی ئێستای کەرکوک کە شێوێنراوە، بۆ دۆخی بەر لەساڵی (٢٠٠٣) بگەڕێنرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کێشەمان لە گەڕاندنەوەی ئەو خێزانە کوردە ئاوارانە نییە کە خەڵکی رەسەنی ئەم شارە بوونو لە سەردەمی بەعسدا دەرکرابوون».

بەرەی تورکمانی کە دروشمو بەرنامەی سەرەکیان دژایەتیکردنی گەڕاندنەوەی کەرکوک بووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەساڵی (٢٠٠٥) بە لیستێکی سەربەخۆ بەشدارییان کردو تەنیا کورسییەکیان بەدەستهێنا، لەماوەی خولی یەکەمی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراقدا بە تەنیا کورسییەکەوە توانییان زۆر باری تایبەت بە کەرکوک بدەن، کە گرنگترینیان دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لە چوارچێوەی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٩)و پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانیی بۆ بەدواداچوونی راستییەکانی کەرکوکو ئاساییکردنەوە.

سالحی ئەوەشی وت: «لە هەفتەی رابردوودا سەرجەم ئەندامانی لیستی عێراقییە کۆبووینەتەوەو جارێکی دیکە داوامان کردووە کە کێشەی کەرکوک بەدەربێت لە هەرجۆرە کارتێکی هاوپەیمانیی بەستن لەگەڵ لایەنەکاندا، تەنانەت لیستە کوردستانییەکانیش، سەرجەم ئەو داواو مەرجانەی ئێمە کۆدەنگییان لەناو لیستی عێراقییەدا لەسەر بووە».

لە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەرەی تورکمانی چوونە ناو هاوپەیمانیی لیستی عێراقییەو دوو کورسییان بەدەستهێنا، ئێستاو لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا جۆرێک لێکنزیکبوونەوە لەنێوان لیستی عێراقییەو کوردا هەیەو دوور نییە ئەم لێکنزیکییە ئەنجامەکەی پێکهێنانی هاوپەیمانیی بێت، بەلەبەرچاوگرتنی داواکانی کورد کە گرنگترینیان جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ە، ئەم داوایەی کوردیش هەمیشە لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە رەتدەکرێتەوە.

لەبەرامبەردا مازن عەبدولجەبار، سەرۆکی لیستی عێراقییە لە کەرکوک، بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد لیستەکەیان خاوەنی پرۆژەیەکی نیشتمانیی گەورەیە دوور لە ئینتیمای تائیفیو مەزهەبی: «پێمانوایە کێشەی کەرکوک کێشەیەکی نیشتمانییەو زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە، کە پێویستە بە پرۆژەیەکی نیشتمانیی لەسەر بناغەی نواندنی نەرمونیانیی لایەنەکانی ناوکێشەکەو موبادەراتو تەنازولات چارەسەربکرێت».

لەبارەی داواکارییو مەرجەکانی بەرەی تورکمانییەوە، سەرۆکی لیستی عێراقییە وتی: «سەرکردایەتی لیستی عێراقییە لەکاتی دروستکردنی لیستەکەدا هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ لایەنەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکەو بەرەی تورکمانیدا نەبووە، بەتایبەت هەڵوەشاندنەوەی مادەی (١٤٠)، کە پێمانوایە مادەیەکی دەستوورییەو خەڵکی عێراق دەنگیان بۆ داوە، بەڵام دەکرێت بەپێی مادەی (١٤٢)ی دەستوور دەستکاری مادەی (١٤٠) بکرێت».

## بەرەی تورکمانی مەرجی هەڵوەشاندنەوەی مادەی (١٤٠) بۆ هاوپەیمانێتییەکەی دادەنێت

لەبارەی بەستنی هاوپەیمانیی لیستەکەیان لەگەڵ هاوپەیمانیی لیستە کوردستانییەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت، مازن وتی: «لیستەکەمان زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ لیستە کوردستانییەکاندا هەیە، بەتایبەت لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندا هەردوو لیستەکە نفوزیان لەیەکترەوە نزیکەو ئێستا بووینەتە دوو هێزی کاریگەرو خاوەن جەماوەر لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، کە لەسەر ئەم بناغەیە دەکرێت هاوپەیمانیی لەنێوانماندا هەبێتو حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیی بە بەشداریی سەرجەم لایەنو پێکهاتەکان پێکبهێنین».

هێزو لایەنە کوردستانییەکان لەم خولەی پەرلەماندا خاوەنی نزیکەی (٦٠) کورسین، کە لە ئێستادا کارەکتەرێکی گرنگی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش دەڵێت: مادەی (١٤٠)و سیستمی فیدراڵیی، داخوازیی سەرەکیی کوردنو مەرجی بەشداریکردنی کورد دەبێت لەهەر هاوپەیمانێتییەکدا.

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی هەڵبژێردراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد: «ئێستا ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەنێوان لیستە براوەکانی کوردستاندا پێکهێنراوەو سیستمی فیدراڵیو چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستووردا بۆ کورد هێڵی سوورنو مەرجی سەرەکیی دەبێت بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی نوێدا».

لەبارەی مەرجەکانی بەرەی تورکمانی بۆ لیستی عێراقییەو داخوازیی کورد بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، تاڵەبانی رایگەیاند: «هێشتا دیار نییە کە کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ لیستی عێراقییەدا دەبەستێت یان نا، بەڵام لەو حاڵەتەدا (٦٠) کورسی هاوپەیمانیی لیستە کوردستانییەکان بۆ عێراقییە لە دوو کورسی بەرەی تورکمانی گرنگتر دەبێت، جگە لەوەش بەرەی تورکمانی نوێنەرایەتی سەرجەم تورکمان ناکات، بەپێچەوانەوە زۆر هێزو لایەنی تورکمانی ئێستا پشتگیریی لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەکەن».

# حکومەت (٧٥) ملیۆن دۆلار قەرزداری کەرکوکە

**ڕاپۆرتی، هاوڕێ عەبدوڵڵا**

بڕە پارەی زیادەی نەوتو غاز بۆ پارێزگای کەرکوک خەرجنەکراوەو بەوهۆیەشەوە پرۆژە ستراتیژییو خزمەتگوزارییەکانی دواکەتوون.

هەردوو لیژنەی نەوتو غازو لیژنەی بنیادنانو پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ خەرجکردنی پارەی تەرخانکراوی زیادەی نەوتو غاز، لە بوارەکانی (پرۆژەی ستراتیژیی، پرۆژەی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی، پرۆژەی پەرەپێدان، پرۆژەی ناوچەی سەوز، چۆڵکردنی بارەگا حکومییەکان، پشتگیریی گەنجانو هەژاران) سەرفبکرێت.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان میکانزمێکیان داناوە بۆ چۆنێتی سوود وەرگرتن لەپارەی زیادەی نەوتو غاز لە پرۆژەکانی سنووری پارێزگای کەرکوکدا

بەپێی ئامارە رەسمییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، پارێزگای کەرکوک رۆژانە (٧٠٠) هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوەی عێراق دەکات، بەوپێیەش بەشە بودجەی تەنیا (٣) مانگی یەکەمی ئەمساڵی کەرکوک لە داهاتی زیادەی نەوت (٧٠) ملیۆن دۆلارە، ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا ئەو بڕە پارەیەی بۆ سەرفنەکراوە.

هەروەک تاڵەبانی ئەوە دەخاتەڕوو «بۆتەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە بەنیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی وەزارەتی نەوتو دارایی بکەین».

بەپێی وتەی عیماد باقر، بەرپرسی بەرهەمهێنانو کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای باکوور، لە ئێستادا هەناردەی نەوتی کەرکوک کە لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت، (٧٠٠) هەزار بەرمیلە لە رۆژێکداو لە چەند ساڵی داهاتووشدا ڕێژەکە بۆ (١) ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرزدەبێتەوە.

شاری کەرکوک کە لە سایەی سیاسەتەکانی رژێمەکانی پێشوودا رووبەڕووی وێرانکارییو پەراوێزخستن بووەتەوە، لەماوەی (٧) ساڵی رابردووشدا وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو خزمەت نەکراوە، بودجەی ئەمساڵیشی لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان (١١٥) ملیار دینارە، هەروەها (٧٢) ملیار دیناریشی لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ دانراوە.

بە بڕوای ئازاد سابیر، ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزاریی گشتیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دواکەوتنی ئەو پارە زیادەیە زیانی بە شارەکە گەیاندووەو بووەتە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکان.

هەروەک ئاماژە بەوەدەکات: «کەرکوک (٣٥) ساڵە وێران دەکرێت، پێویستی بە بودجەی گەورەو خزمەتێکی زۆر هەیەو کێشەی زۆری هەیە، ئەو بودجەیەی بۆ کەرکوک تەرخانکراوە زۆر کەمەو بەشی جێبەجێکردنی کەمێک لە پرۆژەکان دەکات، ئەوەی کە کراوە دیار نییە».

لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی عێراقدا،



بەپێی مادەی (٤٣)ی یاساکە (لە هەر بەرمیلێک نەوت، (١٥٠)م سێجا غاز) بڕی (١) دۆلار بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخاندەکرێت کە نەوتیان لێ بەرهەمدەهێنرێت.

# عەرەبو تورکمانەکان دژی دامەزراندنی ٥١٨ ئەفسەری کوردن

**پ. کەرکوک**

جێگیرکردنی پلەی (٥١٨) ئەفسەری کوردی کەرکوک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە، دژایەتی عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوکی لێکەوتەوەو داوای راگرتنی بڕیارەکە دەکەن.

بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٠١١٠)ی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، کە لە ٢٠١٠/٥/١٧ دەرچووە، (٥١٨) ئەفسەری کورد، کە ماوەی (٧) ساڵە لە کەرکوک کاردەکەنو لەوانەی سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆی عێراقنو پلەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێدراوە، پلەکانیان جێگیرکرا، هەروەک لە بڕیارەکەدا هاتووە؛ «بڕیاردرا بە دامەزراندنی ئەو (٥١٨) سەربازەی کە ناوەکانیان هاتووە لەسەر میلاکی وەزارەتەکەمان بە هەمان ئەو پلانەی کە حکومەتی هەرێم پێیداون».

دوای دەرچوونی بڕیارەکە، هەردوو کوتلەی عەرەبیو تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوەو دژایەتی خۆیان لەو بڕیارە راگەیاندو پێیانوایە؛ ئەو هەنگاوە پێچەوانەی یاساکانی دامەزراندنە لە کەرکوکو کارێکی سیاسییە.

هاوکات داوا لە سەرۆک وەزیرانو وەزیری ناوخۆی عێراق دەکەن چاو بەو بڕیارەدا بخشێنێتەوەو بەپەلە بڕیارەکە رابگیرێت.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو ئەفسەرانە ماوەی (٧) ساڵە ئاسایشو ئەمنییەتی کەرکوک دەپارێزنو قوربانییان داوە، بەبێ ئەوەی مافی خۆیان وەرگرتبێت، جێگیرکردنی پلەکانیان مافێکی رەوای خۆیانەو دەبوو پێشتر ئەو بڕیارە دەربچووایە، نەک دژایەتی بکرێت.

# تورکیا دەیەوێت لە ڕێی بارزانییەوە سیاسەتی عێراق ئاراستە بکات

**ڕاپۆرتی: شاڵاو فەتاح**

هۆکاری سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا هەروەک کاتەکەی تائێستاش نەزانراوە، ئـەوەی دەزانـرێـت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە فەرمیی داوەتـی تورکیا کراوە، بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی کاتی سـەردانـەکـەو ئامانجو چۆنێتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانو وەفدەکەی هاوشانی ئاشکرا نین، ئەم سەردانەش دەنگدانەوەیەکی لە ناوەندی سیاسییو میدیاییدا دروستکردووە، لەبەرئەوەی پێشتر تورکیا سیاسەتێکی «دوژمنکارانە»ی بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو بە تۆمەتی ئەوەی یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەدەن، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانو گـۆڕان لـە سیاسەتی تـورکـیـادا ئەم پەیوەندییانەش گۆڕاو هەردوولا هەنگاوی ئیجابییان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان نـاوە، لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانو تورکیاشدا زۆربەی کات پرسیاری کاتو هۆکاری سەردانەکەی بارزانی دەکرێت، بەڵام نە بەرپرسانی هەرێمو نە تورکیاش زانیاریی رازیکەر نادەن، زۆرێک لە ئاژانسە جیهانییەکان دەنووسن کە سەردانەکەی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە یاخود «بەردەوامیی شەڕە دژی پەکەکە»، بەڵام بە رای چاودێرێکی سیاسیی ئامانجی سەردانەکە زۆر لەوە فراوانترەو تورکیا دەیەوێت لە ڕێی بارزانییەوە ڕۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی سیاسەتی ناوخۆی عێراقداو بەلای خۆیدا بیشکێنێتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتی یوپی ئای دەربارەی سەردانەکەی بارزانی دەنووسێت: ئەنقەرە چاوەڕێی یارمەتییەکی زۆر دەکات لەلایەن ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ شەڕکردن لە دژی پەکەکە. ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، دوای زیادبوونی هێرشەکانی پەکەکە ئاماژەی بەوەدا: «ئەوان چاوەڕێی بەشدارییەکی چالاکانەی ئیدارەی


داود ئۆغلۆو مەسعود بارزانی

هەرێم (لە باکووری عێراق) دەکـەن لە شەڕکردن لە دژی پەکەکە». هەر دەربارەی سەردانەکەی بارزانی، داود ئۆغلو وتی: ئەنقەرە پێشوازی لە وەهـا سەردانێک دەکات. ئەوەی چاوەڕواندەکرێت ئەوەیە ئەم سەردانەی بارزانی فرە ڕەهەند بێتو تەنیا یەک ڕەهەندی سیاسیی نەبێت، بەڵکو لە یەککاتدا چەندین ڕەهـەنـدی دیکەی ئابووریىو کۆمەڵایەتیشی هەبێت. زریان ڕۆژهەڵاتی، چاودێری سیاسیی تورکیا، پێیوایە: سەردانەکەو تەوەرە سەرەکییەکەی پەیوەندیی بە پێکهێنانی حکومەتی عێراقەوە هەیەو تورکیاش وەک هێزێکی هەرێمیو دراوسێی عێراق دەیەوێت کاریگەریی لەسەر پێکهێنانی ئەو حکومەتە هەبێت. دەربارەی جۆری کاریگەرییەکە، ڕۆژهەڵاتی پێیوابوو: بەپێی داتاو لێدوانو سەردانەکان تورکیا دەیەوێت عەللاوی حکومەت تەشکیل بکات، هەروەک دەبینین زۆرینەی سەرکردەکانی سوننە سەردانی تورکیا دەکەن، بەڵام ئەمە لای شیعەکان کەمترە، ئەمە جگە لەوەی بـەرەی تورکمانی کە هێزێکی نزیکە لە تورکیاوە لە هەمان لیستی عێراقییەدایە.

هەر لە میانەی باسکردنی سەردانەکەی بارزانیو پەیوەندییەکانی هەرێمو تورکیادا، داود ئۆغلۆ ئاماژەی بەوەدا: پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیاو هەرێم دەربارەی پەکەکە بەردەوام دەبێت. هەر لەبارەی کاتی ڕوودانی ئەم سـەردانـەوە، بـوراک ئۆزوگەرگینی، وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیا، ئاماژە بەوە دەدات: لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا ڕوودەداتو وتی: «ئێمە ئیش لەسەر ڕۆژی سەردانەکە دەکەین». زریان ڕۆژهەڵاتی پێیوابوو: بەپێچەوانەوە تورکیا دەیەوێت پەیوەندییەکانی خـۆی لەگەڵ کـوردو ئەرمەن بە گشتیی باشبکاتەوەو لە ئێستادا دژایەتییان ناکات. هـەروەک دەبینینو زۆرێـک لە میدیا جیهانییەکانیش باس لەوە دەکەن کە تورکیا ڕووی لە خۆرئاوا وەرگێڕاوەو بەرەو خۆرهەڵات هاتووەو سیاسەتی دەرەوەشـی بەوجۆرە ئاراستە دەکات، ئەو هێرشە ئیعلامییەی لە ناوخۆی تورکیاشدا دەکرێتە سەر ئیسرائیل، بەشێکە لەو گۆڕانە لە سیاسەتی تورکیادا، لەکاتێکدا سیاسەتی (کێشە) کە بەمانای نەبوونی کێشە دێت لەگەڵ دراوسێکانی پێڕەودەکات، دووان لەم دراوسێیانەش کوردو ئەرمەنن، کـە دژایەتییەکی مـێـژوویـیـان لەگەڵ تورکیادا هەیە، بەڵام بەمدواییانە وەفدی پلە باڵای تورکیا بۆ هەریەکە لە ئەرمینیاو هەرێمی کوردستان چـوونو تورکیاش دەستپێشخەرییەکی تـەواوی کـردووە لە خۆنزیککردنەوە لەم دووانە. ڕۆژهەڵاتی پێیوابوو: ئـەم گـۆڕانـە لـە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا باجی خۆی هەیە، هەربۆیە تورکیا بیر لەوە دەکاتەوە کە کارتی کوردو ئەرمەن لەژێر دەستی ئیسرائیلو ئەمریکا دەربێنن پێش ئەوەی لە دژی خۆی بەکاریبێن، هەر بۆیە چەند جارێکە تورکیا هەوڵی دەستپێشخەریی دۆستایەتی بۆ کوردو ئەرمەن دەدات.

# ئەمریکا شەڕی وەستاند

**لاپەڕەی نێودەوڵەتی**

ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠١٠/٥/٢٧) ئیدارەی ئۆباما پرۆژەی ستراتیژێکی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی لە دووتـوێـی (٥٢) لاپــەڕەدا خستەڕوو، تیایدا هاتووە، بەکارهێنانی هێزی سەربازیی دەبێت دوا ڕێگەچارە بێتو ئەوکاتە بێت کە دیبلۆماسییەت هیچ سوودێکی نامێنێت.

ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەمێک بوو پێویستی بە پێداچوونەوە هەبوو، ئەمەش دوای ڕووداوی یانزەی سێپتێمبەر، قەیرانی دارایی جیهان، هەڕەشەی تیرۆری ئینتەرنێتیو کارەساتە ژینگەییەکانی کەنداوی مەکسیکۆ، ئەم گۆڕانەش وەڵامی ئـەو پرسیارە بـوو کـە ئەمریکییەکان کاردانەوەیان بۆ تەحەدییە ئەمنییەکان چۆن دەبێت لە زەمەنی تەنگژەی داراییدا؟

ئــەم دۆکـیـۆمـێـنـتـە شــەڕی دەستپێشخەرانەی زەمەنی بوش، پێشترو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەتایبەت لـە زەمـەنـی بــوش-دا پـــەرە بـە شــەڕی دەستپێشخەرانە دژی ئەو وڵاتو لایەنانە دەدرا کە وەک هەڕەشە دەبینران لەسەر ئاسایشی ئەمریکا، شەڕی ئەفغانستانو عێراقیش ئاکامی پێڕەوکردنی هەمان ستراتیژ بوون لە ئاسایشی نەتەوەیی.


لەم ستراتیژە نوێیەشدا تێکشکاندنی قاعیدە دووپاتدەکرێتەوە، بەڵام تەرکیزیش دەخرێتە سەر تیرۆریزمی ناوخۆی ئەمریکا، ئیختیارێکی ڕوونو ئاشکراش دەبەخشێتە ئـێـرانو کـۆریـای بـاکـوور لـە بەرنامە ناوەکییەکانیاندا، ئەمە جگە لەوەی باس لە نوێکردنەوە، سەقامگیریی ئابووریىو خۆشگوزەرانیی دەکات وەک زەروورەتێک بۆ ئاسایش.

ئەم دۆکیۆمێنتە نوێیە گۆڕانکارییەکی دیکەشی تێدایە، بەوەی ئەمریکا لەجیاتی ئـەوەی تەنیا تەرکیز بخاتە سەر وڵاتە زۆر گەشەکردووەکان، تەرکیز دەخاتە ســەر هـاوکـاریـکـردن لـەگـەڵ وڵاتـانـی تازەپێگەیشتووی گرووپی (G٢٠)، وەک چینو هیندستان، ئەمەش بە ئاکامی گەشەکردنێکی بەرچاوی ئابووریی ئەو وڵاتانە دێت.

لەم دۆکیۆمێنتەدا دوورکەوتنەوەیەکی تەواو دەبینرێت لە عەقیدەی بوش دەربارەی جیهانو نووسراوە: «بۆ سەرکەوتن پێویستە جیهان بەوشێوەیەی کە هەیە ببینین»، بەڵام دۆکیۆمێنتەکە ئاشتیو سەقامگیریی ئیسرائیل بە بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبینێت. دەربارەی ئەو لێکدانەوانەی دەڵێن ئەو دۆکیۆمێنتە دەرخەری ئەوەیە کە ئەمریکا لاوازبـــووە، هیلاری کلینتۆن، وەزیــری دەرەوەی ئەمریکا، ئاماژەی بــەوە کــرد: دەسەڵاتیان لاواز نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی ژیرانە بەکاریدەهێننو وتــی: «ئـێـمـە لاواز نـەبـوویـن، بــەڵام پێویستە دەسەڵاتمان بەشێوازی جیاواز پیادە بکەین». ئەمە جگە لـەوەی گەورە دیبلۆماتێکی دیکەی ئەمریکایی دەڵێت: «ئێمە لە پیادەکردنی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەوە دەگوازینەوە بۆ شێوازێکی ئاڵۆزتر، کە پیادەکردنی ناڕاستەوخۆی دەسـەڵاتو نفوز لەخۆدەگرێت». هـەر لە درێـژەی وتەکەی خۆیدا هیلاری دووپاتیکردەوە، کە «دیموکراسیو مافەکانی مـرۆڤـو گەشەکردن» وەک چەمکە مەرکەزییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەمێننەوە.

ئەوەی کە وەک گۆڕانێکی سەیر لێی دەڕوانرێت لە ستراتیژی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا، هەڵوێستە دەربارەی تیرۆر، پێشتر، جۆن برێنان، ڕاوێژکاری دژە تیرۆری ئۆباما، ڕایگەیاندبوو: ستراتیژە نوێیەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دان بە مەترسیی تیرۆری «کەسە ڕادیکاڵەکان»ی ئەمریکادا دەنێت. ئەو وتی: «ئێمە دەبینین ژمارەی ئەوانەی بەهۆی کارە پەرگیرەکانەوە دەگیرێن لە زیادبووندان، ئێمە کەسانێک دەبینین، لەنێویاندا هاوڵاتییانی ئەمریکاو بە پاسپۆرتی ئەمریکییەوە سەردانی حەشارگە تیرۆریستییەکان دەکەنو دواتر بە ئاسانیی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پلانە کوشندەکانیان جێبەجێ بکەن». کێشەی تیرۆری ناوخۆیی لە ستراتیژەکانی پێشوودا تەرکیزی نەخرابووە سەرو بیل کلنتۆنیش لە پرۆژەکەی ساڵی (١٩٩٨)دا باسی نەکرد، بەڵام دوای ئەوەی زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی لەلایەن هێزە ئاسایشەکانی ئەو وڵاتــەوە ئاشکرا کرا، ئیدارەی ئۆباماش گرنگییەکی زۆری پێدا، ئەم ستراتیژە نوێیە هەڵدانەوەی پەڕەیە لەسەر سیاسەتی بوشو کردنەوەی پەڕەیەکی نوێیە بە ڕووی جیهاندا. لەم ستراتیژەدا ئەوە تەنیا ئەمریکا نییە کە دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر گشت جیهاندا هەیەو خۆی وەک پۆلیسێکی گلۆباڵ دەبینێت، بەڵکو هەریەکە لە ڕووسیاو چینو هیندستان وەک سێ هێزی گەشەکردوو حسابیان بۆ دەکرێت. لەم ستراتیژەدا گرنگییەکی تایبەت بە ڕووسیا دراوەو وەک یاریزانێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە.

لایەنێکی دیکەی ئەم ستراتیژە نوێیە ئەوە دەردەخـات، کە ئۆباما لە بەڵێنەکانی بۆ گۆڕانی ئەمریکا پەشیمان نەبووەتەوەو ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پلانەکانی زیاتر جێبەجێ دەکات، لە گرنگترین ئەو پلانانەش دەرچوونی بیمەی تەندروستیو دواتریش گۆڕینی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو.


باراک ئۆباما

**ستراتیژی ئەمنی ئۆباما**

-بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ، بەهێزکردنی کۆمەڵگە بۆ ڕێگرتن لە ڕادیکاڵییەت.
-تێکشکاندنی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، پاکستانو شوێنەکانی دی.
-هەوڵدان بۆ جیهانێکی بێ بوونی چەکی ئەتۆمی، بە بەخشینی ئیختیارێکی ڕوونو ئاشکرا بە ئێرانو کۆریای باکوور.
-پێشخستنی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەند بە ئیسرائیلێکی ئارام، دەوڵەتێکی فەلەستینیو عێراقێکی سەقامگیر.

## «ئەگەر لەگەڵ مالیکی ڕێکنەکەوتین، کوردو عێراقییە دەکەینە هاوپەیمان»

# محەمەد بەیاتی: بەیان جەبر، دەبێتە پاڵێوراوی ئیئتیلافی نیشتمانی

**سازدانی: هەستیار قادر**

محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی ڕەوتی بەدر لە ئیئتیلافی نیشتمانی، ئاماژە بەوە دەکات: «ئەگەر زۆرە کە لیستەکەیان، بەیان جەبر وەک پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک وەزیران یەکلایی بکەنەوەو ئاماژە بە هەنگاوێکی نوێ دەکات بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی دوو لیستە شیعەکە، ئەگەر بە تەوافوق و دەنگدان نەگەیشتنە دەرەنجام».

بەیاتی، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە: لەبارێکدا لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسادا ڕێک نەکەوتن، لەگەڵ عێراقییەو کورددا هاوپەیمانێتی دەکەن.

پاشئەوەی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی لیژنەیەکی (١٤) کەسییان پێکهێنا بەناوی لیژنەی دادوەران بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان و لەسەروو هەمووشیانەوە، پاڵێوراوی لیستەکەیان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بڕیارە هەفتەی داهاتوو، لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی دواپاڵێوراوی خۆی بۆ ئەو پۆستە لەپاڵ مالیکیدا پێشکەش بکات و لەو بارەیەوە، محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی ڕەوتی بەدر لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا لیستەکەمان هەریەک لە عادل عەبدول مەهدی و بەیان جەبرو ئیبراهیم جەعفەری لەبەردەمدایە تا وەک پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک وەزیران تاووتوێیان بکات و لەچەند ڕۆژی داهاتوودا، ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوەو زۆربەی ئەگەرەکان بەرەو ئەوەن کە بەیان جەبر ببێتە پاڵێوراومان».

بەپێی ڕێککەوتنی دوولایەنە شیعەکە، سەرەتا پۆستی سەرۆک وەزیران، لەسەر بنەمای مەبدەئی تەوافوق لەنێو لیژنەی دادوەراندا یەکلایی دەکرێتەوەو ئەگەر نەتوانرا، بە ڕێگەی هەڵبژاردن ئەو پاڵێوراوە یەکلایی دەکرێتەوە کە دەبێت (٨٠٪)ی دەنگی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەدەستبهێنێت و سەبارەت بەسەرنەگرتنی هەریەک لەم هەوڵانە بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران، بەیاتی ئاماژەی بە هەنگاوێکی نوێ کردو وتی: «ئەگەر بە ڕێگەی تەوافوق و هەڵبژاردن پاڵێوراوی دوو لیستە شیعەکە یەکلایی نەبووەوە، پەنا دەبرێتە بەر ئەو پاڵێوراوەی کە جێگەی ڕەزامەندیی لیستە براوەکانی ترەو کەسێتییەکی قبوڵکراوی نیشتمانییە».

پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران و سەرۆکایەتیی لیستە هاوبەشە شیعەکەش، پێکەوە کێشەن کە چۆن دابەشبکرێن و کامیشیان پێش ئەوەی تریان یەکلایی بکرێتەوەو ئەو ئەندامەی ڕەوتی بەدر ئاشکرایکرد: سەرەتا بەربەستی یەکەم چارەسەر دەکرێت کە پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک وەزیرانەو دواتر سەرۆکی لیستەکەش یەکلایی دەکرێتەوە کە هاوپشکی (موحاسەسە) لە دیاریکردنیدا ناکرێتە بنەما.

مەترسیی شیعەکان لە غیابی ڕێککەوتنیان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران ئەوەیە، گۆڕەپانەکە بۆ عەلاوی چۆڵبکەن کە حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام محەمەد مەهدی بەیاتی ئەو هەنگاوە بەسیناریۆ لەقەڵەم دەدات و پێیوایە: «هەر هەنگاوێکی لەوجۆرە بەر لە چوونە ناو پەرلەمانەوە، دوورە لە واقیعەوەو لە یەکەم دانیشتندا پۆستی سەرۆک وەزیران یەکلایی دەکرێتەوە کە زۆرترین کێشەی لەسەرەو دەستووریش ڕێی بە دوو ئیئتیلافە شیعەکە داوە، حکومەت پێکبهێنن و داواکاریی عێراقییەش بۆ ئەو پۆستە دژ بە دەستوورە».

یەکێک لەو سیناریۆیانەی تر کە لە غیابی ڕێک نەکەوتنی دوولایەنە شیعەکەدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئەوەیە کە ڕەوتی سەدر لەگەڵ عێراقییەدا ڕێکبکەوێت دژ بە مالیکی و لەو بارەیەشەوە بەیاتی ڕوونیکردەوە: «ئەگەر لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران و پرسەکانی تر لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا ڕێک نەکەوتین، ئەوا ڕێگەچارەی تر لەبەردەستدایە، لەوانە، هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ عێراقییەو کورددا و دەستوورو دیموکراسییەتیش ڕێی بەو هەنگاوە داوە».



# یەکێتی و پارتی دوو گوتاری جیایان بۆ هاوپەیمانێتی هەیە

**ڕاپۆرتی: کاروان عومەر
سیامەند مەحمود**



یەکێتی و پارتی دوو گوتاری سیاسیی جیایان سەبارەت بە هاوپەیمانێتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەیەو ئەندامێکی لیستی عێراقییە سوپاسی بارزانی دەکات بۆ پشتگیریکردنی لیستەکەی لە پێکهێنانی حکومەت و ئەندامێکی دەوڵەتی یاساش دەڵێت: «بەپێی شیکردنەوەی دادگای فیدراڵی، پێکهێنانی حکومەت مافی لیستەکەمانە».

### بارزانی و عێراقییە

لەگەڵ ئەوەی هێشتا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەچوونەتە بەغداو بە ڕەسمیی گفتوگۆیان لەگەڵ لیستە عێراقییەکان دەستپێنەکردووە، ئاماژەی جیاواز سەبارەت بە پشتیگریکردنی هەریەک لە لیستەکانی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا لەلایەن دوو لایەنە کوردستانییەکەوە (یەکێتی و پارتی) دەردەکەوێت، لەکاتێکدا کە دادگای فیدراڵی بە شرۆڤەکردنی چەمکی کوتلەی زۆرینەی پەرلەمانیی مافی پێکهێنانی حکومەتی دایە لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتیمانیی، کە هاوپەیمانێتییان ڕاگەیاند، لە میانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەلایەن ڕۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەنییەوە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مافی پێکهێنانی حکومەتی دایە لیستی عێراقییە وەک گەورەترین لیستی پەرلەمانیی، ئەمە جگە لەوەی کە دوابەدوای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامە بەرایییەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، بەرپرسانی لیستی عێراقییە خۆیان گەیاندە هەولێرو لەگەڵ مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆیان سەبارەت بە چوارچێوە گشتییەکانی هاوپەیمانێتییەکانی عێراق کردو لەپاڵ ئەوەشدا لە چەند بۆنەیەکدا جەلال تاڵەبانی وەک سکرتێری یەکێتی پشتگیریی بۆ دوو ئیئتیلافی شیعەکە دووپاتکردبووەوە لە پێکهێنانی حکومەتدا.

هاوکات ئەندامێکی لیستی عێراقییە ئاماژە بەو لێدوانەی بارزانی دەکات وەک پشتگیرییەکی لیستەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەت لەلایەن ئەیاد عەلاوییەوە.

جەمال بەتیخ، ئەندامی لیستی عێراقییە، تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەڵوێستی مەسعود بارزانی مێژوویی بووەو ئێمە هەرگیز ئەو هەڵوێستە لە یاد ناکەین و هەڵوێستێکی بەرپرسانە بووەو هێمایەکە بۆ ئەوەی ڕێز لە دەستوور دەگرێت».

### دەوڵەتی یاسا تورەیە

ئەو لێدوانەی مەسعود بارزانی شیعەکانی تورە کردووەو بەتایبەت لیستی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی سەرۆکیەتی، لە هەوڵێکی سەرسەختدایە بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم پۆستی سەرۆک وەزیران بەدەست بهێنێتەوە، هەندێک لە چاودێرانی سیاسیش ئەو جۆرە تەحەفوزە ناڕاستەوخۆیەی پارتی بۆ دووبارە پاڵاوتنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەگێڕنەوە بۆ ئەو کێشانەی کە لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا لەنێوان حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و حکومەتی عێراقیدا هەبووە، بەتایبەت لە دۆسیەکانی نەوت و پێشمەرگەدا، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شرۆڤەی دادگای دەستووریی مافی بەوان داوە لە پێکهێنانی حکومەتدا.

عەبدولهادی حەسانی، کاندیدی دەرچووی لیستی دەوڵەتی یاسا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی شیکردنەوەی دادگای فیدراڵیی بۆ ئەو بڕگە دەستوورییەی تایبەتە بە پێکهێنانی حکومەت، مافی لیستەکەیانە حکومەت پێکبهێنێت و ئاماژەی بەوەشدا: دەستووری عێراق زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق دەنگیان بۆ داوە، بۆیە دەبێت سەرجەم لایەنەکان ڕێز لە دەستوور بگرن و کەس پێشێلی نەکات.

### عێراقیەو کوردو مادەی (١٤٠)

لەپاش دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە، قسەو باسێکی زۆر لەسەر سوودی گفتوگۆی کورد دەکرا لەگەڵ لیستی عێراقییەو هەندێک باوەڕیان بە تیۆرێک هەیە کە پێیوایە ڕێکەوتنی کورد لەگەڵ لیستی عێراقییەدا جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوور دێنێتە ئاراوە، یان لانیکەم ئەو کێشەیە بەلادا دەخات، بەوپێیەی زۆربەی ئەندامانی ئەو لیستەی لە ناوچە دابڕاوەکانی کەرکوک و موسڵ و دیالەو سەلاحەدین و بەشێکی زۆری کەسایەتییەکانی عێراقییە دژ بە مادەی (١٤٠)ن.

(حیدر المولا)، وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی، کە پێکهێنەرێکی لیستی عێراقییەیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چارەسەرکردنی کێشەی مادەی (١٤٠) بۆ کورد بە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لیستی عێراقییە یەکلایی دەبێتەوە، چونکە هێزی لیستەکەمان لە ناوچە کێشەلەسەرەکانە، بە ئێمە نەبێت کەس ناتوانێت چارەسەری بکات».

المولا گفتوگۆی نێوان هەردوو لیستی حەدباو برایەتیشی بە نموونە هێنایەوە بۆ نزیکبوونەوەی کوردو عێراقییە، بەتایبەت کە لیستی حەدبا کە یەکێکە لە ڕەوتە نزیکەکان لە لیستی عێراقییەوە.

هاوکات بە بڕوای ئەحمەد شەبەک، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی، بە گرنگی دەزانێت کورد گفتوگۆ لەگەڵ لیستی عێراقییەدا بکات، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا، کە لێکنزیکردنەوەی حەدباو برایەتی لەلایەن عێراقییەوە تاکتیکێکەو هەڵەشە وا تێبگەین لیستی عێراقییە تەنازول لەسەر ناوچەدابڕاوەکان دەکات و ئەو ناوچانە بە هی خۆیان دەزانن، وتیشی: «کێشەی مادەی (١٤٠) تەنیا بە حکومەت چارەسەر دەکرێت، ئاماژەکانیش بەرەو ئەوەن کە شیعەکان حکومەت پێکبهێنن».

سەبارەت بە بوونی دوو گوتاری سیاسیی جیاوازیش لەلایەن بارزانی و تاڵەبانییەوە سەبارەت بە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، ئەحمەد شەبەک بوونی ئەو دوو گوتارەی پشتڕاستکردەوە، بەڵام بە تاکتیکێکی سیاسیی لەقەڵەمدا».



ئەحمەد شەبەک

**عێراقییە دەستبەرداری ناوچە دابڕاوەکان نابێت**



حیدر المولا

**کێشەی مادەی ١٤٠ تەنها بە هاوپەیمانی کوردو عێراقییە چارەسەردەکرێت**

# ساڵانە (٢,٨٨٪)ی بودجـە دەدرێت بە ڕێکخراوەکان

هەڵۆ ئەبوبەکر

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە ٣٢ ملیارو ٩٢٨ ملیۆن دینار کە دەکاتە (٢,٨٨٪)ی بودجەی هەرێم، دەیداتە سەنتەرو سەندیکاو ڕێکخراوەکانی نزیک لە حیزبەکان.

لە کۆبوونەوەیدا کە ڕۆژی ٥/١٨ لە هەولێر بەڕێوەچوو بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو سەندیکاو کۆمەڵەکانی ئاشکراکردووە کە وەکو حکومەتی هەرێم بۆ هەر مانگێک بڕی ٢ ملیارو ٧٤٤ ملیۆن دینار بۆ ڕێکخراوەکان سەرفدەکەن.

نوێنەری چەند ڕێکخراوێکی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا بە ڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: «سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەکردووە کە دەیانەوێت بودجەی هەموو ڕێکخراوەکان ڕابگرنو بۆ لەمەودوا تەنیا بودجە بۆ پرۆژەی پێشنیازکراوی ئەو ڕێکخراوانە سەرفدەکەن».

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن ڕایگەیاند: «ئەو بودجە زۆرەی حکومەت بەناوی ئەو ڕێکخراوانەوە سەرفیدەکات هیچ خزمەتێک بە کۆمەڵگای مەدەنی ناکات، بەڵکو بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە».

بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن پێشیوابوو ئەوەش هەوڵێکی دیکەی پارتیو یەکێتییە بۆ سوودمەندبوونیان لە بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان بەناوی ڕێکخراوەکانەوە.

ئاشکراشیکرد، کە چەندین ڕێکخراو تەنیا ناوی وەهمییان هەیە هیچ چالاکییەکیان نییەو بودجەیان بۆ سەرفدەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکومیە چالاکەکانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن حکومەتەوە هیچ هاوکارییەک ناکرێن.

# هەناردەی نەوتی هەرێم دەبێتە دووسەد هەزار بەرمیل

شاڵاو فەتاح

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم دەدات، لە سەد هەزار بەرمیلەوە بۆ دوو سەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لە لێدوانێکیدا بۆ توێژینەوەی ئابووریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئاشتی هەورامی هیوای ئەوەی خواست کە بە زووترین کات هەناردەی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوەو چاوەڕوانی ئەوەشی کرد کە نەوتی هەرێم لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠دا بگاتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

پێشترو بەهۆی بوونی کێشەی پارەدان لەنێوان بەغداو هەولێردا هەناردەی نەوتی هەرێم ڕاگیرا کە لەوکاتەدا ٦٠ هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا. هەرچەندە تائێستا چەندین جار بەڵێنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دراوە، بەڵام ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوەو دووریش نییە تا دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق کێشەکە وەک خۆی بمێنێتەوە.

هەورامی لە لێدوانێکیدا دەربارەی کێشەکە دەڵێت: «گەشبینم، بەڵام وەک دەزانیت ئێستا خەریکی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێین لە بەغدا، ئەوەی کە تەرکیز دەخەنە سەر کێشەکە یان نا جێی گومانە».

# سنووری عێراقو وڵاتانی دراوسێ تێکەڵدەبنەوە

# دەبێت کێڵگە نەوتە هاوبەشەکان بەرهەمبهێنرێن

د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

سامانی نەوتو گاز گرنگییەکەی بە شێوەیەکە بۆ عێراق، دوای ساڵی (٢٠٠٣) بودجەکەی بەڕێژەی (٩٠٪) لەسەر هەناردەی نەوت دادەنرێت.

کاتێک سنووری سیاسیی نێوان دەوڵەتان کێشراوە، هەندێک کێڵگەی نەوتو گاز بوونەتە کێڵگەی هاوبەش لەنێوان ئەو دەوڵەتانەداو لە ئەنجامیشدا ناکۆکیی دروست بووە لەسەر دەرهێنانو وەبەرهێنانی ئەو کێڵگە هاوبەشانە.

عێراق دەکەوێتە نێوان کۆمەڵە دەوڵەتێک، کە نەوتیان هەیە، هەندێکیان نەوتیان زۆرە وەکو ئێرانو سعودیەو کوەیت، هەندێکیشیان نەوتیان کەمە وەکو، سوریاو هەندێکیشیان نەوتیان زۆر زۆر کەمە وەکو، تورکیاو ئوردن.

### کێڵگەی نەوتی هاوبەش

ئەم کێڵگانە کە هەندێک بە (کێڵگەی سنووری) یاخود (کێڵگەی نەوتی سنووربەزێن) ناوی دەبەن، ئەوانەن کە لە سنووری دەوڵەتێکەوە درێژ دەبنەوە بۆ ناو دەوڵەتێک، یان چەند دەوڵەتێکی دیکە، دەشێت ئەو کێڵگانە بەشی زۆریان لە دەوڵەتێکدا بێتو بەشێکی کەمی کەوتبێتە دەوڵەتێکی دیکەو لە ئەنجامدا یەدەکی نەوت، یاخود گاز دەشێت لە لایەکیان زۆرو لەلایەکی دیکە کەم بێت.

**بڕوانە خشتەکە**

دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت، کە کێڵگەی نەوتی هاوبەش لەنێوان دوو، یان زۆر لە دەوڵەتانی جیهاندا، هەیە وەکو ئەمانە:

١- کێڵگە نەوتەکانی دەریای باکوور (بحر الشمال)، کە لەنێوان بەریتانیاو نەرویجو دانیمارکدایە.

٢- کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانی نێوان سعودیەو کوەیت (کێڵگەکانی خەفجی).

٣- کێڵگە نەوتی دەریای خەزەر، کە لەنێوان روسیاو کازاخستانو ئازەربایجانو تورکمانستانو جۆرجیاو ئێراندایە.

ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەست بەکێڵگە هاوبەشەکان، ئەم ناکۆکییانە دەکرێن بە دوو جۆر:

١- ناکۆکییە یاساییەکان: لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی، یاخود دادگایەکی ناوبژیوانی چارەسەر دەکرێن، ئەویش بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، ناکۆکیی یاسایی پەیوەندیی بەکارپێکردنی یاسا، یاخود لێکدانەوەی یاساکەوە هەیە بەبێ ئەوەی ئەم یاسایە هەموار بکرێت، وەکو چۆنیەتی بەڕێوەبردنو وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانو هیچ پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتەوە نییە.

٢- ناکۆکییە سیاسییەکان: ئەو ناکۆکیانەن دادگای نێودەوڵەتی تەماشایان ناکات، بەڵکو دەکرێت بەهۆی هەندێک ڕێگەی دیکەوە چارەسەر بکرێن، وەکو بەهۆی ناوبژیوان، یاخود چارەسەرێکی تەوفیقی (هەردوولا بۆ یەکتری دابشکێنن)، لە ناکۆکی سیاسییدا لایەنەکان داوای هەموارکردنی ئەو یاسایە دەکەن کێشەکەی لەسەرەو ناکۆکیی سیاسیی پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتەوە هەیە.

بەکورتی ئەو ناکۆکیانەی پەیوەستن بە کێڵگە نەوتە هاوبەشەکان هاوکات ناکۆکیی یاساییو سیاسیین.

بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکان، بەڕێگەی ئاشتیانە ئەم ڕێگایانە دەگرینەبەر:

أ- ڕێگەی دیپلۆماسی وەکو دانوستان، هەوڵی خێرخوازیی، ناوبژیوانی.

ب- ڕێگەی سیاسیی: چارەسەرکردن لەڕێی کارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کارنامەی ڕێکخراوە ئیقلیمییەکان.

ج- تەحکیم: ئەویش بە متمانەکردنە سەر ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامە، یان گرێبەست.

د- ڕێگەی دادوەریی.

چۆنیەتی بەکارهێنانو بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکان.

ئەم کێڵگە هاوبەشانە بەگوێرەی ڕێکەوتنی نێوان لایەنە هاوبەشەکان بەیەکێک لەم ڕێگەیانەی خوارەوە بەڕێوەدەبرێنو بەکاردەهێنرێن:

١- بەڕێوەبردنی هاوبەشی ڕاستەوخۆ (بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ)

لایەنە، یاخود دەوڵەتە هاوبەشەکان ڕێکەوتنێک ئیمزا دەکەن دەربارەی ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر هەر لایەک، کە جێبەجێیان بکات، بەزۆری ئەو ئەرکانە لەلایەن کۆمپانیای پسپۆڕی سەر بەهەر لایەکی، یاخود (دەوڵەتێک)ی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ دەکرێت، دوو یاخود چەند لایەنەکە لەسەر وردەکاریی هەموو کردارەکانی پەیوەست بەکردارە نەوتییەکانی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکە ڕێکدەکەون وەکو لێگەڕانو دۆزینەوەو دەرهێنانو بەرهەمهێنانو پەرەپێدانو گواستنەوەو هەناردەکردنی نەوت.

٢- سپاردنی بەڕێوەبردنو دەرهێنانی نەوت بە یەکێک لە دەوڵەتە هاوبەشەکان.

یەکێک لە دەوڵەتە هاوبەشەکانی کێڵگەی نەوتە هاوبەشەکە ڕادەسپێردرێت بۆ ئەنجامدانی هەموو کردارەکانی پەیوەست بەدەرهێنانی نەوت، بەمەرجێک لایەنەکانی دیکە پشک یاخود ڕێژەیەک لە بەرهەمی بەرکەوێت، ئەم ڕێگەیە زۆر دەگمەنە.

٣- بەڕێوەبردنی هاوبەشی ناڕاستەوخۆ.

ئەو دەوڵەتانەی لە کێڵگە نەوتە هاوبەشەکەدا بەشدارن ڕێکدەکەون، کە بەڕێوەبردنو هەموو کردارەکانی نەوت دەرهێنانو فرۆشتن بدرێتە کۆمپانیایەکی پسپۆڕ لەبواری نەوتدا، کۆمپانیا پسپۆڕەکە نەوتەکە دەردەهێنێت (یاخود دەشی فرۆشێت)و ئینجا بڕی نەوتە دەرهێنراوەکە (یاخود پارەکەی ئەگەر فرۆشرابێت) بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش دەکات، لە جیهاندا زۆر کۆمپانیای پسپۆڕی نەوت هەن، کە ئەزموونو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوویان لەبواری نەوت دەرهێناندا هەیە وەکو کۆمپانیاکانی (شیڤرون، ئیکسۆن، بریتش، بەترۆلیۆم، تۆتاڵ، گازیرۆم...).

لەبەرئەوەی عێراقی تازەی دوای رووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، پێویستی بەداهاتێکی زۆر هەیە وەکو دووبارە ژێرخانی ئابوورییەکەی دابمەزرێنێتەوە، دەبێت سوود لە نەوتو گازی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانی وەربگرێت، ئەویش لەڕێی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنە لەگەڵ هەریەکە لە ئێرانو کوەیتو سوریا بۆ دەرهێنانی نەوت.

ئێستا عێراق لە بارودۆخێکی وادایە ناتوانێت نەوتی کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانی دیوی خۆی دەربهێنێت، بەڵام دەوڵەتانی هاوسێی عێراق نەوتی دیوی سنووری خۆیان دەردێنن. ئەمەش وادەکات نەوتە هاوبەشەکەی دیوی عێراق بەرەو لای ئەوان بڕواتو عێراق سوود لەو نەوتە وەرنەگرێت، کە موڵکی خۆیەتی، لەبەرئەوە دەبێت عێراق بەزووترین کات بکەوێتە خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەرهێنانی نەوت لەو کێڵگە هاوبەشانە تاوەکو چیتر دەوڵەتانی هاوسێی عێراق هەلی لاوازیی ئێستای عێراق نەقۆزنەوە بۆ بەتاڵانبردنی نەوتی ئەو کێڵگە هاوبەشانە.

**کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانی نێوان عێراقو دەوڵەتانی دەوروبەری**

| ناوی وڵات | ناوی کێڵگە | سەرجەمی یەدەگ، بەرمیل | بەرمیل لە عێراق | بەرمیل لە دەرەوە | بەرمیل نەوتی دەرهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| عێراق- سوریا | صفية (لەعێراق صفية و لەسوريا سويديە). | (١٥٧٥) ملیۆن | (٩٧) ملیۆن (٩٪). | (١٤٧٨) ملیۆن (٩١٪) | عێراق: (٤٠) ملیۆن، سوریا: ٠ |
| عێراق- سوریا | کێڵگەی أبطخ | تائێستا هەڵنەسەنگێنراوە کە چەند نەوتی تێدایە. | | | |
| عێراق- سوریا | پێکهاتە جیۆلۆجییەکان" **سحيلة، قحطان، هليل، طريفاوي، القائم** | | نازانرێت چەند نەوتیان هەیەو تائێستا هیچ بیرێک لێنەدراوە. | | |
| عێراق- کوەیت | **الرطكة** | (٣٦٥) ملیۆن | (٣٢٥) ملیۆن | (٤٠) ملیۆن | |
| عێراق- کوەیت | | لەدوای گۆڕینی سنووری نێوان عێراقو کوەیت لەساڵانی نەوەدەکاندا (٢٤٣) ملیۆن بەرمیل لەعێراقدا بوو و (١٢٢) ملیۆن بەرمیل کەوتە ناو خاکی کوەیت، لەبەشی عێراقدا (٣٤) بیرە نەوت هەڵکەندرابوو، بەڵام کە سنوور گۆڕدرا (١١) بیر بەر کوەیت کەوت واتە عێراق (١١) بیری لە کیس چوو. | | | |
| عێراق- کوەیت | صفوان لەکوەیت پێی دەڵێن (العبدلی) | (٢١٣) ملیۆن | پێش گۆڕینی سنوور (١٦٨) ملیۆن (٧٩٪)، دوای گۆڕینی سنوور (٨٦) ملیۆن(٤٠٪) | پێش گۆڕینی سنور (٤٥) ملیۆن بەرمیل لەکوەیتدا بوو (٢١٪)پاش گۆڕین (١٢٧) ملیۆن بەرمیل کەوتە کوەیت (٦٠٪). | ئێستا عێراق ڕۆژانە (٨٠٠٠) بەرمیل دەردەهێنێتو لەکاتێکدا کوەیت ڕۆژانە (١٣٠٠٠) بەرمیل دەردەهێنێت. |
| عێراق- کوەیت | پێکهاتە جیۆلۆجیەکان: جريشان، أم قصر، **خضر الماء**، سنام. | | هەموو ئەو پێکهاتانە دەکەونە پارێزگای بەسرەو لەگەڵ کوەیتدا هاوبەشن | | |
| عێراق - ئێران | کێڵگەی نەفتخانە (لەدیوی ئێران پێی دەڵێن نەفت شاە). | (٣٣٤) ملیۆن | (١٤٧) ملیۆن ب ەرمیل لەعێراقدایە | (١٨٧) ملیۆن بەرمیل لەئێراندایە. | عێراق ڕۆژانە (١٠) هەزار بەرمیل. ئێران: نازانرێت |
| عێراق - ئێران | کێڵگەی **فكة** (لەدیوی ئێران پێی دەڵێن دەهلران) | سەرجەمی یەدەکی نەوت (٥٥٠) ملیۆن بەرمیل | (٣٨٠) ملیۆن بەرمیل لەعێراقدایە (٦٩٪) | (١٧٠) ملیۆن بەرمیل لەئێراندایە (٣١٪). | عێراق تائێستا (٥١) ملیۆن بەرمیل. ئێران: زانیاریی نییە |
| عێراق - ئێران | کێڵگەی أبو غراب (لە ئێران پێی دەڵێن پایەدار). | (٧٦١) ملیۆن | (٦٩٠) ملیۆن (٩١٪). | (٧١) ملیۆن (٩٪). | عێراق تا ئێستا (١٢٨) ملیۆن بەرمیلی دەرهێناوە. |
| عێراق - ئێران | ئەو کێڵگە نەوتانەی سەلمێنراوە نەوتیان تێدایەو هەڵسەنگێنراون، وەکو کێڵگەکانی: بدرە لەپارێزگای **واسط**، حويزە (**واسط**)، سيبە لەپارێزگای بەسرە. | | | | ئەو کێڵگە نەوتانەی هەڵنەسەنگێنراون وەکو چیا سورخ لەپارێزگای دیالەو سندباد لە بەسرە. |
| عێراق - ئێران | پێکهاتە جیۆلۆجیەکان: ئەم پێکهاتانەش هاوبەشن: **حويزة الجنوبي** (پارێزگای میسان)، الشهابی (**واسط**)، **زرباطية** (**واسط**)، نهيرات **الجنوبي** و چیا سورج **الجنوبی** (دیالە). | | | | |
| عێراق- کوەیت | عێراق کە سنووری لەگەڵ ئوردن گۆڕی، کێڵگە نەوتی (**الريشة**) بەتەواوی کەوتە ناو خاکی ئوردنو بوو بە موڵکی ئوردن. | | | | |

سەرچاوەکان:
١- دراسة أولية للحقول الحدودية المشتركة، عدي عبدالحميد حسين، بڵاونەکراوەتەوە.
٢- ئینتەرنێت http:ll adamrights.org

## هیچ یاسایەکی تایبەت منداڵان نییە

# یادی ڕۆژی جیهانیی منداڵان بە بەردەوامبوونی کێشەکانیان دەکرێتەوە

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

زەحمەتە ڕۆژێک تا بازاڕ بچیتو بێیتەوە زیاد لەپێنج منداڵی سواڵکەر ڕێگەت پێنەگرنو داوای هاوکاریت لێنەکەن، کەهەر ئەوانن لەمڕۆدا یادیانەو بەرپرسانیش باس لەپاراستنی مافەکانیان دەکەن، بەڵام بێ هودەیە.

(٦/١)ی هەموو ساڵێک لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا ژمارەیەک چالاکی جۆراوجۆر بۆ منداڵانی کوردستان سازدەکرێتو حاڵەتەکانی کارپێکردنی منداڵانو سواڵ پێکردنیشان بەردەوامی هەیە، بەجۆرێک کە هەندێک لە کارەکان مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەکاتو سواڵکەرەکانیش تووشی چەندین حاڵەتی سوکایەتی پێکردنو وەڵامنەدانەوەو هاوکاری نەکردن دەبنەوە، لەمڕۆدا بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بەحکومەتی هەرێم تاکە شت کە لەدەستیان دێت ژمارەیەک چالاکی جۆراوجۆرە کە هیچ لە ژیانی ئەو منداڵانەی سەرشەقامەکان ناگۆڕێت.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی منداڵانی سلێمانی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە کە لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی خانەی سمۆرەدا بەنیازی ئەنجامدانی چەند چالاکیەکن کە خۆی لە کۆنسێرتو پێشانگای وێنەیی‌و پیشاندانی نامیلکەی منداڵانو ڤێستیڤاڵی هونەریدا دەبینێتەوە، بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «ئەمساڵ جیاوازتر لەساڵانی ڕابردوو بەنیازین بەچاوێکی پڕ بایەخترەوە بڕوانینە منداڵانو مافەکانیان بەتایبەتیش مافی فێربوون».

لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمداو لەوەرزی هاویندا پەیمانگا ئەهلیەکان دەست دەکەن بەکردنەوەی خولی فێربوون بۆ منداڵانو بڕێک پارە لەبری وەردەگرن، زۆربەی ئەو پەیمانگایانەش لەو گەڕەکانەن کە خێزانە دەوڵەمەند یان ئاست مامناوەندیەکانی تێدا نیشتەجێن، بەو هۆیەشەوە منداڵانی هەژار لێیان بێبەش دەبنو لە ڕووی فێربوونەوە لەمنداڵانی دەوڵەمەند دوادەکەون.

بەوهۆیەشەوە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی منداڵانی سلێمانی لە پلانی گشتی خۆیدا بەنیازی کردنەوەی چەند خولێکە لە گەڕەکە هەژارنشینو دوورەدەستەکاندا کە خزمەتگوزارییان پێنەگەیشتووەو فەرامۆشکراون، هاوکات بێبەشن لە بوونی ناوەندێک یان سەنتەرێک کە تایبەت بێت بە منداڵ، هەروەک بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرێتیەکە ئاماژەی پێدا، «بۆ کردنەوەی ئەو خولانە سوود لە قوتابخانەی ئەو گەڕەکانە وەردەگرینو خولەکانیش لە فێربوونی زمانو کۆمپیوتەرو کاری دەستیدا خۆی دەبینێتەوەو بێ بەرامبەر منداڵان فێردەکەن».

لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵانی کوردستان لە بازاڕەکاندا کاری قورس ئەنجامدەدەنو بەخێوکردنی خێزانیان گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام تائێستا هیچ ڕووپێوییەک لەوبارەیەوە ئەنجامنەدراوەو ژمارەی ئەو منداڵانە نازانرێت تا کار بۆ گەڕانەوەیان بۆ خوێندن بکرێتو واز لە کارکردن بهێنن.

عەباس ئەکرەم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، کە لە بەرنامەی وەزارەتەکەیاندایە لەهاوینی ئەمساڵدا دەست بکەن بەئەنجامدانی ڕووپێوییەکی سەرتاسەری بەمەبەستی زانینی ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر، کە دوو قۆناغە، قۆناغی یەکەم لە هاوینو قۆناغی دووەم لە زستاندا دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە دەخوێننو ئیشیش دەکەن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لەبەر کارکردن وازیان لەخوێندن هێناوە، بەوهۆیەشەوە لەدوای زانینی ڕێژەکەیانەوە بە وتەی عەباس ئەکرەم «دەتوانین کار بۆ گەڕانەوەیان بۆ خوێندنو فێرکردن بکەین».


منداڵان ئایندەیەکی گەشیان دەوێت
فۆتۆ: ڕۆژنامە

شارەزایانی بواری پەروەردەکردنی منداڵ پێیانوایە کە بەهۆی ئەوەی منداڵان گەنجانی دواڕۆژن، پێویستە هەر لەقۆناغەکانی دایەنگاو باخچەی ساوایانەوە گرنگیان پێبدرێتو ژیانێکیان بۆ مسۆگەر بکرێت کە بتوانرێت لە دواڕۆژدا کاریان پێ بسپێردرێت، ئەمەش ئەرکی حکومەتە کە گرنگی بە قۆناغەکانی خوێندنو فێرکردن بدات.

بەیان زەریفی، سەرۆکی ڕێکخراوی هانای منداڵان ئەوە بیردێنێتەوە کە هەموو ڕۆژەکان ڕۆژی منداڵەو ناکرێت تەنیا لە ڕۆژێکدا بیرمان بکەونەوە، بەڵام بەپێویستیشی زانی کە ڕێکخراوو ناوەندەکانی تایبەت بەمنداڵان ئەو ڕۆژە بەرز ڕابگرن بۆئەوەی منداڵانیش وەک سەرجەم توێژەکانی تر هەست بە بوونی خۆیان بکەن.

بە وتەی بەیان زەریفی «منداڵانی گەڕەکە هەژارنشینەکان لەبری باخچە لە حاویەکانی زبلدا یاری دەکەنو لەبری تۆپ بە قوتو یاری دەکەن، ئەمە جگەلەوەی کە تائێستاش لەناو هەندێک لە خێزانو قوتابخانەکاندا منداڵان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت»، بەوهۆیەشەوە بە بڕوای ئەو شارەزایەی پەروەردەی منداڵ ئەوە ئەرکی حکومەتەو پێویستە حکومەت ئاوڕیان لێبداتەوەو شوێنی باشی یاریکردنو فێرکردنیان بۆ دابینبکات، «چونکە منداڵ پێویستی بە دەستی گەورەکانە بۆ گەشەکردنو نابێت جیاوازی لەنێوان منداڵانی هەژارو دەوڵەمەند یان کچو کوڕدا بکرێت».

دیاردەیەکی مەترسیدار بەسەر ژیانی منداڵەوە لەکوردستان بەدی دەکرێت ئەویش بەکارهێنانی منداڵە بۆ سواڵکردن، بەتایبەتیش منداڵی کەمئەندامو نەخۆش یاخود سوتاو کە دەرمانی خەو یان ئارامکەرەوەیان پێدەدرێتو بە سەرماو گەرما لەسەر شەقامەکان لەلایەن دایکو باوکەکانەوە بۆ سواڵکردن بەکاردێن، هۆکاری ئەمانەش سەرجەمیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵان لەکوردستاندا.

هەروەک تارا تەحسین جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری منداڵو خێزان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەم خولەی پەرلەماندا هیچ پرۆژەیاسایەکی تایبەت بەمنداڵ نەهاتووەتە لیژنەکەمانو یاسایەکی تایبەتیشم بەرچاو نەکەوتووە کە لە خولەکانی ڕابردووی پەرلەماندا دەرچووبێت یان قسەی لەسەر کرابێت، بەڵام لەبەرنامەماندایەو زۆر بەپێویستیشی دەزانین کە یاسای تایبەت بەمافەکانی منداڵان لەکوردستاندا هەبێت بەتایبەتیش بۆ ڕێگرتن لە سواڵپێکردنی منداڵان.

بەڵام منداڵانی کوردستان سەرجەم ئەو هەوڵانە بەبێ هودە لەقەڵەم دەدەنو ئاماژە بەوە دەکەن تا قسەکان نەبنە کردار منداڵان سوود لە ڕۆژی جیهانیان وەرناگرن، هەروەک سارای ١١ ساڵان وتی: «لە ڕۆژی جیهانی منداڵان گۆرانیمان بۆ دەڵێنو بەرپرسەکان لەتەلەفزیۆن ئەڵێن واتان بۆ دەکەینو واتان بۆ دەکەین، بەڵام دوای ئەو ڕۆژە ئیتر ئێمەیان بیردەچێتەوە».

# دەستی حیزب گەیشتووەتە هۆڵی تاقیکردنەوەکان

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

«دەستتێوەردانی حیزبی لە تاقیکردنەوەدا گەورەترین کارەساتی پەروەردەییە»

وەزیری پەروەردەی هەرێم هەڕەشەی قبوڵنەکردنی دەستتێوەردانی حیزبی لە تاقیکردنەوەی وزاری (١٢) ئامادەیی دەکاتو شارەزایانی پەروەردەییش، دەستتێوەردانی حیزبی لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا بە گەورەترین کارەساتی پەروەردە وەسفدەکەن.

ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٢٦ تاقیکردنەوەی وزاری قۆناغی ١٢ ئامادەیی بە بەشداری نزیکەی ١٠٠ هەزار خوێندکاری هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، کە تا ٦/٢٦ دەخایەنێت، ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی وزاری قۆناغی ١٢ی ئامادەیی، سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکیدا ئاماژەی بەوەکرد، سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکان ئەرکێکی نیشتمانییەو داوای لە بەڕێوەبەرو چاودێری هۆڵەکانی تاقیکردنەوە کرد، ئەو ئەمانەتە بە دەستپاکییەوە جێبەجێبکەن.

هەروەها هەڕەشەی ئەوەی کرد کە بە هیچ جۆرێک دەستتێوەردان قبوڵ ناکرێت، هەروەک لە پەیامەکەیدا دەڵێت: «هەر جۆرە تەداخولێک لە هەر لایەنێکەوە جێگەی قبووڵکردن نییە، کەس مافی ئەوەی نییە بەناوی هەر حیزبێک یان هەر لایەنێکەوە تەداخول بە کاروباری بەڕێوەبەری هۆڵەکانو چاودێرەکان بکات».

مامۆستا ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری یەکێک لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی قۆناغی ١٢ی ئامادەیی پێیوایە، دەستتێوەردانی حیزبی لە تاقیکردنەوەکاندا هەیەو ئەوەیش گەورەترین کارەساتی پەروەردەیە.

هاوکات بە بڕوای شارەزایانی بواری پەروەردە دەستتێوەردانی حیزبی لە کاروباری پەروەردەو تەنانەت تاقیکردنەوەکاندا بەستراوەتەوە بە بارودۆخی سیاسی هەرێمەوەو تائێستاش بوونی هەیە.

مەریوان سەلاح حلمی، شارەزای بواری پەروەردە ئەوە دەخاتەڕوو، لە تاقیکردنەوەی وزاری پۆلی ١٢ی ئامادەیی ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە ئاشکرابوو، ئەوەش بووەهۆی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە، لەوکاتەوە نیشانەی پرسیاری دروستکرد، کە ئەویش گومانکردنە لە بە باشی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەی وزاری، تائێستاش ئەو گومانە هەر بەردەوامە.

وتیشی: «تەداخولاتی حیزبی لە بواری پەروەردەو لە تاقیکردنەوەکانیشدا هەبووەو هەیە، دەستی حیزب گەیشتووەتە نێو هۆڵی تاقیکردنەوەکان، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی دیکە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەمە هەموو هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی نەگرتووەتەوەو لە ئاستێکی زۆر بەربڵاودا نییەو کەمە، جگە لە تەداخولاتی حیزبی تەداخولاتی ناحیزبیش هەبووە لە تاقیکردنەوەکاندا.

بە بڕوای مامۆستا ئاری ئەو پەیامەی وەزیری پەروەردە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تائێستاش دەستتێوەردانی حیزبی لە تاقیکردنەوەی وزاریدا بەردەوامە.


سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکەنەوە، بەڵام تائێستا حیزبو حکومەت تێکەڵاونو چنگی حیزب کایەکانی ژیانی خەڵکی گرتووەتەوە بە کایەی پەروەردەشەوەو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرە گشتییەکانو بەڕێوەبەرە ئیدارییەکانو تەنانەت بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگاکان لەلایەن حیزبەوە دانراون، لەو ڕوانگەیەشەوە شارەزایانی پەروەردە دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە هەناوی پەروەردەدا بە کارێکی قورس دەزانن.

هەروەک مامۆستا ئاری ئەحمەد وتی: «دەستتێوەردانی حیزبی لە بواری پەروەردەدا بە هەڕەشەی وەزیرو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بنبڕناکرێت، دەسەڵاتدارانو بەرپرسەکان خۆیان دەستوەردەدەنە کاروباری پەروەردەوەو حیزبو حکومەتیان تێکەڵکردووە، ئەمە گەورەترین گرفتی پەروەردەیە، جگەلەوەش وەزارەتی پەروەردە چاودێری چۆنێتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان ناکات، بەرپرسان یاساو بڕیار بۆ بازنەیەک دەردەکەن، بەڵام خۆیان لە دەرەوەی ئەو بازنەیەنو یاساو بڕیارەکانیش خۆیان ناگرێتەوە.

هاوکات بەرهەم مستەفا، شارەزا لە بواری پەروەردە ئاماژە بەوەدەکات، یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکان دانانی پرسیاری وزارییە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستاوە کە حیزب داینراونو لە هەمانکاتدا وانەی تایبەت دەڵێنەوەو زۆرجار لە ڕێگەی ئەو مامۆستایانەوە بەشێک لە پرسیارەکان ئاشکرادەکرێت.

# پاسپۆرت دەرکردن لە بازاڕی ڕەش کەمتری پێدەچێت

راپۆرتی: لاڤە بەشارەت،
ئاریان حەسەن

ئازاد قادر، کوردێکی دانیشتووی وڵاتی فەرەنسایەو بە سەردان گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان تا لە شاری سلێمانی پاسپۆرت بۆ منداڵەکانی دەربکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: «واستەکاریی هۆکاری درەنگکەوتنی کارەکەیەتی».

پێشتر بە باشترین فەرمانگەی سلێمانی ناوی دەرکردبوو لە راییکردنی کارەکانیدا، بەڵام ئێستا هاوڵاتییان سکاڵایان هەیە لە واستەکردن لە بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی.

ماوەی (٣) رۆژە ئازاد لە سەعات (٧)ی بەیانییەوە سەردانی بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی دەکات، بەڵام کارەکانی تەواونابێتو وتی: «ئەم قەرەباڵغیە شتیکی سەیرە بەلامەوە، چونکە لە فەرەنسا بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرت نە ئەوەنە گەورەیەو نە ئەوەندەش کارمەندی هەیە، بەڵام بە (٢) سەعات پاسپۆرتت بۆ دەردەکەن».

بەمەبەستی نەهێشتنی گەندەڵیو رۆتینات لە فەرمانگەکاندا، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای وەتەرهاوس کرد، بەڵام هاوڵاتییان هێشتا بێزارن لە دواکەوتنی مامەڵەکانیان لە فەرمانگەکاندا.

محەمەد لەتیف، هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانییەو بۆ دەرکردنی پاسپۆرت لە ریزی سەرەگرتنی هاوڵاتییاندا وەستابوو، وتی: «ئەو هاوڵاتییانەی کە واستەیان هەیە سەرەکانیان زوو پێشدەخرێتو مافی هاوڵاتییانی دیکە پێشێلدەکرێت».


بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی
فۆتۆ: رۆژنامە

بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی بەمەبەستی دەرکردنی پاسپۆرت رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان سەردانی دەکەن، شێوازی نوێی کارکردنیشیان بەپێی سیستمێکی ئەلکیترۆنیو ژمارەیە، بەڵام هاوڵاتییان نزیکەی (٢) مانگیان پێدەچێت بۆ دەرکردنی پاسپۆرتێک.

بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی رۆژانە (١٠) سەعات بە (٢) شەفت دەوامی تێدادەکرێتو (٦٠٠) هاوڵاتی بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت رووی تێدەکەن، بەڵام بە وتەی بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە، رۆژانە تەنیا کاری (٢٠٠) هاوڵاتی تەواودەکرێت.

سالح عوسمان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان سەردانی بەڕێوەبەرێتییەکەیان دەکەن، ئەو هاوڵاتییانەش کە کارەکانیان تەواونابێت نارەزایی دەردەبڕنو گلەییان لێدەکەن.

سالح هۆکاری ئەو قەرەباڵغیەشی گەڕاندەوە بۆ زۆریی وردبینی لە دەرکردنی پاسپۆرتدا، وتیشی: «ئەمەش دەبێتە هۆی درەنگکەوتنی کاری هاوڵاتییان»، جگە لەوەی کە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی خولی کەمیان بینیوەو شارەزاییان کەمە.

ئەو هاوڵاتییانەی کە سەفەری پەلەیان هەیەو پێویستیان بە پاسپۆرت هەیە، هەرگیز ناتوانن سوود لە بەڕێوەبەرێتییەکانی پاسپۆرت وەربگرن، بەم هۆیەشەوە هانا بۆ بازاڕی رەش دەبەنو بە (٥٠٠) دۆلار پاسپۆرت لە بەغدا دەردەکەن.

بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی رەتیکردەوە کە واستەو بەرتیل لە فەرمانگەکەیاندا کاری پێبکرێتو وتی: «لێپرسینەوەی زۆر توند بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانە دەکرێت کە ئەوکارانە بکەن، سیستمەکەش ئەلیکترۆنییەو ناتوانرێت هیچ کەسێک پێش هاوڵاتییەکی دیکە پاسپۆرتی بۆ دەربکرێت».

لە رووی ئیدارییەوە بەڕێوەبەرێتییەکانی پاسپۆرت سەر بە حکومەتی ناوەندین لە بەغداو زۆرکات لە بەغداوە کارەکانیان رادەگیرێت، بەڵام ئەمە نابێتە پاساوێک بۆ کارنەکردن بۆ هاوڵاتییان، لەکاتێکدا کە ئێستا داواکاریی هاوڵاتییان بۆ پاسپۆرت رووی لە زیادبوون کردووە.

# کردنەوەی پەیمانگەیەک لە چۆمان، دووساڵ دوادەکەوێت

ئەحمەد باڵەکی

ماوەی ساڵێک زیاترە، بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی لە قەزای چۆمان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمەوە دەرچووە، بەڵام تا ئێستا ئەم پەیمانگایە نەکراوەتەوە.

لە ساڵی خوێندنی(٢٠٠٩و٢٠١٠)دا، دووبەش بە ناوی پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان کرابوونەوە، بەڵام لە قەزای سۆران دەوامیان دەکرد، کە بریتیبوون لە بەشەکانی کارگێڕیی کارو کۆمپیوتەرو هەربەشەیان (٣٤)خوێندکاری وەرگرتبوو.

لەو بارەیەوە شەهاب عوسمان سالح، راگری پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان بەوەکالەت، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە «ماوەی ساڵێک زیاترە، بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان دراوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک تا ئێستا بەتەواوی نەکراوەتەوە، ئەگەرچی وابڕیاریش بوو بۆ ساڵی خوێندنی نوێ، ئەو پەیمانگایە بەڕەسمیی بکەینەوە».

ماوەیەک لەمەوبەرو لەسەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ناوەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە بڕیاریان دابوو هەرپەیمانگایەک یان کۆلیژێک مامۆستای تەواویان بۆ نەچێت، یاخود نەیان بێت، ئەوا رادەگیرێن، واتە خوێندکار وەرناگرن.

راگری پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان بەوەکالەت، وتی: «ئێمەش وەکو پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان، هەمان کێشەمان هەیەو مامۆستای پسپۆڕو شارەزامان بۆ دابیننەکراوە لەبوارەکاندا، ئەمەش بوو بە هۆکاری راگرتنی ئەم پەیمانگایە لەساڵی خوێندنی نوێداو پێدەچێت ئەم راگرتنە تا دووساڵی دیکە بخایەنێتو لە ئێستاوە ساڵێک رادەگیرێت، ئەگەر کێشەی کەمیی مامۆستامان بۆ چارەسەر کرا، ساڵی دواتر دەیکەینەوەو ئەگەرنا ناتوانین بیکەینەوەو کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی میلاکی مامۆستایە».

قەزای چۆمان، بە هەر چوار ناحیەی سمێلانو قەسرێو حاجی ئۆمەرانو گەڵاڵەو (١١٦)گوندەوە، تا ئێستا هیچ پەیمانگاو کۆلیژێکی تێدا نییە، کە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە.


قەزای چۆمان

# پیشەوەرەکانی خەلیفان، خزمەتگوزارییان دەوێت

پ. خەلیفان


شوێنی ژمارەیەک لە پیشەوەرانی خەلیفان

پیشەوەرەکانی شارۆچکەی خەلیفان، رەخنە لە ئیدارەی ناوچەکە دەگرن بەوەی کە کارەکانیان گواستوونەتەوە بۆ ناوچەیەک کە هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابیننەکراوە.

بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی شارەوانیی خەلیفان، پیشەوەرەکانی شارۆچکەکە لەناو بازاڕەوە گوازرانەوە بۆ جێگایەکی دیکەو ئەوەی نیگەرانیی لای پیشەوەرەکان دروستکردووە ئەوەیە، کە پێش دابینکردنی خزمەتگوازییە پێویستەکان گوازراونەتەوە بۆ ئەو شوێنەو گرفتی لەبەردەم کارەکانیاندا درووستکردووە.

رێکان رزگار، یەکێک لە پیشەوەرەکانی خەلیفان ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە زیاتر لە (٤٠)پیشەوەرو زیاتر لە دوو ساڵە گوازراونەتەوە بۆ ئەو شوێنەو تائێستا خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابیننەکراوەو وتی: «سەرەڕای ئەوەی رێگاوبانمان نییە، تائێستا شارەوانی نەهاتووە پاشماوەکانمان فڕێبداتو نازانین بۆ ئێمەیان هێناوەتە ئێرە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «لە وەرزی زستاندا زۆر بە زەحمەت ئۆتۆمۆبێلەکان دەگەنە لامانو دەربارەی کارەباش ئەوەی من زانیومە، لەهەموو شوێنێک بەیانیان کارەبای ناوچە پیشەسازییەکان دەدرێت، بەڵام لای ئێمە بەپێچەوانەوەیەو دوای نیوەڕۆ کارەبای نیشتمانیمان دەدرێتێ».

عەبدوڵڵا ئیبراهیم، سەرۆکی شارەوانیی خەلیفان، سەبارەت بە خزمەتگوزاریی لە ناوچەی پیشەسازیی، وتی: «لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی ناحیەو لیژنەی ئابووریی کۆبووینەوە بۆ چارەسەری گرفتەکانیانو لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداریش قسە دەکەین بۆ گۆڕینی کاتی کارەبای نیشتمانیو سەبارەت بە شەقامە ناوخۆییەکانی ناوچەی پیشەسازیی خەلیفانیش، دەرخستەی بۆ کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی شارەوانییەکانی هەولێرەوە».

پیشەوەرەکانی شارۆچکەی خەلیفان، نزیکەی (٤٠)دوکاندار دەبنو ماوەی دوو ساڵە بە بڕیارێکی شارەوانی لەناو سەنتەری شارۆچکەکەوە گوازرانەوە بۆ شوێنێک کە چەند کیلۆمەترێک لەناو سەنتەری خەلیفانەوە دوورە بە کەمترین پرۆژەی خزمەتگزارییەوە.

دلشاد ئەحمەدی ئاسنگەریش پێیوایە: کاتێک شوێنێک بۆ پیشەوەر یان هەر کەسێکی دیکە دیاریدەکرێت، سەرەتا خزمەتگوزاریی پێدەگەیەنرێتو دواتر کاری گواستنەوە دەکرێت، «لە وڵاتی ئێمە هەموو شتێک پێچەوانەیە، بۆماوەی دووساڵە ئێمەو هەموو پیشەوەرەکانیان گواستووەتەوە، تائێستا هیچمان بۆ نەکراوەو نە ریگاوبان نە کارەبای وەکو پێویستە کە ئێمەشیان گواستەوە، وتیان، بەس ئێوە بڕۆنو ناوبازاڕ چۆڵ بکەن، ئەوا هەموو شتێکتان بۆ دەکەین، بەڵام بەداخەوە، تا ئێستا تەنیا ئاویان بۆ دابینکردووین».

# یاسای قەدەغەکردنی لەشفرۆشی، توند دەکرێت

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

مەترسییەکانی پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە زیادبووندان، بۆیە داوا دەکرێت یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشی پتەوبکرێت، بەشێوەیەک کە سزای ژن‌و پیاو وەک یەکی لێبکرێت.

هەفتەی رابردوو لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشی سالی (١٩٨٨)ی عێراقی تاووتوێکرد، کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرابوو.

کوێستان محەمەد، ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشی هەندێک کەموکورتی تێدابوو کە پێویستی بە چاککردن هەبوو، هەربۆیە پڕۆژەی هەموارکردنەکەمان تاووتوێکردو راپۆرتی خۆمان ئامادەکردووە تا بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەری».

لە یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشیدا کە لە عێراق‌و کوردستان کاری پێدەکرێت، سزا بۆ ژنی لەشفرۆش دانـراوە، بەڵام سزای پیاوی تێدا نییەو بەو هۆیەشەوە بە بڕوای کوێستان: «پێویستە ژن‌و پیاو هەردووکیان وەک یەک سزابدرێن‌و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکرێت‌و ئەگەر لەشفرۆشی تاوانە، ئەوا دەبێت سزای هـەردوو تاوانبارەکە وەک یەک بێت».

هەموارکردنی یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشی، پڕۆژەی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییەو تێیدا داوای کردنەوەی شوێنی چاکسازیی کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە توشی لەشفرۆشی هاتوون، هاوکات داوای رێگرتن لە وەرگرتنی هەر پۆستێکی ئیداریی کراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە توشی لەشفرۆشی بوون، یان بەهۆی لەشفرۆشی‌و هۆکاری بـڵاوکـردنـەوەی لەشفرۆشییەوە حوکم دراون.

سـەرگـوڵ رەزا، پـەرلـەمـانـتـاری فراکسیۆنی کۆمەڵ بۆ رۆژنامە وتی: «(٢٠) ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشیدا تێپەڕیوەو لەئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر واقیعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا هاتوون، پێویست بە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە دەکرێت، هەربۆیە داوای چاککردنی چەند بڕگەیەکی یاساکەمان کردووە».

چەند مانگێک لەمەوبەرو لە یەکێک لە ئوتێلەکانی هاوینەهەواری (سەرسەنگ)دا لە دەڤەری بادینان، دیاردەی لەشفرۆشی سـەریـهـەڵـدابـوو، خەڵکیش بەئاشکرا بۆ ئـەو مەبەستە سـەردانـیـان دەکـرد، بـەڵام لەلایەن هاوڵاتییانی دانیشتووی ناوچەکەوە، خۆپیشاندان کراو ئوتێلەکە ئاگری تێبەردرا بە مەبەستی داخستنی، هەروەک دیاردەی لەشفرۆشی لە کلتوورو نەریتی کـوردو ئیسلامدا نـەخـوازراوە، هاوکات چەندین نەخۆشیی تەندروستیشی لێوە دەگوێزرێتەوە کە بەهەمانشێوە لەکوردستاندا نامۆن.

هـاوڕاز ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لـیـژنـەی تـەنـدروسـتـی لـە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێویستە لە رێگەی هەموارکردنەوەی یاساکەوە کار بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی لەشفرۆشی بکرێت، چونکە لەشفرۆشی جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی پساندنی شیرازەی خێزان‌و کۆمەڵگە هاوکات چەندین نەخۆشی بەهۆیەوە بڵاودەبێتەوە کە خەتەرناک‌و بکوژن».

لەماوەی رابردوودا، ژنێک بە تاوانێکی بچوک لە یەکێک لە بەندیخانەکانی هەرێمدا بەندکرابوو، بـەڵام دوای تەواوبوونی حوکمەکەی، بە تاوانی لەشفرۆشی لەهەمان بەندیخانە بەندکرایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە بەندیخانەدا توشی باندێکی لەشفرۆشی بـووەو لـەدوای ئازادبوونی کاری لەگەڵ کـردوون، هۆکاری ئەمەش نەبوونی پۆلێنبەندییە بۆ جـۆری ئەو تاوانانەی کە کەسەکانیان لەسەر حوکم دەدرێن.

خانم رەحیم، بەرپرسی رێکخراوی ئاسودە بۆ داکۆکیکردن لە ژنان، ئاماژە بەوە دەکـات: لە بەندیخانەکاندا کەسانی حوکمدراو بە کوشتن‌و دزی‌و لەشفرۆشی تێکەڵن لـەگـەڵ ئـەو کەسانەی کـە بە رووداوێکی هاتوچۆ چوونەتە بەندیخانەوە، «کـە ئەمە ئەرکی حکومەتە، هەستێت بەجیاکردنەوەی ئەو کەسانە لەیەکتر، تا کێشەکان تێکەڵاو نەبن».

دیـاردەی لەشفرۆشی لەهەر وڵاتێکدا سەرهەڵبدات، یەکێکە لە بەرچاوترین پێشێلکارییەکان بەرامبەر مافەکانی ژنان، چ ئەو ژنانەی کە ئەو کارە بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانیان ئەنجامدەدەن‌و چ ئەو ژنانەش کە مێردو براو باوکیان لە رێی ئەنجامدانی ئەو کارەوە مافەکانیان پێشێل دەکەن.

هەروەک بە بڕوای ئەو چالاکەی بواری مافەکانی ژنان، لە کوردستاندا ژن قوربانیی یەکەمە لە حاڵەتەکەدا، چونکە بەپێی یاسای لەناوبردنی لەشفرۆشی، تەنیا ژن تاوانبارەو بەپێی یاسا، پیاوە لەشکرەکە وەک شایەت بەسەر ژنەکەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە «ئەمە کەموکوڕییەکی زۆر زەقەو پێویستی بە چاککردن هەیە».

# بەڵێنەکانی بەپارێزگاکردنی رانیە، دەبنە هەڵم

رانیە– شاسوار مامە

بەڵێنی ئـیـدارەی سەربەخۆ بۆ سنووری راپەڕین لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ماوەی (٦)مانگی بەسەردا تێپەڕدەبێت‌و تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ نەنراوە.

گۆڕینی سنووری یەکە ئیدارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاو کردنەوەی پارێزگایەکی نوێ بەپێی دەستوورو یـاسـا لـە دەسـەڵاتـی حکومەتی ناوەندیدایەو بەوهۆیەوە بەڵێنی کردنی رانیە بە پارێزگایەکی سەربەخۆ لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، گـۆڕا بۆ ئیدارەیەکی سەربەخۆو سـەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو بەڵێنانەدا، تا ئێستا نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

روونـاکـبـیـران‌و دانیشتوانی سنوورەکەش پێیانوایە: بڕیارو بەڵێنی ئـیـدارەی سەربەخۆ بـۆ ناوچەکە رەهەندی سیاسی هەیەو تەنها بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن‌و بەڵێنی حیزبی‌و کەسی‌و بۆ رازیکردنی هاوڵاتییان بوون.

هـاوڕێ کـاسـتـرۆ، نـووسـەرو رۆشنبیر بە رۆژنامەی وت: «ئەو بڕیارە رەهەندێکی سیاسی هەبوو، ئەگەرچی داخوازی هاوڵاتییان بە پارێزگاکردنی رانیە بـوو، بـەڵام دواتـر گـۆڕدرا بۆ ئیدارەی سەربەخۆ، هەرچەندە لە دوای راپەڕینەوە، رانیە یەکەم قەزا بوو کە داوای بەپارێزگابوونی کردووە».

لە کۆتایی ساڵی(٢٠٠٩)و ماوەیەکی کەم پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٣/٧)دا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هـەرێـمـی کـوردسـتـان، سـەردانـی ناوچەکەی کردو بەڵێنی دا ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ سنووری پشدەرو بتوێن (راپەڕین) پێکبهێنرێت‌و رانیە بکرێتە مەرکەزی ئەو ئیدارەیە.

بە بــڕوای کاسترۆ: «بڕیارەکە لە کاتی خۆیدا کاریگەریی هەبووە، لیژنەی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە پێکهێنراوە، ئەگەرچی سەرۆکایەتیی هەرێم لەشێوەی بڕیارێکی ئیداریدا ئەو بڕیارەیان دەرکردو بوو بە ماڵ لەسەر حکومەتی هەرێم، بەڵام تا ئێستا نە ئەو بڕیارە جێبەجێکراوە، نە سەرەداوێک هەیە لەوەی جێبەجێ دەکرێت».

هــاوڕێ کاسترۆ، بە پێویستی دەزانێت کە بڕیارەکان لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەربکرێن‌و بچنە بواری جێبەجێکردنەوەو سەرۆکایەتیی هەرێمیش روونکردنەوە بدات لەسەر جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە.

لەبەرامبەردا نووسەرو روناکبیر، سەید خالید، دڵنیایە لەوەی کە ئەو جۆرە بڕیارانە دەچنە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوەو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: جگە لە پشدەرو بتوێن، بەڵێنی لەو شێوەیە بەناوچەکانی تریش دراوە، «بڕیاردان لەسەر ئەوەی ناوچەیەک بکرێت بە ئیدارەی سەربەخۆ، پێویستی بە بڕیاری حکومەت هەیەو پێویستی بە یاسایەک هەیە کە پەرلەمان تاووتوێی بکات‌و روونبکرێتەوە، کە ئەو شوێنەی دەبێتە ئـیـدارەی سەربەخۆ، چۆن بودجەی سەربەخۆو دەسەڵاتەکانی پێدەدرێت‌و لە چ ئاستێکدا دەبێت‌و توانای ئابووریی ئەو ناوچەیە چۆن رێکدەخرێت، بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتە زۆر ئاسان نییەو بڕیاردان بە سەرزارەکی لە توانای سەرۆکی حیزبێک، یان سەرۆکی حکومەت‌و تەنانەت سەرۆکی هەرێمیشدا نییە».

سـنـووری پـشـدەرو بتوێن لە هەردوو قەزای رانیەو قەڵادزێ‌و (٩) ناحییە پێکهاتووەو دانیشتوانەکەی نزیکەی (٣٣٠-٣٥٠)هەزار کەس دەبن‌و ناوچەیەکی بەرفراوانەو لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

سـەبـارەت بـە دروسـتـکـردنـی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ سنووری پشدەرو بتوێن، عەلی حەمەد وسو، قایمقامی قەزای رانیە بە رۆژنامەی راگەیاند: هیچ نووسراوێکی فەرمییان لەو بـارەیـەوە پێ نەگەیشتووە، بۆ ئـەوەی بزانن کە چارەنووسی ئەو ئیدارەیە گەیشتووەتە کوێ‌و بەڵێنی سەرۆکی هەرێم بۆ ئیدارەی سەربەخۆ، بەڵێنی تـەواو نەبووە، بەڵکو تەنها هەولدان بووە، ئەوەی کە بۆ تا ئێستا جێبەجێنەکراوە، شتێکی دیکەیە.

وتـیـشـی: «ئـاسـتـەنـگـی زۆر دروسـتـکـراوە، ئـەو بـڕیـارەش بۆ ماوەیەکی زیاتر دوادەکەوێت».

سەید خالید ئاماژەی بەوەشکرد: «بەشێوەیەکی گشتیی، ئـیـدارە لە هەرێمی کوردستان چەندین گرفتی هەیە، با جارێک ئەو کێشانە چارەسەر بکەن‌و ئیدارەی کوردستان بکرێتە لامەرکەزی، دواتر دەتوانن ئیدارەی سەربەخۆ بۆ شارەکان دابنێن‌و بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانن سوود لە وڵاتانی پێشکەوتوو ببینن».

بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی نازناوی (دەروازەی راپەڕین)ە، شاری رانیە زۆرترین بەڵێنی پێدراوەو گرنگترینی ئەو بەڵێنانەش، بەپارێزگاکردنی رانیە بـوو، کە دواتـر گـۆڕدرا بە بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین، کە تا ئێستا چارەنووسی نادیارە.



قەزای رانیە

فۆتۆ: رۆژنامە

# حکومەت نەخۆشخانەیەکی (٥) ملیۆن دۆلاریی وەرناگرێت




چۆمان: ئەحمە دباڵەکی

ماوەی (٦) ساڵە نەخۆشخانەیەکی (٥) ملیۆن دۆلاری لە چۆمان لە کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکە وەرنەگیراوەتەوە، هاوڵاتییانیش پێیانوایە: «بینایەکی زەبەلاح هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نییە».

نەخۆشخانەی (٥٥) قەرەوێڵەیی چۆمان کە لەساڵی ٢٠٠٤-وە لـەلایـەن کۆمپانیای رێکانەوە دەست بە دروستکردنی کراوە لەسەر رووبــەری (٢٥٠٠) مەتر چوارگۆشە، بەهۆی بوونی کەموکوڕیی لە پڕۆژەکەو دابیننەکردنی پێداویستییەکانەوە تائێستا لە کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکە وەرنەگیراوەتەوە.

ئیبراهیم حسێن، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قـەزای چۆمان بۆ رۆژنامە باس لەوە دەکات: نەخۆشخانەی گشتیی چۆمان لە رووی بینایەوە تارادەیەک باشە، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەو بەڵێندەرەی ئەم پڕۆژەیەی دروستکردووە تائێستا لێی وەرنەگیراوەتەوە: «راستە ئەم نەخۆشخانەیە تارادەیەک رێکوپێک‌و فراوانە، بەڵام تائێستا لایەنی پەیوەندیدار نەیانتوانیوە ئامێرەکانی ئەم نەخۆشخانەیە دابین بکات، ئەگەر هەر نەشتەرگەرییەکی بچووک یان گەورە هەبێت، دەبێت پەنا ببرێتە بەر سۆران.

قەزای چۆمان لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرەو نزیکەی (٢٠٠) کیلۆمەتر لە مەرکەزی پارێزگاکەوە دوورە.

ئەو هاوڵاتییە باس لەوە دەکات، سنوورەکەیان مینێکی زۆری تێدایەو ئەگەر هاوڵاتییان تووشی هەر گرفتێک ببن، دەبێت بچن بۆ نەخۆشخانەکانی سۆران یان هەولێر، ئەوەش مەترسیی لەسەر ژیانیان دروستدەکات.

هیمداد قادر، هاوڵاتییەکی دیکەیەو پێی سەیرە کە لەساڵی ١٩٩١-وە ئەو نەخۆشخانەیە لـە (خێمە)دا بووەو گەورەترین نەشتەرگەریی تێدا دەکرا، کەچی ئێستا ئەم نەخۆشخانەیە بچووکترین نەشتەرگەریشی تێدا ناکرێت.

جگە لە دانیشتووانی ناوچەکە، لە وەرزی هاوینـدا ژمارەیەکی زۆر لە (کۆچەرییەکان)و ئاژەڵدارەکان روو لە کوێستانەکانی ناوچەکە دەکەن‌و بوونی نەخۆشخانەیەکی گەورە دەبێتە پێویستییەکی گرنگی ناوچەکە.

هاوڵاتییانی ناوچەکە داواکــارن لایەنی پەیوەندیدارو بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی دکتۆری پسپۆڕو ئامێرو کەرەستەی پێویست‌و پێشکەوتوو بۆ نەخۆشخانەکە دابینبکات، بەوپێیەی مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە ناوچەکەیانەوە نزیکەو ساڵانە ئەو مەرزە داهاتێکی زۆری هەیە بۆ حکومەت‌و دەکرێت لەو داهاتە پێداویستییەکانی دیکەی ناوچەکەیان پڕبکرێتەوە.

د.ئەحمەد حەسەن، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی چۆمان، بـاس لە کەموکوڕییەکان‌و تەواونەبوونی پڕۆژەکە دەکات لەکاتی خۆیداو وەرنـەگـرتـنـەوەی پـڕۆژەکـە لـەلایـەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوەو دەڵێت: «شوێنی هەڵکەوتەی جوگرافی‌و کەمتەرخەمیی کۆمپانیای جێبەجێکارو کێشەی نێوان کۆمپانیاکەو لایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکارە، جگە لـەوەی لە سەرەتادا پڕۆژەکە فراوانکردن‌و نۆژەنکردنەوە بووە دواتر بڕیارەکە گـۆڕاوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گشتیی لەو جۆرە».

ئاماژەی بەوەشکرد: ئێستا تەواوی ئامێرە پزیشکی‌و کەرەستەکانی دیکە گەیشتوون‌و ئەوەندە ماوە کۆمپانیای جێبەجێکار ئامێرو پێداویستییەکان بگوازێتەوە نەخۆشخانەکە.

د.ئەحمەد هۆکاری ئەنجامنەدانی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانەکە گەڕاندەوە بۆ وەرنەگرتنەوەی نەخۆشخانەکەو کەمیی دکتۆری پسپۆڕو وتی: «داوامــان لە سـەرووی خۆمان کـردووە کە دکتۆری پسپۆڕ بۆ نەخۆشخانەکە دابمەزرێنن لە زۆربەی بوارەکانداو بەم نزیکانە نەخۆشخانەکە وەردەگیرێتەوەو دەستدەکرێت بە کارکردن تێیدا».

# گەشەسەندنی پەیوەندییەکان، تۆپبارانی سنوورەکان راناگرێت

ئەحمەد باڵەکی

پەیوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و وڵاتانی تورکیاو ئێران، نەیانتوانیوە تۆپبارانەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ سەر خاکی هەرێم رابگرن کە دڵەڕاوکێیان دروستکردووە.

ماوەی دوو هەفتەیە تۆپخانەکانی ئێران، زۆر بە سەختی ناوچە سنوورییەکانی شارەدێی (قەسرێ) یان بۆردوومان دەکەن، ئەمەش ترس‌و دڵەڕاوکێی زۆری لای دانیشتووانی ئەو ناوچانە دروستکردووە.

رۆژی دواتریش ئەو تۆپبارانانە بەردەوامبوون‌و گوندەکانی سەر بە قەزای چۆمانیان بۆردومان کرد، بەم هۆیەشەوە کچێکی تەمەن (١٤) ساڵ بەناوی (بەسۆز جەبار) لەکاتی تەماتەچاندندا بە سەختی بریندار دەبێت‌و پاشان گیانی لەدەستدا.

رەسول حسێن ئیبراهیم، یەکێکی ترە لە قوربانییەکانی ئەو تۆپبارانەو باس لەوە دەکات کە چەندین ساڵە لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومەکانی کشتوکاڵدا، ئێران تۆپبارانی گوندەکانیان دەکات بەبێ ئەوەی قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە.

حکومەتی تورکیا بە پاساوی بوونی گەریلاکانی پەکەکە لە چیاکانی قەندیل‌و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە پاساوی بوونی گەریلاکانی پژاک، ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن، حکومەتی هەرێمیش هیچ چارەسەرێکی پێ ناکرێت.

بەڵام رەسول حسێن، ئەوە رەتدەکاتەوە کە هیچ بارەگایەکی پەکەکەو پژاک لە ناوچەکەیان (گوندەکانی قەزای چۆمان)دا کە لەم رۆژانەدا ئێران بۆردومانیان دەکات، بوونی هەبێت.



خێوەتگەی خێزانە ئاوارەبووەکان فۆتۆ: رۆژنامە

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان بۆ رۆژنامە وتی: «لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەردەوام بەڵێنمان وەرگرتووە، بەڵام هیچ سوودی نەبووە»، ئەم بۆردومانەشی بە هۆکارێکی سیاسیی زانی.

لە تازەترین هەولیشیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەفەرمیی داوای لە هەردوو وڵاتی ئێران‌و تورکیا کردووە کە تۆپبارانەکانی ئەو ناوچانە رابگرن.

کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامن بۆ راگرتنی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و تورکیاوە، بۆ ئەو مەبەستەش بە شێوەیەکی فەرمیی داوامان لە حکومەتی ئەو دوو وڵاتە کردووە کە تۆپبارانی ئەو ناوچانە رابگرن».

لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی حکومەتی هەرێمیشدا، تۆپبارانەکان بەردەوامن‌و دوێنێ (٥/٣١)، ناوچەی (حاجی ئۆمەران) لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆردومان کراوەو چەند ناوچەیەکی گەشتیاریی تێکدراوە، بۆردومانەکە بارەگاکانی پاسەوانی سنووریشی گرتووەتەوە کە سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقە.

# باڵیۆزخانەی سوید، رۆژنامە خەڵات دەکات

ئاوارە حەمید

باڵیۆزخانەی سوید لە عێراق، سێ رۆژنامەنووسی خەڵات کرد لە پای سەرکەوتنیان لە پێشبڕکێی گرنگیی ئاوو هاندانی هاوڵاتییان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو کە حکومەتی سوید رێکیخستبوو.

لە رێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکەدا لە هۆڵی شیراتۆن لە هەولێر، مارتن ئیدرۆپی نوێنەری حکومەتی سوید لە باڵیۆزخانەی سوید لە بەغدا، رایگەیاند: پێنج مانگ بەر لە ئێستا، پێشبڕکێیەکمان بۆ رۆژنامەنووسان لە هەولێر سازکردو تێیدا داوا لە رۆژنامەنووسانی بەشداربوو کرا، راپۆرتی خۆیان لەسەر پاراستنی ئاوو بەفیڕۆنەدانی ئامادەبکەن، لەنێو (٢٧) رۆژنامەنووسی بەشداربوودا، هەریەک لە ڕۆژنامەنووسان، هێمن ئەمین لە کەناڵی ئاسمانیی کوردسات‌و فرمان عەبدولڕەحمان لە رۆژنامەی رۆژنامەو ئاسۆ سەراوی لە رۆژنامەی ئاوێنە بە پلەکانی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم هاتن.

ئیدرۆپ ئاماژەی بەوەشدا: پێشبڕکێکە بە کۆمەکی حکومەتی سویدو رێکخراوی قەندیلی سویدی‌و وەزارەتی شارەوانی‌و گەشتوگوزاری هەرێم رێکخراوە.

وابڕیارە ئەم سێ رۆژنامەنووسە، گەشتێکی یەک هەفتەییان لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی جیهان بۆ ئاو لە وڵاتی سوید بۆ ئەنجامبدرێت.

فرمان عەبدولڕەحمان، لە بارەی رێزلێنانەکەیەوە رایگەیاند: «خەڵاتکردن یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکان بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس ئیشی جوان بکات».

فرمان، ئاماژەی بەوەشکرد: رۆژنامەنووسەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی واشنتۆنپۆست‌و نیویۆرکتایمز، هەموو ساڵەکە بۆ یەک مەبەست ئەو هەموو کارە جوانە دەکەن، ئەویش بە دەستهێنانی خەڵاتی بۆلیتزەرە.



فرمان عەبدولڕەحمان لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا

# بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ: نەزۆکی لە پیاواندا زیاترە



یەکەم منداڵی بلوریی لە جیهاندا فۆتۆ: ئەرشیف

سازدانی: سۆکار عەبدوڵلا

پسپۆڕانی تەندروستی هۆشداریی دەدەن لە زۆربوونی رێژەی نەزۆکیی لە هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا پرۆژەی سەنتەری چاندنی منداڵی بلوری بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخانکراوە.

د. ئامانج رەحیم زەنگەنە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵبوون‌و نەزۆکیی‌و بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ بۆ چاندنی منداڵی بلووریی، ئاماژە بەوە دەکات: تائێستا لە کوردستاندا رێژەیەکی دیاریکراو بۆ نەزۆکیی نییە، بەڵکو رێژەکە هەروەک وڵاتانی دیکەی جیهانە، کە دەگاتە (٢٨٪)ی هاوڵاتییان.

بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ هۆشداریی دەدات، کە لە کوردستاندا رێژەی نەزۆکیی لەپیاوانیشدا زۆر بووە، بە رادەیەکە وایلێهاتووە رێژەی نەزۆکیی پیاوو ژن وەک یەکی لێهاتووە، ئەگەر لە پیاواندا زیاتر نەبێت.

کێشەی نەزۆکیی لەگەڵ پەرەسەندنیدا چارەسەریشی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەشێک لەو خێزانانەی منداڵیان نابێت بە هەزاران دۆلار بۆ ئەو کێشەیە خەرج دەکەن.

د. محەمەد ئەمین پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی ئاماژە بەوە دەکات، کە پرۆژەی سەنتەری چاندنی منداڵی بلووریی لە ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە پرۆژەیەکی بێوێنە لە قەڵەم دەدرا لە (٥٠٠) هەزار دۆلار زیاتر یان نزیکەی (٦٠٠) هەزار دۆلاری تێچوو بە چاککردنی بینای نەخۆشخانەی منداڵبوونەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم پرۆژانە پێویست نەبوون لە رووی زانستی بەڕێوەبردن‌و سیاسەتی تەندروستی پزیشکییەوە.

د. محەمەد وتیشی: «بودجەیەکی باشیشیان بۆ تەرخانکرا، لە ئەنجامدا بودجەکە سەرفکراو کەس نازانێت بەچی گەیشت تا ئەو ئاستەی کەس لە وەزارەت‌و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی باسی ناکەن».

شارەزایانی تەندروستی پێیانوایە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، رێژەی نەزۆکیی زیادی نەکردووە، بەڵام ئێستا خەڵک زیاتر دێتە پێشەوەو هۆشیارترەو پسپۆڕی باشتر هەیەو چارەسەری باشتر هەیە لەو بوارەدا.

لەبارەی هۆکارەکانی زیادبوونی نەزۆکییەوە بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ ئاماژە بەخراپبوونی بارودۆخی دەروونیی هاوڵاتییان، قەڵەویی‌و دانیشتنی بەردەوام، کە جووڵەی تێدا نەبێت، جگە لە زیانەکانی جگەرەکێشان‌و خواردنەوە کحولییەکان.

بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ ئاماژە بەوەشدەکات: ئەو کچانەی لە تەمەنی منداڵیدا شوودەکەن‌و نایانەوێت بە تەبیعی منداڵیان ببێت، یەکسەر داوای نەشتەرگەریی دەکەن، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر منداڵی نەبێتەوە.

د. ئامانج باسی لەوەشکرد، کە لە ئێستادا چارەسەر هەیە بۆ حاڵەتی نەزۆکیی‌و پێویست بەوەش ناکات خەڵک بچێتە دەرەوەی وڵات، وتیشی: «لە پارەوە سەنتەری چارەسەری چاندنی منداڵی بلوریمان کردووەتەوەو سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوەو منداڵێکی زۆریش بە چاندنی بلوریی لە دایک بووە».

بەڕێوەبەری سەنتەری دواڕۆژ ئامۆژگاریی ئەوە کەسانەش دەکات کە دەیانەوێت لە نەزۆکیی رزگاریان ببێت، پێویستە تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ کەمتربێت‌و دەڵێت: لەم سەنتەرانەدا چەند تەمەنی کەسەکە زیاتر بێت، ئەوەندە ئیحتیمالی سەرکەوتنی کەمتر دەبێت، تەمەن زۆر رۆڵ دەبینێت‌و ژمارەی هێلکەی کەسەکەش تا زیاتر بێت سەرکەوتنی زیاترە.

## نزیکەی (٨٥٪)ی جگەرەکێشانی کوردستان لە حاڵەتی ئالودەبووندان

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان جێبەجێ نەکراوە

چاوان عەلی

لە رۆژی جیهانیی جگەرە کێشاندا نەتوانرا لە کوردستان ئامارێکی رەسمییو ورد ئامادەبکرێت، کە رێژەی جگەرە کێشەکان دیاری بکات، یان ئەو رێوشوێنانە بخرێنەڕوو، کە لەدوای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە (٢٠٠٧)ەوە لە پەرلەمان دەرچووە.

ئەگەرچی (٥/٣١)، کە رۆژی جیهانیی قەدەغەکردنی جگەرەکێشانەو ساڵانە لەو رۆژەدا نمایشی زۆر بۆ بەرەنگاربوونەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەپێی ئامارە نێو دەوڵەتییەکان رێژەی جگەرەکێشان لەسەر ئاستی جیهان زیاتر لە (یەک ملیار) کەسە، کە (٢٥٠ ملیۆن)یان ژنن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئامارێکی وردمان نییە جگە لەو ئامارانەی بەشی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەو مادەهۆشبەرەکان لە بەشی نەخۆشییە نەگواستراوەکان لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانییە، کە وەک سامپڵێکی خەڵک وەرگیراون، بە وتەی د.فەرەیدون فەهمی، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە نەگوازراوەکان، نەتوانراوە ئامارێکی ورد دەربارەی رێژەی جگەرەکێشان هەبێت، چونکە بودجەو کادیری تایبەتی دەوێت، بەڵام لەو سامپڵانەی وەرگیراون دەرکەوتووە، کە لە کوردستاندا، پیاوان لە (٤٠٪)یان جگەرە دەکێشنو ژنانیش (٦٪) و لەنێو گەنجانی زانکۆش بۆمان دەرکەوتووە، کە رەگەزی نێر (٢١٪)و کچان (١١٪)، جگەرە دەکێشن.

د.فەرەیدون، لە لێدوانەکیدا بۆ رۆژنامە ئەوەشی خستەڕوو: کە لەناو توێژی پزیشکدا ئاستەکە زۆر بەرزە (٢٧٪) یان ئالودەی کێشانی جگەرەن، ئەمە جگە لەوەی مانگانە زیاتر لە (٢٥) هەزار کارتۆن جگەرە دێتە کوردستانو ملیۆنەها دیناری بۆ سەرف دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، لە هەرێمی کوردستان تەنیا یاسایەک هەیە، کە یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشانە، کە غەرامەی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکاندا (١٠) هەزار دینارە، بەڵام بە وتەی خودی پەرلەمانتاران تائێستا ئەم یاسایە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو: کە جێبەجێکردنی یاساکەو بەدواداچوون بۆ ئەوەی کە تاچەند جێبەجێ دەکرێت، ئەرکی حکومەتە.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە، تائێستا لە نێو هۆڵەکانی پەرلەمانو دەزگا حکومییەکاندا جگەرە دەکێشرێت، واتە هەرکاتێک پەرلەمان کە خۆی یاساکەی دەرکردووە جێبەجێی کرد، ئەوکات دەتوانرێت رەخنە لەلایەنی دیکە بگیرێت.

هاوکات، لە چەند رۆژی رابردووشدا زانکۆی سلێمانی ئامارێکی دەربارەی رێژەی جگەرەکێشان لەنێوان شارەکانی هەرێم بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتبوو: رێژەی جگەرەکێشان لە هـەولـێر (٩٢,٨٪)ی پیاوانو (٧,٢٪)ی ژنان جگەرەکێشن، لەکاتێکدا لە شاری سلێمانی (٦٧,٢٪) پیاوانو (٢٣,٨٪)ی ژنان جگەر دەکێشن، هەروەها لە گەرمیان (٧٣,٣٪) پیاوانو (٢,٧٪)ی ژنان جگەرەکێشن، بەڵام شاری دهۆک لە پیاواندا بەرێژەی (٩٧,٣٪) زۆرترین رێژەی جگەرەکێشی تێدایە، لەکاتێکدا ژنانی دهۆک (٢,٧٪) جگەرەکێشە.

هەروەها بەپێی ئەو ئامارە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لە (٨٤,١٪)ی جگەرەکێشەکانی کوردستان لەحاڵەتی ئالودەبووندان، بەڵام یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان جێبەجێ ناکرێت.

د.رێباز فەتاح، ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی جێبەجێنەکردنی یاساکەو مەترسی جگەرەکێشان لەسەر تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵ، لیژنەی تەندروستی کار بۆ هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە (٣١) دەکات، بەجۆرێک غەرامەکانی جگەرەکێشان زیادبکرێتو سزاکان توندبکرێن، تا هەوڵێک بێت بۆ کەمکردنەوەی رێژەی جگەرەکێشان لە کوردستان.



# بەهۆی سووتەمەنی قاچاخەوە چەمێک پیسدەبێت

پ: رانیە

شـــوانـــەو بـــەشـێـوەیـەکـی نایاسایی لە گوندی قاسمەڕەشی ئێرانەوە، دەبـە نـەوتو گاز لە رێی ئاوی چەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ هەرێمو بەوهۆیەشەوە ئاوی چەمەکە پیس بووە.

بەپێی قسەی هاوڵاتییانی گوندەکانی سەرسنووری نێوان هەرێمی کـوردسـتـانو ئێران، شەوانە (٣٠٠٠-٤٠٠٠) دەبەی بیست لیتریی نەوتو گاز دەخرێتە چەمەکەوەو بۆ هەر دەبەیەکیش (١٠٠٠)تومەن دەدرێتە پاسدارانی ئێرانو تا دەگاتە گوندی زەڵێ لە سنووری کوردستان، بە سەدان دەبـە دەتەقنو تێکەڵ بە ئاوی چەمەکە دەبن، لەکاتێکدا ئاوەکە بـۆ مـەڕومـاڵاتو کشتوکاڵو خواردنەوە بەکاردێت.

ئارام مەلا، دانیشتووی گوندی زەڵێ بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی تێکەڵبوونی گازو نەوت لەگەڵ ئاوی چەمەکە، سامانی ماسی زیانێکی زۆری پێگەیشتووەو بۆ کشتوکاڵو مەڕوماڵات نەشیاوەو داوای لە حکومەتی هەرێم کرد، رێگری لەو کارە بکات، هەروەک سەباح رەسوڵ، دانیشتووی گوندی سنوێ بۆ رۆژنـامـە وتـی: «ئەو چەمە کەڵکی نەماوە بۆ کشتوکاڵو خواردنەوەو مەڕوماڵات».

د. بایەزید حەسەن، پسپۆڕی بـواری بە رۆژنامەی راگەیاند: تێکەڵبوونی نەوتو گاز بەو چەمە، زیانێکی زۆری هەیە بەتایبەت بۆ خـواردنـەوە، چونکە ئەو چەمە دەڕژێتە دەریاچەی دوکانو ئاوی دەریاچەی دوکانیش لە شاری سلێمانی بەکاردێت بۆ خواردنەوە.

لەکاتێدا ئەو کارە نایاساییە بە ئاشکرا بەردەوامیی هەیە، بەر لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەو چـوونـمـان بـۆ سـەر سـنـوورو وێنەگرتنی دیمەنی بەردەوامی ئەو شێوازەی ئاودیوکردنی نەوتو گاز لە گوندی زەڵێ لەسەر سنوور، قایمقامی قەزای پشدەر، حەسەن عەبدوڵڵا بە رۆژنامەی راگەیاند: پێشتر ئاگاداربوون کە ئەو جۆرەی قاچاخچێتی دەکرێت، بەڵام ئێستا ئەو کارەیان قەدەغەکردووەو ئەو شێوازەی ئاودیوکردنی نەوتو گاز بۆ خاکی کوردستان نەماوە.

# حکومەت رێگریی لە بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێلێ دەکات

شاسوار مامە

حکومەتی عـێـراق، رێگا نـادات مـەرزی کێلێ لە سنووری پشدەر بکرێتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتیی رەسمیی، سـەرەڕای ئـەوەی کە بەرپرسانی ئێرانی رەزامەندییان نیشانداوە.

ماوەی چەند ساڵێکە ئیدارەی پشدەر لە هەوڵدایە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێلێو تا ئێستا هەنگاوەکان بێئەنجام ماونەتەوە، لەکاتێکدا بە نێودەوڵەتیکردنی ئەو مەرزە، گرنگیی زۆری دەبـێـت لـە گەشەسەندنی بازرگانیی هەرێمو ناوچەکەدا بەهۆی نزیکیی ئەو مـەرزەوە لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمەوە.

حەسەن عەبدوڵڵا، قایمقامی قەزای قـەڵادزێ بە رۆژنـامـەی راگەیاند: داوایـان لە حکومەتو پەرلەمانی کوردستان کردووە، رێگای کێلێ لە سنووری پشدەر بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتییو لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ بەرپرسانی سەردەشت لە دیوی ئێران، «بەڵام ئەوەی گرفتی بۆ ئێمە دروستکردووە، ئەوەیە کە بەنێودەوڵەتیکردنی مـەرزی کێلێ پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە هەیە، چونکە پەیوەندیی بازرگانی لـەنـێـوان (٢)وڵات دەبـێـت، نەک هەرێمێکو دەوڵەتێک».

بەرپرسانی ناوچەکە، لە رێی جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری دەرەوەی عێراقەوە کە هەردووکیان کـوردن، هەولی ئەو کارەیان داوە لە رێی حکومەتی ناوەندییەوە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو مەرزە، بەڵام یەکێک لە بیانووەکانی حکومەتی عێراق ئەوەبوو، دەبێت هەر پارێزگایەک (١) رێگای بازرگانیی رەسمیی هەبێتو لە سـنـووری پارێزگای سلێمانی دەروازەو رێگای بازرگانی تر لەگەڵ ئێراندا هەیە.

قایمقامی پـشـدەر ئـامـاژەی بەوەشکرد: ئەو مەرزە لە سنووری پشدەر، نزیکترین مەرز دەبێت لە پارێزگاکانی هەرێمەوەو بەردەوامن لـەکـارکـردن بۆ ئەومەبەستەو لە ئێستادا سەرقاڵی نوێکردنەوەی رێگای مەرزەکەن.

# (٤)ناحیەو (١١٦)گوند چاوەڕێی کارەبان

پ: چۆمان

دوای (١٩)ساڵ لە تەمەنی حکومەتی هەرێم، کارەبای نیشتمانیی نەگەیشتووەتە سەرجەم ناحیەو گوندەکان، شارەکانیش پشت بە کارەبای کەرتی تایبەت دەبەستن.

ناحیەکانی حاجی ئۆمەرانو قەسرێو سمێلانو گەڵاڵەو (١١٦)گوندی سەر بە قەزای چۆمان، تا ئێستا کارەبای نیشتمانییان پێ نەگەیشتووە، ئەمە سەرباری نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تر.

ئامانج ئەحمەد، خوێندکارێکی شارۆچکەی قەسرێیە کە سەر بە قەزای چۆمانە، وتی: «تەنیا کارەبای موەلیدەمان هەیەو نرخەکەشی گرانە».

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە توانیویەتی، رۆژانە نزیکەی (٢٠)سەعات کارەبا بۆ هاوڵاتییان دابینبکات، بەڵام ئەوە تەنیا شارەکان دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کارەبایە بەشێکی گرنگی کەرتی تایبەت بەرهەمی هێناوە، نەک حکومەت، وەک وێستگەی کارەبای ئەحمەد ئیسماعیل لە هەولێر.

عەبدولواحید گـوانـی، قایمقامی قـەزای چۆمان لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی کارەبا لە ساڵی رابردوودا رەزامەندیی دەربڕیوە بۆ گەیاندنی تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ هەردوو ناحیەی گەڵاڵەو حاجی ئۆمەران، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە ئەم دوو پڕۆژەیە دواکەوتن».

قایمقامی قـەزای چۆمان ئاماژەی بەوەشکرد: «لە بەرنامەیاندایە لە ئەمساڵدا، کارەبای نیشتمانیی بۆ تەواوی ناحیەو گوندەکانی سنووری قەزای چۆمان رابکێشن».

قەزای چۆمان دەکەوێتە سەرسنووری ئێرانو زیاتر لە (٢٠٠)کم لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە دوورەو ئەم قەزایە زیاتر لە(١١٦)گوندو چوار ناحیە لەخۆ دەگرێت.

# بتشکێنەرەکان، نهێنییەکانی ملکەچبوون



مەریوان عەلی*

کەسێک ناتوانێت باسی ئازادیی بکاتو خۆی خولیای ئازادبوونی خۆی نەبێت! ئازادبوون پرۆسەیەکی ئەنتۆلۆژیو فیکریی قووڵە، ئازادیی خود، پەیوەندیی بەوەوە نییە تۆ لە سایەی کام سیستمی فەرمانڕەوایەتیدا دەژیــت، بەڵکو پەیوەندیی بــەو بڕیارو هەڵوێستو بیرکردنەوانەوە هەیە کە توانای تێپەڕاندنی هەموو سنوورەکانی هەیە، مەگەر هەندێکجار ئەم بیرکردنەوەو سنووربەزاندنە بە مەرگ کۆتایی دێت!، بەڵام کەسێک خولیای ئــەوەی هەبێت کە دەبێت ئــازاد بێت، ئەوا بڕیاری یەکەمی تێکشکاندنی ئەو بتانەیە کە دیلی کردوون.

بتشکێنەرەکان دوای ئــەوەی تێدەگەن ملکەچیو ریسوایی مانایەک بۆ ژیان ناهێڵێتەوە، ئیدی دەکەونە شکاندنی بتەکان، مەگەر هەر بتێک خاوەنێکی هەیەو دێتە دەنگ، ئیتر لێرەوە بەریەککەوتنو ئازاردانو بگرە مەرگیش دێتە رێی بتشکێنەرەکان، راستییەکەی ئازادیی شەڕێکی نەبراوەیە دژ بە ملکەچبوون!.

مەگەر ئازادیی پرسیارێکی ئەبەدی نەبێت لە زاکیرەی هەمووواندا! لێرەوە هەموو شتێک باجی خۆی دەوێت، لێرەوە سەماکردن لەگەڵ شنەبایەکی ئێواران کە لە نادیارەوە هەڵدەکاو بەلاماندا تێدەپەڕێت، لە پڕێکدا کەسێک خۆی دەکاتە خاوەنی، راستییەکەی ئەم خاوەنە ناوەختو درۆزنانــە بۆ ئەوەیە بڵێت من ســەرداری ئێوەم، بۆئەوەی سەرداربوونی خۆی بسەپێنێت، دەبێت توندوتیژو دڵڕەق بێت، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەیە برێکی زۆر ئازادییەکان زەوتبکات، لە ئەنجامدا ئەوانیتر دەبێت ملکەچ بکرێن، یانی ئەگەر ئازادیی بوونی نەبوو، ئەوا ملکەچیی دەبێتە فاکتێکی دەرکەوتوو، بەڵام چۆن تێکوپێکدانی بنەماو بارگەی بتەکان ئازادیی دەبەخشێتەوە؟ ئایا شکاندنی هــەر بتێک بریتی نییە لە دروستکردنەوەی بتێکی نوێ؟ ئایا ئەوانەی شۆڕشیان بەرپاکرد بۆ تێکشکاندنی بتە ترسناکەکان بوو یان دروستکردنی بتی خۆیان؟

هەموو تێرامانێک لەوەی شتێک هەیە دەبێت بگۆڕدرێت، شتێک هەیە وەک بایەقووش بەسەرمانەوە دەسوڕێتەوەو دەبێت نەمێنێت، بەو هەنگاوە سەرەتاییانە دەستپێدەکات کە مرۆڤەکان بیر لە ئازادیی خۆیان بکەنەوە، بەو رێگەیەی خۆیان لە ئازادیی تێیگەیشتوون، راستییەکەی تێگەیشتن لە ئازادیی نەک لە نێوان شارستانیەتو رۆشنبیرییو شوێنە جیاوازەکاندا جیاواز لێکدەدرێتەوە، بەڵکو لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە قابیلی ئەوەیە کە جیاواز لەم تێرمە بڕوانن، بەڵام گەلێک پرەنسیپ هەیە کە بەنێو ئەم چەمکەدا گــوزەردەکــات، وەک ئــەوەی بڵێیت بووەتە شادەمارەکانی ئازادیی، یانی مەرجی بنەڕەتی ئازادیی، کە سەرەکیترینان باوەڕبوونە بە خودو تێکشکاندنی ئەو بتانەیە کە ملکەچبوون دەخوڵقێنێت.

ئەگەر ئەم مەسەلەیە گرێ بدەینەوە بەو رووبەرە سیاسیانەی دوای شۆڕشو دوای راپەڕینی گەلە ستەمدیدەکان، دەبینین هێشتا موفرەدەی شۆڕشو راپەڕین لەو بازنەیەدا دەسوڕێتەوە، کە دەسەڵاتێک ئاڵوگۆڕ دەکات بە دەسەڵاتێکی دیکە، کە لە جەوهەردا یەک دامودەزگاو پۆلیسیو ستراتیژیی دەسەڵات کۆیاندەکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت ناوەکانو حیزبەکانو رۆڵــەکــانــی جێبەجێکردنو سنوورەکانی بــیــروڕاو بیرکردنەوەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەی شۆڕشو راپەڕین بۆ دەکرێت؟ کە مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەیەک هەمان دامــودەزگــاو پۆلیسیو ستراتیژیی دەســەڵات بەرهەمبهێننەوە؟ لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو خەونانەی لە سایەی شۆڕشدا چەکەرە دەکەن، وەک ئەوەی بڵێیت خەوبینین بە داهاتووەوە بەشێکی دانەبڕاو بێت لە شۆڕشو بەرەنگاربوونەوە.

روکنەکانی دەســـەڵات ئەگەر لەسەر بنەمای رێزگرتنو لێبوردەییو ئازادییو دەستاودەستکردنی کورسی دەســـەڵات دانەمەزرێت، هەرگیز ناکرێت ئەو دەسەڵاتە بە دەسەڵاتێکی دیموکراسیو داهێنەر بزانین، یانی ناکرێت وا تەماشابکرێت کە ئەو دەسەڵاتە توانای شکاندنی ئەو بتانەی هەیە کە ملکەچیی دەخوڵقاند، لێرەوە هەموو ئیشکردنێکی جدیی بۆ کۆتاییهێنان بە وەرزی ملکەچیی، دەبێت ئیشکردنێک بێت لەنێو کایەی دەسەڵاتو ستراتیژی کاری سیاسەتکردن لەنێو کۆمەڵگەدا، بیرکردنەوە لەوەی چۆن دەسەڵات دەتوانێت داهێنەرانە بێت لە رێزگرتن لە مافی مرۆڤو ئازادییو چانسی وەکیەکی، بیرکردنەوەیەکە بەنێو کایەی سیاسەتدا تێدەپەڕێتو لەسەر زاکیرەی هەمووان ئیشدەکات، واتە ئیش لەسەر ئەوە دەکرێت چۆن مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەیەک بە دەستو خوێنو بازووی خۆیان بتێک نەشکێنن کە ملکەچی کردوونو بتێکی دیکە بخوڵقێنن کە دیسانەوە ملکەچیان بکات.

سیاسەتکردن ئەو مافەمان پێدەبەخشێتەوە کە ئێمە جیاواز لە رابردوو، جیاواز لەو کلێشەو بیرکردنەوەیەی هەیە بیربکەینەوە، بە شوێن مافەکانماندا بگەڕێینو لەسەر ناعەدالەتیو دەستدرێژییو بێحورمەتکردنی مرۆڤەکان بێینە دەنگو قسەبکەین، ئەمەش ئەو خود ئازادییە کە لە زاتی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو زاتانەی خــاوەن ئیرادەن بە بتشکێنەرەکان دەناسرێن.

* سەرنووسەری رۆشنگەریی




# پــرســیــار

پشکۆ ناکام

بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم

هــەمــوو دەزانـــیـــن، خـــوداوەنـــد ئێمەی دروســتــکــردووە، تــۆش ئــەم هەرێمەت دروستکردووە کە تیایدا دەژیــن!! هەرچی خێرو بەرەکەتو خۆشیو قاقای ئێمەیە، لەسایەی سەری ئێوەوە دێتەدی، ئەوەیشی کە شەڕو بەڵاو پشێویو ناتەباییە!!، هەمووی وا لەژێر سەری تابووری پێنجو (دەستی پشت خۆپیشاندانەکان)و ناحەزانی ئەزموونی دیموکراسیی پاش ئیفلاتۆن لە هەرێمی کوردستان.. نــانو ئــاوو هــەواش هەر لای ئێوەوە سەرچاوە دەگرێت، تۆ خەمخۆری گـــەورەو بچووکمانیت، هــەمــووان بۆ تۆ (رەعیەت)ن! دەرچوون لەقسەی تۆ، دەرچوونە لە بوونی خۆمان، دەرچوونە لە کــورد، لە کوردستان، لە کوردایەتی، لە پێشمەرگایەتی، لە عورفــو نەریتی ئینسانی. گوێڕایەڵــی بۆ ئێوە، گوێڕایەڵییە بۆ خۆمان، بۆ باوکو باپیرە گەورەکان، گوێڕایەڵییە بۆ ویژدانو هەستی کوردایەتیو نیشانەی پاکی شیری منداڵەکانە!! ئێوە دەیـــان ســاڵــە، دەیـــان ســەربــەرزیو سەرکەوتنتان بۆ ئەم گەلە هێناوەتە کایەوە، ئێوە خاوەنی (شاکارەکان)ن، چۆن دەتوانین جگە لە (سەروەری) ناوی ئێوە ببەستینەوە بەهیچ (رووداوێــک)ی دیکەوە.. چاوی ئێوە بووەتە مینبەری ئارامیو ئاسایش لەم هەرێمەدا، بــەشــێــوەیــەک کــە (مێشوولەیەک)ی ناحەز ناتوانێت بە (دزی)ی ئێوەوە بەم هەرێمەدا تێپەڕێت.. ئێوە کە هەناسەی ئێمەن، دیارە (هەناسەبڕین)یش دەگرێتەوە. هەقی خۆیەتی بپرسین، ئاخۆ لە (وجود)ی ئێوەدا، کێ بوو هەناسەی لە (سەردەشت عوسمان) بڕی؟!

سەرەک وەزیرانی پایەبەرز...

نازانم لەکوێوە دەستپێبکەم، بەڵام دەبێت هەموو کورد ئەوەی لەبەرچاو بێت کە بە (برە) پارەیەکی کەمی وەک (٩) ملیار دۆلار!! بۆ عەشاماتێکی زۆرو زەوەندی (٣) پارێزگا!! ئەو هەموو خزمەتو ئاوەدانیو پرۆژەیەتان لەکوردستاندا هەیە، هەر ئاوو کارەبا نەبێت، ئەم هەرێمە، رێک دەڵێیت (دوبەی)یە بووەتە هەرێم، کەس بێکار نییە، کەس بێخانوو نییە، کێ بە (زەرەبین)یش سوالکەرێک دەبینێت، لای ئێوە لەهەر شوێنێک کەموکووڕیی هەبێت، ئەوە (ئەوەلیات)ی حکومەتە چارەسەری بکات، بۆ نەگبەتی (کەموکووڕیی)یش هێندە زۆرە، زۆرجار بە حکومەت دەوترێت (حکومەتی ئەولەویات)!! بەڕێزتان رۆژانــە باس لە بــەرقــەراریو ئارامیی کوردستان دەکــەن، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە هیچ (لەشکرێکی حیمایە) تان لەگەڵدا نییە!! کەچی ناحەزانو نەیارانی ئەزموونی دیـموکراسی پاش (ڤۆلتێر)ی هەرێم، دەڵێن گوایە (٦)سەیارەی جامڕەش، پارێزگاریتان لــێ دەکەنو کە دەگەڕێنەوە سلێمانی، ئەمسەروسەری جادەکەی ماڵتان لە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل قەدەغە دەکرێت.. ئەمە کۆمەڵێک خەڵکی سەر بە (وڵاتانی ئیقلیم) باسی لێدەکەن، تۆ بڵێی بەرقەراری ئاسایش، بەڕێزتانی نەگرتبێتەوە؟ هەقی خۆشیەتی بپرسین، ئەگەر (ســەردەشــت عوسمان) سەیارەیەکی (جـامــڕەش)ی هەبوایە، وا بەئاسانی لەناودەبرا؟!

فەخامەتی سەرۆکی پەرلەمان...

دیموکراسیبوونی پەرلەمانەکەتان، بووەتە نموونە بۆ هەموو جیهان، تەنانەت هەندێک پەرلەمانی وڵاتان دەیانەوێت لەئێوەوە فێری دیموکراسییەتی (چرپە) ببن، بەتایبەتی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن، بۆ تێپەڕاندنی بڕیارێک، لە جیاتی دیالۆگ، بەچرپەو بە (غیاب)ی ئۆپۆزسیۆن ببڕێتەسەر، ئێوە هێندە (ئۆپۆزسیۆن)تان خۆشدەوێت کە بەچاوی (مامۆستا) سەیری دەکــەن، پێیاندەڵێن (دانیشە... زۆر قسە مەکە.. دەست هەڵبڕە.. ئیتر رێگەت نادەم قسە بکەیت.. ئێرە پەرلەمانەو... نییە، هەر ئەوەیە، تازە بڕیاری لەسەردرا... هتد).. ئێوە کە چاودێرن! لەسەر حکومەتو دەزگاکانی ئاسایش، بەو هیمەتەی ئێوەیە کە ئەو دەزگایانە لە ئاست کەمتەرخەمیو بێموبالاتەکانیانەوە، هەردەم لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێتو لەترسی ئێوەو دەسەڵاتی ئێوەیە کە هەردوو دەزگای ئاسایش، تائێستا هەریەک لە بالۆرەیەک دەخوێننو بە(ماڵــی جیا) حوکم دەکــەن، خۆشبەختانە (مافی مرۆڤ) وەک (نەزاهەتی حکومەتو دەوڵەت) لەسەرووی پرەنسیپەکانی ئێوەوەیە، ئەوە ئۆپۆزسیۆنە هــەر خەریکی منجەمنجو ورتەورتە، ئەگینا ئــەوان نەبوونایە، ئێوە دەمێک بوو (نۆبلی دڵسۆزی بۆ خەڵک، نەک بۆ حیزب)تان وەردەگرت...

ئـێـوە کــە هــەڵــبــژێــردراوی خەڵکن! سەردەشت عوسمانیش تاکێکی ئەم خەڵکە بوو، ئایا نەدەکرا لەو دەسەڵاتە دیموکراسیو مافی ئازادییەی هەتانەو هــەر لەدیدی چاودێری حکومەتەوە، چەند بەرپرسێکی دەزگاو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ئاسایشی هەرێمو پاراستنی هاوڵاتییان، بانگ بکەن بۆ پەرلەمانو وەک پیشەی هەمیشەییتان!! لە کوشتنی خەڵکی ئەم هەرێمە بپرسنەوە؟!و ئەگەر (ســەردەشــت) لایەنگری لیستی دەسەڵات بوایە، ئاخۆ چی رووی دەدا؟!

# کەرکوک بدەو پۆست وەرگرە!

مەهدی ئەبوبەکر



کــەرکــوک، لــە باجەکانی ســـەرانـــی سیاسیی کورددا پشکی شێری بەرکەوتووە، کار هەر بە باجدانەوە نــەوەســـتـــاوە، بەڵکو بووەتە قوربانی.

قوربانی بۆ وەرگرتنی پۆستو پایە بۆ سەرانی سیاسیی کورد، قوربانی بۆ رازیکردنی دڵی لایەنە نەیارەکانی گەڕانەوەی کەرکوک، قوربانی بۆ نەڕەنجانی دراوســێ تورکەکانمان، بۆئەوەی شەریکایەتی بازرگانییان لەگەڵ بەرپرسەکانماندا تێک نەدەن.

هەمووان دەبێت باج بدەن، تا حکومەتی تازە لەبەغدا دەستبەکاربێت، کوردیش لەپێش هەمووانەوە ئامادەی دانی ئەو باجەیە!

باجی کــورد چــی دەبــێــت؟ داوای لێدەکرێت ســازش لەسەر چی بکات؟ سەرانی سیاسیی کورد سوورن لەسەر وەرگرتنی پۆستی ســەرۆک کۆماریی، وەزارەتێکی سیادی زۆر باش، ئەگەر نەوت بێت باشە، ئەگەر دارایی بێت، ئەوا باشتر، ئەگەرنا وەزارەتی دەرەوە خوا نەیبڕی.

ئامادەنین لەسەر پۆستەکان، بەتاڵەموو بێنە خـــوارەوە، قەیدی چییە ئەوانیش داواناکەن سەرانی سیاسیی کورد سازش لەسەر پۆست بکات، پۆست، ئەوە پۆست پیرۆزتان بێت.

دەڵــێــن: عــەرەبــی سوننە چــاوی لە سەرۆک کۆماریی بڕیوە، بڕوا بکەن وانییە، چونکە دەزانن سەرۆک کۆماریی چاری دەردی ئەوان ناکات، ئەو قسانەی سوننە لەسەر سەرۆک کۆماریی دەیکەن، تەنیا بۆ ئەوەیە کورد زیاتر دەست بەو پۆستەوە بگرێت.

باسی سەرۆک کۆماریی دەکــەن، بۆ ئەوەی سەرانی سیاسیی کورد، عارەقی شینو مۆر بکەن تا سەرۆک کۆماریان بـدەوەنـەوەو توانای داکۆکیکردنیان لە کەرکوک نەمێنێت، چونکە ئــەوان بە پێچەوانەی سەرانی سیاسیی کوردەوە، کەرکوکیان لاگرنگترە وەک پۆستی سەرۆک کۆمارو وەزارەتی سیادی.

کــەرکــوک داواکـــاریـــی ئــەوانــە بۆ سازشکردن. وازهێنان لە جێبەجێکردنی مــادەی (١٤٠) ئامانجی ئەوانە، لانیکەم دواخستنی چارەسەری کەرکوک بۆ چەند ساڵێکی دیکە، هەر باشە.

بەکورتییەکەی کەرکوک بدەو هەموو شتێک وەرگرە، پۆستو پایە بۆ سەرانی کورد لە هەنگوین شیرینترە، بەڵام دەبێت بزانن ئەگەر ئەمجارە بەهەر بیانوویەکەوە سازش لەسەر کەرکوک بکەن، ئەوا دەبێت بڵێن: کەرکوک بۆ هەتا هەتایە رەفت.

عــێــراق حکومەتی نــەمــاوە، ئــەوەی وەکو حکومەت خۆی نمایش دەکات، تەنیا کاروباری رۆژانــە بەڕێوەدەبات، واتە حکومەتی کاربەڕێخستنە، ئەوە قسەی من نییە، دەستوور وا دەڵێت، جا دەستوور جێبەجێدەکرێت، یـــان نا ئــەوە کاری سیاسییەکانە؟

خەڵکی عێراق، گوێیان لە ژانــی لە دایکبوونی حکومەتی نوێ گرتووە، ئایا ئەو حکومەتە کەی لە دایک دەبێت؟ نازانم، بەڵام کار وابڕوات حکومەتی نوێ دەبێتە «دیاری» سیاسییەکان بۆ جەژنی رەمەزانی پیرۆز!

ئـــەوەی لای کـــورد گرنگە، ئــەوە نییە عێراق بــەرە ژانــی لە دایکبوونی حکومەتی نوێ دەیگرێت، بەڵکو ئەو ژانەیە کەرکوک پێوەی دەپلیکێتەوە. رەنگە ئەوە بیرکردنەوەی هەموو کورد نەبێت، یان لانیکەم بیرکردنەوەی سیاسییەکانی کورد نەبێت.

لە هەڵبژاردنی (٣/٧)دا هاوپەیمانیی کوردستان، تاقو تەنیا خۆیان کردە خاوەنی کەرکوک، پێیان ئەغز بوو لایەنەکانی دیکە ناوی کەرکوک بهێنن، لە هەڵبژاردنیشدا کارێکیان کرد، کە تەنیا خۆیان سەرجەم کورسییەکانی کوردیان لەو شارەدا بردەوە، خۆیانو خوا دەزانن چۆن بردیانەوە.

ئێستاش وەکــو جــاران خۆیان بە خاوەنی کەرکوک دەناسێنن، تەنانەت دەیان تۆمەتیان دایە پاڵ لایەنەکانی دیکە، کە گوایە لە دژی گەڕانەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بوونەتە دەمڕاستی کــەرکــوک، چونکە کاندیدەکانی ئــەوان نوێنەرایەتی کەرکوک دەکەن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دروستکردنی حکومەتی دواخستووە، وەکو وتم: رەنگە حکومەت بگاتە رەمــەزانو ئەولاتریش بچێت، چونکە بارەکە وا ئاڵۆز بووە ئەو سیاسیانەشی کە ئاڵۆزیان کردووە، خەریکە نەتوانن چارەسەری بکەن، چونکە دەبێت هەر لایەکیان باج بدەن بۆ چارەسەرکردنو دروستبوونی حکومەتی نوێ.


عەممار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعەکان، داوای لەلایەنەکانی ناو گۆڕەپانەکە کرد؛ هەموویان لە کەلی شەیتان بێنە خـــوارەوەو سازش لەسەر داواکارییەکانیان بکەن، بە کوردییەکەی داوا دەکات بۆ ئەوەی حکومەتی تازە دروست بێت، هەموولایەک باج بدەن.

هاوپەیمانیی کوردستان، یەکێکە لە یاریزانەکانی سەرگۆڕەپانەکە، کەواتە دەبێت ئەویش باج بدات، ناکرێت ئەوان بەبێ دانی باج بەشداریی حکومەتیان پێبکرێت.

کورد لە دوای رووخانی بەعسەوە لە حکومەتەکەی عەلاویو ئەوەی جەعفەریو دواتر ئەوەی بەڕێز مالکیشدا باجی داوە، بێئەوەی داوای لێبکرێت سەخی تەبیعەتانە باجی داوە.

# سڵاو لە پەرلەمانتارانی گۆڕان!

بابەکر درەیی



بڵاوبوونەوەی هەواڵی رەتکردنەوەی چل هەزار دۆلار لەلایەن هەر کام لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان، کە بڕیاربوو بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل پێیان بدرێت، خرۆشێکی روحی نوێی هێنایەوە دڵی لایەنگرانی عەدالەتو یەکسانیو ژیانی یاسامەند لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا.

شتێکی زۆر تازەیە لەم وڵاتە پڕ زوڵمو زۆرییەدا گەر کەسانێک پەیدابن بە پێچەوانەی رووبارەکەوە مەلە بکەنو دەست لەشتێک هەڵگرن کە تاقمی دەسەڵاتداری کوردیو خۆرهەڵاتی بەهەموو هێزو توانایانەوە، لەسەرەتای سەرەتاکانی مێژووەوە لەهەوڵی ئەوەدابوون دەستیان لێی گیربێتو ژیانێکی جیاواز لە کۆمەڵانی خەڵک بۆ خۆیان دروست بکەنو لە فەنتازیایەکی بێواتای سەرو مرۆییدا تلاوتل بدەنو لەبنجو بناغەدا جیاوازی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە حوکمڕانیان دەکەن لەسەروەتو ساماندا ببیننەوە، نەک لە ئاستی هۆشیاریو هەبوونی سیاسەتی دروستو بەرنامەی درێژماوە بۆ سەرجەم مرۆڤە حوکمکراو و بێدەسەڵاتەکان.

رووداوێکی زۆر تازەیە گەر لەکونجێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا (٢١) پەرلەمانتار ئامادەبن دەست لە چل هەزار دۆلار هەڵگرنو بەدەنگی بەرزو لەبەرچاوی هەمووان رایبگەیەنن کە ئەوان پێویستیان بەو بڕە پارەیە نییە کە لە خەزێنەی میللەت دەردەچێت. ئەم رووداوە رووداوێکی مێژووییە. مێژوویی بەو واتایەی کە واتا رەمزیو سیاسییەکەی زۆر واوەترە لەڕەتکردنەوەی بڕێ پارە، هێما روحیو سایکۆلۆژیەکەی زۆر گەورەترە لەو ناکۆکییە سیاسییو فیکرییەی لە ئاستی سیاسەتی رۆژانەدا بە فیکری هەندێ کەسدا تێدەپەڕێت...

پەرلەمانتارانی گۆڕان بەکۆی سیستمی سیاسییو دەسەڵاتی کوردیان وت: ئیدی ئەم تەخشانو پەخشانەی سەروەتو سامانی میللەت قبووڵ ناکرێت، تەنانەت ئەگەر بەسەر خودی ئەندامانی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنیشدا دابەش بکرێت.

وتیان: ئێمە کەسانێک نین دەم چەور بکرێین و بێدەنگی لە سیستمی دابەشکردنی سامانی وڵات بکەین.


رایانگەیاند: شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن دوو حزبی دەسەڵاتداری یەکێتیو پارتییەوە شێوازێکی سەقەتەو ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردن تەنیا لەخەیاڵی ئەوەدایە چینی خاوەن دەسەڵات لەخەڵک دوور بخاتەوەو ئازارو خەمو گرفتەکانی میللەت لەمێشکی نوێنەرانیان دەربهێنێتو وایان لێبکات دەستەمۆ بنو خۆیان بەکەسانێک بزانن کە موستەهەقی خەڵاتو سامانو معاشی زۆرن...

نوێنەرانی گۆڕان بە سیستمی دەسەڵاتیان وت: پێویستە دەسەڵاتدارانی هەردوو حزب بێنەوە سەر خەتو ئاگایان لەوەبێت کە میللەت توانیویەتی ژمارەیەک نوێنەری وا بۆ دەزگای بەڕێوەبردن بنێرێت کە نە بە حەیزەرانو نە بە گێزەر تەمێ و ماڵی ناکرێنو لەباتی ئەوەی خەریکی گومڕاکردنی نوێنەرانی گۆڕان بن چاکترە لەبیری ئەوەدا بن خودی سیستمەکە چاک بکەنو دوری بخەنەوە لەزیادە مەسرەفیو بەخشینەوەی پاشایانە.

هەڵوێستی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان دەریخست کە رەنجی ژمارەیەکی زۆر لەو تێکۆشەرانەی گۆڕانیان خستە سەر سکەی راستەقینەی خۆی، بەفیڕۆ نەچووە. سەلماندی کە دەنگی نیو ملیۆن کەس بۆ گەیاندنی ئەم مرۆڤە ئازایانە بە دەزگای یاسادانان کارێکی پڕ بایەخو بێوێنە بووە لەمێژووی گەلی کورداو سەرمەشقێکە بۆ سەرجەم نوێنەرانو کاربەدەستانی دیکەی گۆڕان لەهەر کوێیەکی ئەم وڵاتەدا کاری دەوڵەتی بەدەستەوە بگرن، ئەم ئەخلاقە سیاسیە بکەنە رینوێنی هەمیشەییان... هۆشدارێکە بۆ بەڕێوەبەرانی سەرەکی دەسەڵاتی کوردی کە ئیدی واز لەجیاکردنەوەی شێوازی ژیانی نوێنەرانو کاربەدەستانی حکومیو پەرلەمانی بهێنن لەگەڵ خەڵکی ئاساییو رەشو رووتدا... خەڵکی ئەم وڵاتە بیست ساڵە زووخاوی فەنتازیاو خۆنوواندنو خۆبادانی لێپرسراوە حزبیو حکومیەکانی دەچێژێت، ئیدی ئەو رۆژگارە بەسەرچوو کەهێزێک بتوانێت ماڵی میللەت بەبێ سەرئێشە بەسەر خۆیو دەستو پێوەندەکانیدا ببەخشێتەوەو کەس متەقی لێ نەیەت.

سڵاو لەپەرلەمانتارانی گۆڕان.

# بەخشندەیی لە دامێنی مۆراڵێکدا



سۆران کۆستە

سیاسەت کارێکی پڕ ئەرکو تاقەت پڕوکێنە، سیاسەت کارێکە بە فەزیلەتو خۆشەویستی دەکرێت، فەزیلەتەکان چەند دانەیەکن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ پەروەردەماندا نەبووبنە بەشێک لە مۆڕاڵمان کارپێکردنیان زۆر قورسە، بەخشندەیی، خاکەڕایی، خۆنەویستیو چەند دانەیەکی دیکەن، بەبێ خۆشەویستی بۆ پرسو بۆ کۆمەڵێک بەبێ بەخشندەیی بەرامبەر خەڵک، سیاسەت دەبێتە گەلاڕێزانی بەهارێکو هیچی تر، هەزاران خوێنی گەش هەڵدەلوشێتو هەزاران گیرفانی پڕ تاڵانو هەزاران کەللەی پڕ خاڵی دەکات، ئەم کایەیە کەرەستەو بابەتی زۆرە مامەڵەیان پێبکەین، بەڵام هێشتا خۆشەویستیو جۆرە جیاوازەکانی فەزیلەتمان دەوێت، ئەوەی فەزیلەت بەشێکی گەورەی مۆراڵ نەبێت لە ئەنکێتیدا، بەهەر دەستوورێک ببێتە سیاسەتکار، هەر وەک شاگردێکی چکۆلە دەمێنێتەوەو هەرگیز گەورە نابێت.

دروستکردنی جیاوازی لەنێوان سیاسەتکارانو خەڵکدا دیواری کوشندەترین مەرگی سیاسەتکارە، ئەم دیوارەیە فەزیلەت دەکاتە رەزیلەتو خۆشەویستیش دەکاتە کینە، لەماوەی چەندین خولی پەرلەمانو رەفتاری سیاسیی چەند ساڵەی هەرێمەکەماندا دەسەڵاتو هەنگاوە ئابوورییەکانی بەردەوام وەستایەکی کارامەی ئەستوورکردنی ئەو دیوارە بوون، هەر بۆیە ساڵانەو بەردەوام پێویستی بەهێزی زیاترە، بۆئەوەی بەر بەو کینەیە بگرێت کە لە دڵی خەڵکدا بەرهەمدێت.

لە راپۆرتێکی هاوڵاتیدا هاتووە، حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ (٢٤١٢) کارمەندی پێویستە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام بە هەموو کەرتەکانی داراییو کۆمەڵایەتیو پیشەسازییو رۆشنبیرییو ئاوەدانکردنەوەو سامانە سروشتییەکانو چەند کەرتێکی دیکەش تەنانەت کەمتر لە (٢٥٠٠) کەس کە دایاندەمەزرێنێت، ئەمە گرفتی بودجە بوو، بەخشندەییو خۆشەویستیمان تێدا بەدی نەکردو تێپەڕی، بەمجۆرەش کەمتر لە سروتو کەشی فەزیلەتدا ژیانی سیاسیی بەڕێدەکەین.

هەستکردن بە چێژەکانی فەزیلەتێکی وەک بەخشندەیی کارێکی قورسە، ئەگەر مرۆڤ پەروەردەیەکی مۆراڵی بەهێزو پاڵنەرێکی پڕ ئایدیایی نەبێتو بە باشی گۆشی کردبێت، ئەگەر مرۆڤ پڕنەبێتو سەرانرێژ نەکات لە خۆشەویستی، ناتوانێت تامو بۆنی ئەو چێژە بکات کە لە بەخشندەییەوە دەیچنێتەوە. کەمێک لە دەریای عەبەس دەخوازمو دەڵێم ئاکامی ژیانێک کە فەنابوون بێت، تەنیا دوو دەروازە بۆ قوتاربوون دەمێنێتەوە، چێژی ساتەوەختیو نەمریی شوناس.

هەرکەس بەدووی چێژی ساتەوەختی کەوت، نەمریی شوناس لەدەستدەدات، لە خانووی بەرزو سەیارەی جوانو بەرگی ئەرخەوانیو خوانی شیریندا دەگوزەرێنێت، بەڵام ئەمانە هەمووی لەسەر شانی ئەوانەوە کە شوناسو خۆشەویستی دەیانژیەنێت. هەرکەسیش بەدوای نەمریی شوناسدا گەڕا لە خانەکانی هەوڵدانو سزای رۆژو حەواڵە بە گەواڵەی زۆردارانداا دەگوزەرێنێت، تەنیا گرۆیەک لە خەڵک دەتوانێت جامی خواستی چێژی ساتەوەختیو نەمریی شوناس پەیاپەی کات، ئەو گرۆیەی لە قووڵایی خۆشەویستییەوە دەبەخشێتە خۆشەویستەکەی، قەول وایە سیاسەتکار لەم گرۆیەدا بگوزەرێت!

گەورەبوونی رەزیلەت، ئەرکێکی نیشتمانیی بچووک دەکاتە فەزیلەت، بەرفراوانی رقو کینەیە، هەموومان لەیەکتر بەگومان دەکات. سیاسەت لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا دەکرێت، سیستمی سیاسیی کە بەشێکی گرنگی سیستمی سۆسیۆکولتوورییە، بەتوندیی بە رایەڵە مۆراڵییەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە، تووشبوون بە قەیرانی فەزیلەتو خۆشەویستی دەبێتە پانتایی هەڵنووتان لە پرسی گشتیدا. سیستمی سیاسیی کاتێک پێناسە دەکرێت کە بە پێوانەی فەزیلەتەکانی شوناسی خۆی رەنگ کردبێت، بەڵام کاتێک بە تەنیا بە پێکهاتەی بەرژەوەندییە مادییەکانی تاقمە ئابوورییەکان دەستنیشاندەکرێتو لە دەرەوەی مۆراڵی سیاسییو ئابووریی رەفتار دەکات، ئەوا دەبێتە سیستمێک بە لۆژیکی قەرسەنە «جەردەگەرێتی». لۆژیکی قەرسەنە، بازاڕی ئابووریی دەکاتە پانتایی پێکدادانو هێزە ئابوورییە بچووکەکان لەناودەبات، ئەو هێزانەی پارێزگاریی لە شوناسی گشتیی دەکەن، پارێزگاری لە بەهاکانی ژیانی خەڵک دەکەن، ئەم ژیانەش دەبێتە مەزادخانەیەک بۆ هەڕاجکردنی بەهاکانی ئەو کۆمەڵە، پڕ بەداخەوە.

ئیمتیازی پارەی ئۆتۆمبێلو هەڕەشەی فەوزای ئازادیی، دوو پەیامی ترسناکی تێکشکانن بەرەو کینەو بەرەو داڕووخانی فەزیلەت، ئەو تەقسەی بودجەی تیادا رەتکرا، تەقسی هەڕاجکردنی بەها گشتییەکان بوو، ئەم تەقسەی ئەمڕۆی پەرلەمانیش تەقسی (گۆچانو گێزەرە)، کلتووری حوکمێکە خاڵیی لە فەزیلەتی بەخشندەیی، بۆیە وەرنەگرتنی پارەی ئۆتۆمبێلو بێدەنگ نەبوون بۆ ئازادیی، دەمانکاتە خاوەنی فەزیلەتی بەخشندەیی، کە تەنیا حەکیمەکان دەتوانن چێژ لەو خۆشیو ئاسوودەییە ببینن.

# وتارەکەی سەرۆک...

ئازاد چالاک

نامەوێت رستە بەرستەی وتارەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم شیبکەمەوەو قسەی لەسەر بکەم، چونکە بەشێکی ئەو باسە لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕان تیشکی خرایەسەر، کە دەبوایە هەموو لایەنەکانی دیکەش بە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە وەک فراکسیۆنو وەک ئەندام پەرلەمان قسەو روونکردنەوەی خۆیان لەو بارەوە هەبوایە!

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم، مەسەلەی ئەو یەک (ساید) یەیە، کە لای حیزبە دەسەڵاتدارەکانو بەرپرسانیان، لە بیرو بۆچوونو لەڕەفتارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک گرتوویانەتە بەرو پەیڕەوی دەکەنو تەنانەت لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکیش لە پەرلەمانی هەرێم زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێتو لەلایەن دەزگا حیزبیو حکومییەکانیشەوە بە بەرنامە دەیانەوێت وەک هەرشتێکی پیرۆز سەیر بکرێت، چونکە هەقو حیسابی بەدوادا دێت.

پێموابوو، پاش وتاری (هێورکردنەوەکەی) جەنابی سەرۆک، کە زیاتر دەزگاکانی حیزبیو نیمچە حیزبییەکانی راگەیاندنی پارتی دەگرتەوە، پاش ئەو هێرشو تەشهیرە بەربڵاوەی گرتیانەبەر دژی گۆڕانو میدیای ئازادو رۆشنبیران لەدوای کوشتنی (سەردەشت عوسمان)، پێموابوو کە سەرۆک ئەمجارە دەیەوێت گوێ لەنوێنەرانی هەرێمی کوردستان بگرێتو گفتوگۆیەکی برایانەو بەرپرسانەیان لەگەڵدا ساز بکاتو بزانێت، ئایا دەزگا زۆر تایبەتەکانو کەسە زۆر نزیکەکانی دەوروبەری هەموو راستییەکانیان گەیاندووەتە خزمەتی؟و هەر لەڕێی ئەو نوێنەرانەشەوە هەوڵ بدات، کە لاپەڕەیەکی نوێی تەباییو پێکەوەژیانو هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە دیموکراسیو بیروڕای ئازادو پارێزگاریکردن لە قەڵەمو رۆژنامەنووسان هەڵبداتەوەو بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنێت، بەڵێ ئەوە سەرۆکە کە دەیەوێت لەدوای ئەو هەڵڵاو گرژییە، کە خۆی دێتو دەیەوێت بپرسێت، ئەوە چی بوو روویداو بۆچی ئەو هەموو گرژییەی لێکەوتەوەو دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە ئەو برینە سارێژبکەین، کە تەنیا بۆ سەرۆکو دەسەڵات ناخۆش نەبوو، بەڵکو بۆ هەمووانو بۆ ئەزموونەکەی هەرێم نەنگیو عەیبو عار بوو هەمووان خوازیاربووین، کە ئەو خوێنە نەڕژایەو یاسا سەروەر بوایەو هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەو کوشتن ئیتر لە هەرێمدا باوی نەمایە.

بەداخەوە سەرۆک واینەکرد، وتەکانی درێژەدان بوو بەهەمان سیاسەت، سیاسەتی (بەس ئێمە راستین، هەموو راستییەکان هەر لای ئێمەیە، ئێمەین خاوەنی خەباتو تێکۆشانو قوربانیدان، هەموو ئەوانەی قسە دەکەنو رەخنە دەگرن کەسانی ناحەزو کاڵفامو تێکدەرن، دەیانەوێت ئەم ئازادییەی هەرێم لەباربەرن، ئاسایشو سەقامگیریی هەرێم بشێوێنن، چونکە دەستی دەرەکییان لەپشتە، ئەوانە نە لە ئازادییو نە لە دیموکراسیو نە لە یاسا تێدەگەن)، دیسانەوە دەڵێم: بەداخەوە نە سەرۆک گوێی لە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان گرتو نە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش فرسەتی لە بوونی سەرۆک لەناو هۆڵی پەرلەمان هێنا بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆو دیالۆگو گوێگرتن لەوی ترو نە رێگەشی دا رۆژنامەنووسان مومارەسەی مافی ئاسایی خۆیان بکەنو دانیشتنەکە رومال بکەن، مافێک کە بە یاسا پێیان دراوە، دەزگای یاسادانان لێی زەوتکردنو ناچاربوون بە دڵشکاویو بە بەدگومانییەوە لە ئایندە، کامێراو کەلوپەلەکانیان بپێچنەوە.

سەرۆک تەشریفی هێناو ئەوەی کە ئارەزووی لێبوو فەرموویو پاش تەواوبوونی قسەکانی هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشتو نوێنەرانی خەڵکیش بۆیان نەبوو، نە قسە بکەنو نە بەرگریش لە خۆیان بکەنو دوای خۆشیان دەرگای دیموکراسیو دەرگای ماف دەربڕینو دەرگای پەرلەمانیشیان داخست.

خۆزگە جارێک تەنیا بۆ یەک جار سەرۆک دەیوت، ئەم کارەی کە کردمان هەڵە بوو، دەبێت راستی بکەینەوە.

# سەردەشتو هێڵەسوورەکان

دلێر محەممەد نوری

نۆزدە ساڵە دەسەڵاتی خۆماڵی حەشرێکمان پێدەکات با بە دەواری شڕی نەکردبێت، کە هاتن ماندوو هیلاک، تینوو برسی، چووینە بن باڵیانو بووین بە دارشەقیانو هەلهەلەو چەپڵەمان بۆ لێدانو ماچمان تێگرتن، هەر رۆژەی لەسەر چاوێکمان دانانو لەسەر سفرەیەک نانمان لەگەڵ بەش کردن، دەنگمان پێدانو خستماننە سەر عەرشو وردو درشت بووین بە فەرمانبەرو خزمەتکاریانو وتمان، دەی حەرەکەت لە ئێمەو بەرەکەت لە ئێوە، کەچی لە رێوە هەرچی مەکینەو ماشێنو کارگە هەبوو، ئاودیویان کردو چاومان لێ نووقاندن، وتمان، دەمێک ساڵە بەشاخەوەن، نۆشی گیانیان بێت، وتیان، نەخێر، داهات نییەو کەمەو بەشمان ناکات، وتمان، جا پارە چییە، هەر ئێوە خۆش بن لە جاران وردترو زووترو چالاکتر کارەکانمان رادەپەڕێنین، بەبێ بەرامبەرو سەر بۆ مووچە دانانەوێنین، کەچی کارەباکەشمان ئێوە خۆش، ئاوەکەش کزی کرد، خێریش نەماو رزق بڕا، ئینجا کەوتنە وێزەی یەکتریو هەرلایەک ناوچەیەکی بۆخۆی جیاکردەوەو جا ئەم بەشەی باشووری کوردستانیان کرد بە سێو چوار بەشی ترەوە، ئەوەتانێ تا ئێستاش بۆیان لەحیم ناکرێتەوە. شەڕ.. شەڕ.. شەڕی براکان، بە کورتیو بەکرمانجی، شەڕێکی ناشیرین، بەدفەساڵ، قێزەونو پڕ لە جنێو، پڕ لە تەعداکردن. شاروشارۆچکەی وا هەبوو شەوێک سەوزو شەوێک زەرد بوو، شەوێک ئیسلامییو شەوێک عەلمانی بوو، دەرکردنی یەکتری لە زێدی باووباپیران، فەلسەفەی سزای سیاسیی ئەو کاتە بوو، جا راکەڕاکی سنوورو جاشێتیو دوژمن هێنانە سەر نیشتمان. ئەرێ خەڵکینە، نیشتمان دایک نییە؟ ناشیرینترینو بێماناترین دیاردەی ئەم شەڕی ناوخۆیە، دابڕینی شارەکان بوو لەیەکتری، چۆن لە هەوڵی ئەوەدابوون هەولێرو سلێمانی لە یەک بکەن، ژەهری دووبەرەکییان بە بەردەوامی دەڕشتو خەریکی چاندنی تۆوێکی پیس بوون لە دڵو دەروونی خەڵکی ئە م دوو شارەدا، بڕۆن سەردانێکی ژوورەکانی پاڵتاک بکەنو بزانن چەند میللەتی تر هێندەی کورد ژووری جنێودان بە یەکتری هەیە، ئەمە ئەگەر دەستی خودی دەسەڵاتی لە پشت نییە، ئەگەر نا بۆ دەسەڵات بە خەمی خۆی نازانێت؟چ شەرمێکە بۆ دەسەڵات کە بادینانی وەها لە گەرمیان دابڕیوە، رۆڵەکانیان بە عەرەبی باشتر لە یەک دەگەن، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت، ئەم دەسەڵاتە رقی لە میللەتەو حەزی بە برایەتیو تەبایی خەڵکی ئەم شارانەی کوردستان نییە، رۆژنامەنووسێکی هەولێریی بە ناوی (سەردەشت)ەوە تێرۆر دەکرێت، هەموو سلێمانیو گەرمیانو کەرکووک بە رۆشنبیرو نەخوێندەوارەوە بۆی هەڵدەستنە سەرپێو پڕ بەگەروو بانگی ئازادیی بۆ دەدەنو دەنگیان دەخەنە پاڵ برا هەولێرییەکانیان، کەچی لە کەناڵەکانەوە دەنگێکی نووساو دەڵێت، چییان لە هەولێر دەوێت، بۆ چاویان بە پێشکەوتنی هەولێر هەڵنایەت، ئەم دوو دەنگە، کامیان دەنگی دڵسۆزو کامیان هی ناحەزە؟ شەرمە بۆ دەسەڵاتێک ئەو پەتپەتییە بەو میللەتەی خۆی بکات. هەولێرییەکان بە تەنیا پارکو شەقامیان ناوێت، نەخۆشخانەو خزمەتگوزارییو ژیانی سەربەرزو ئازادیشیان دەوێت، هەر بەتەنیا بۆ خۆشیان نا، بە لکو بۆ (دارەتوو، بنەسڵاوە، قوشتەپە، هەڵەبجە، سلێمانی، پیرەمەگروون، کەلار، کەرکووک، زاخۆو شەنگار)یشیان دەوێت. دەسەڵاتی کوردی، بۆ وەڵامی ئەمانە هیچی پێ نییە، جگە لە کۆمەڵێک هێڵی سوور نەبێت، کە بەزاندنیان یاریکردنە بە ژیان، گرەوکردنە لە سەر خوێن، لە باشترین حاڵەتیشدا راپێچکردنە دادگایە کە ئەوانیش هێڵی سووری سەرکردەو بەرپرسەکانو کەسوکاریانەو هێڵی سووری مێژووی حیزبەکانیانو کادیرەکانی حیزبەو هێڵی سووری قسەکردن لەسەر گەندەڵیو بەفیڕۆدانی قووتی خەڵکو هێڵی سووری یاریکردن بە داهاتووی کوردەوە.

dlrkarem@hotmail.com

# گۆڕان دەسەڵات لە کێ‌و لەپێناو بەرژەوەندیی کێ وەردەگرنەوە؟

**هەڵۆ مەرگەیی**

حیزب رابەرایەتی خەڵک دەکات‌و نوێنەری هەموو خەڵکەو هەڵگری راستییە رەهاکانە، پێناسەیەکی ستالینییەو لە دنیاو سەردەمی ئێستادا جێگەو پێگەیەکی بە مانا بابەتییەکەی نەماوە، خۆ ئەگەر وەک ئەوەی لە کوردەواریشدا بەتایبەتی‌و لای ئێمەی شەرقیش لەئێستادا بەگشتیی باوە، «بۆئەوەی دژایەتی‌و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لە کۆمەڵگەدا نەگاتە ئاستی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژو پەنانەبردنە بەر سڕینەوەی یەکتر لە دەستاودەستپێکردنی دەسـەڵات»دا، بریتییبێت لە کەنالیزەکردنی بەرژەوەندییەکانی گروپێک لە بەرامبەری ئەوی دیکەدا، ئایا «گۆڕان» دەکەوێتە کوێی ئەو حیزب‌و خۆ بە حیزبیکردن‌و نەکردنەوەو دەسـەڵات لە کـێ‌و لەپێناو بـەرژەوەنـدیـی کێ وەردەگرنەوە؟

«گـــۆڕان» لــە رۆژە سـەرەتـایـیـەکـانـی خۆراگەیاندنیانەوە تا بە ئێستا دەگـات، «خاوەن خیتاب‌و خەتێکی جیا لە یەکێتی‌و پارتی‌و ماف بۆ بێمافکراوەکانی خەڵکی کوردستان دەگێڕینەوەو دەبینە نوێنەری واقیعی و راستینەی داواکارییەکانی خەڵک»، ئایە بە کام رێگەیەوە هێز لە یەکێتی‌و پارتی وەربگرنەوە؟ ئایا گۆڕان دەرئەنجامێکی بێ ئەڵتەرناتیڤی سیاسییە لەبەرامبەر تەواوی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدا، بە رای من چیتر «گۆڕان» ناتوانێت لەسەر نییەت‌و داوکاریی رۆژانەی بێمفاکراوان سورای شەپۆلەکانی نارەزایەتی رۆژو مانگ‌و ساڵانەی خەڵک بێت‌و هەمان ئەو خواست‌و داواکاریانە دەکرێت لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە بەدیبهێنرێن‌و جێبەجێ بکرێت، چونکە رێک لەدوای پێچەوانەکەوتنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ئەوەتا «گۆڕان» دەچێتەوە ژێر باڵی «یەکێتی»و «پارتی»، واتە ژێر باڵی «تەحالوفی کوردستانیی»، بەو مانایەی کە لە بنەمادا «گۆڕان» نە دەتوانن دەستبەرداری «یەکێتی»و «پارتی»بن‌و نە پێیشیان قوتدەچێت بە تەواویی بتوێنەوە لەنێویاندا، بەمەش» گۆڕان» لە هێزێکی بگۆڕەوە دەکاتە بێ کاریگەر لە رووداوو یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکان، کەوابوو بە هەبوون یان نەبوونی هەیکەلی تەنزیمی چ بەشێوەی ستالینی یان ئەوەی لە دنیای ئێستادا باوە، «وەک ئەوەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت، ئەگەر ببێتە حیزب‌و رێکخراوێکی سیاسیی، دەتوانێت خۆی لەو قەیرانە رزگـار بکات‌و ئەو پەیامانەی وەک دروشم هەڵیگرتوون، مۆتیڤی گشت ئەو بزووتنەوانە دەبێت کە دەمێک ساڵە ئیسلامییەکانی کوردستان لە بارێکی دیکەدا نەیانتوانیوە یەک هەنگاو لێی دووربکەونەوە، جا چجای ئەوەی کارێک بکات لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان زۆرێک نووسەرو رۆشنبیرانێکی دیار، بەدەم بانگەوازە باق‌و بریقەکانی وەک «جیایی حیزب لە دەسـەڵات‌و دژی فەسادو حیزبایەتی‌و حیزبی ستالینی»، بە چەشنێک زۆر سەختە لە ئێستادا کەسێکیان لێ پەیدابکەیت کە بە واقیعی لەپاڵ لانیکەمی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەجێی ئەوە خەریکی شرۆڤەکردنی میزاجگەراو خولقاندنی وەهم‌و راکردنن لە واقیع، لەکاتێکدا خەڵکیی لە وەها نووسەرو رۆشنبیرانێک چـاوەڕێ بوون عەقڵ‌و قەڵەم‌و کاردانەوەکانیان گەورەترو بەرپرسانەتر لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەربکەون، نەک بەو زمانە سیحراوییەی کە هەیانە هێندەی تر رۆڵ بگێڕن لە سوڕاندنی حەقیقەت‌و داپۆشینی وەهمی وەهمگرتووەکان، خەڵکیی چـاوەڕێ بـوون وەهـا رۆشنبیرانێک لە هەلومەرجێکی سیاسی وەک ئێستای عێراقدا بێن‌و جورئەت بدەنە دڵی خەڵکی خێرلەخۆنەدیوی کوردستان‌و داوابکەن بە جیابوونەوەی کوردستان‌و جێخستنی ریفراندۆمێکی گشتیی‌و ئازاد، کوردستان‌و خەڵکەکەی لە کێشەو بێشەو سەرئێشە رزگاریان دەبێت، نەک بڵاوکردنەوەی خەیاڵات.

هیچ پێکهاتەو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بەبێ ئامانج‌و بەرنامەیەکی رۆشنی خـاوەن شەرعییەت‌و چوارچێوەیەکی بەرجەستەی رێکخراوەیی ناتوانێت داهاتووی هەبێت «وەک ئەوەی ئێستا کە گۆڕان پێیدا تێدەپەڕێت»، خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر کاملکردنی دەسـەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، «کە زهنییەتێکی کورتبینی چاوچنۆکی پاوانخوازیی لەبەرامبەر زۆربەی چین‌و توێژەکان لە گشت بوارەکاندا هەیە، بەجۆرێک نە لێدەگەڕێت دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەر کارو قازانج بکات‌و نە فەقیریش بژی‌و نە نەوەی نوێش بێتە مەیدان»، نەوەی پێشووش بەری ئەزموون‌و رەنجی رابردووی خۆی گۆڕیوەتەوە بە رەفاهیەت‌و پاوانخوازیی دەسەڵات لەپێناو پاراستنی کۆمپانیا جیاکانیان، هیچ بیانوویەکی بۆ هاتنەمەیدانی هەمووان نەهێشتووەتەوەو ترس لەو ئەگەرەش رووانینێکی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، کە بریتییە لە تارمایی هەڵتۆقینی تاقم‌و گروپگەلێکی هەڵگری دروشمی هەرکەس بۆخۆی، کە ئەستەمە زیان‌و مەترسییەکانی پێشبینی بکرێن، بۆیە لێرەوە حەقی خۆیەتی بپرسین، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەرگریی لە بەرامبەر تاوانە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا بگۆڕدرێت بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی‌و مەدەنیانەی یاسایی؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە خەڵکی کوردستان چیتر دەست‌و دڵیان لە ئاست ئەوانەدا نەکەنەوە کە تەنیا بۆ کێبەرکێ سیاسی‌و هەڵبژاردنەکان بەرەو خەڵک هەنگاو هەڵدەگرن؟، ئەمە لەکاتێکدا ئاشکرایە کە گۆڕان پرۆسەیەکی مێژووییە، بەریەککەوتنی خەون‌و خەیاڵ‌و کلتوورو دنیابینییە، بەرئەنجامی ناکۆکییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانە کە لە پێگەیشتن‌و گەشەکردنیدا ئاراستەی جیاوازو دژبەیەک دەگرێتەبەر، واتە هیچ گۆڕانێک لە شەوو رۆژێکدا ناتوانێت حەقانییەتی خۆی بسەلمێنێت، بزووتنەوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە رێگەی گوتارو کرداریانەوە خەسڵەتەکانی گۆڕان‌و وەرچەرخان لە فیکرو پراکتیکیاندا بەرجەستە بکەنەوە، واتە وەرچەرخان لە ئایدیاو پراکتیکدا بەبێ ململانێ‌و دابڕانێکی ریشەیی‌و شۆڕشگێڕانە «کە رەنگدانەوەو بەرئەنجامی هۆشیاریی‌و واقیعی کۆمەڵایەتی بێت»، نەک هیچ ماناو ماکێکی گۆڕانی تێدا نەبێت بەقەد ئەوەی تەنیا درۆیەکی گەورەو بۆ درز خستنەناو لادێیی‌و شار بێت، ئەگینا کردەی گۆڕان پێش ئەوەی قیژەو هاوارێکی لە ناکاوو دەنگی کەڵەشێری ناوەخت بێت، بزووتنەوەیەکی مادییە، دەنگ‌و رەنگی خۆی هەیە، گوتارو ستراتیژی روون‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی هەیە، ئەم ستراتیژە هەمەلایەن‌و فرە رەهەندەو دەبێت فرە رەهەند بێت، واتە گوتارێکە سەبارەت تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی‌و فەرهەنگی‌و کلتوورییەکانی کۆمەڵگە، گۆڕانخوازیی، هـەم رەخنەیەکی ریشەیی سەرتاپاگیرە، واتە لەسەرخانی کۆمەڵگە، هەم بەدیلیان مانیڤێستێکی رۆشن‌و رۆشنگەرە، گۆڕان هەڵگری چ خەسڵەتێکی نوێگەرەو کۆکردنەوەی ئەم میوە جیاوازانە لە سەبەتەیەکدا گرێدراوی کلتوورو فەرهەنگی هاوبەش، خەون‌و خەیاڵی هاوبەش، بەرژەوەندیی چینایەتی هاوبەشە، قسە لەسەر ئەوە نییە نابێت خەون‌و خەیاڵی هاوبەش هەبێت، بەڵکو ئەوەیە خەون‌و خەیاڵەکان چین، واتە چییەتی خەونەکان! ئاینده ئەمە رووندەکاتەوە، کە گۆڕان لە ئاستی ئەو ئومێدەی هەزاران لاوی کوردابوو.

halomargay@yahoo.com

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان‌و هەڵوێستە ناکۆکەکانی

**مەحمود رەزا ئەمین**

**هەڵوێستی یەکەم:**

لەبارەی چـوونـەژوورەی نوێنەری کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: «رێگە بەهیچ کەناڵێکی حیزبی نادەین بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ وێنەگرتن... شتی وا لە هیچ شوێنێکی دنیا رێگەی پێ نادرێ، ئێمەش ئەگەر ئیحترامی خۆمان بگرین نابێت رێگەی پێ بدەین... هەتا ئێمە هەبین، مەگەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار بکرێ، ئەگینا رێگە بەشتی وا نادەین» لە درێژەی قسەدا وتی: «وەکو لە هەموو دنیا باوە ئێمەش لە پەرلەمان ئیعلامی خۆمان دەبێت‌و دەبێ هەواڵەکان لە خۆمان وەربگرن».

لێکدانەوەی قسەکان:

یەکەم: گوتەزای «رێگە نادەین ئیعلامی هیچ حیزبێک بێتە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان» چەند لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێ:

١- داننانی راستەوخۆی سەرۆکی پەرلەمانە بە هەبوونی ئیعلامی حیزبی دا، ئەو دەستەواژەیەی کە کادرە بەرزەکانی راگەیاندنی حیزب ئینکاریی لە بوونی دەکەن. ئەوان دەڵێن: شتێک نییە لە کوردستان پێی بوترێت ئیعلامی حیزبی‌و ئیعلامی ناحیزبی، هەمووی هەر ئیعلامە.

٢- ئەوانەی کاک کەمال، لە بوونیان لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەترسێت، ئیعلامی حیزبی نییە، ئەو ئیعلامەیە، کە پێی دەوترێت: میدیای ئەهلی‌و ئازاد. نوقسانییەکانی پەرلەمان بەتەنیا لەڕێگەی ئەم ئیعلامەوە دێنە دەر بۆ ناو خەلک، ئەمە بە تەجرەبە سەلما.

٣- ئەو قسەیەی کاک کەمال، هەڵوێستێکی حیزبیی حیزبەکەیەتی، نەک سەرۆکی پەرلەمان. پارتی لە قەیرانی شەهیدکردنی رۆژنامەنووسی لاو، سەردەشت عوسماندا، تێکڕای میدیای ئەهلی کرد بە میدیای بزووتنەوەی گۆڕان، کاک کەمال، ئەم قسەیەی دایە پاڵ حیزبەکەی‌و خەتێکی راست‌و چەپی بەسەر میدیای ئازاددا هێنا.

دووەم: ئەوەی کاک کەمال، بەدەم پەرلەمانەکانی دنیاوە وتی: هیچی وانییە، ئەگەر مەبەستی بەتەنیا پەرلەمانە کارتۆنییەکانی دەولەتە شمولییەکان بێت، ئەوە شتێکی ترە. بەڵام ئەگەر مەبەستی پەرلەمانی وڵاتانی دیموکراتی بێت، بەقەدەر دووری ئەرزو ئاسمان لەیەکتری، ئەو قسەیەی سەرۆکی پەرلەمان لە راستییەوە دوورە. کۆبوونەوەی پەرلەمانەکانی وڵاتانی دیموکراتی بەدرێژایی ساڵ لە بەردەمی میدیاو خەلکدا کراوەن، بەبێ ئەوەی ئەم (سفسگە)یە هەبێت: میدیا بێتە ژووری، یان نەیەتە ژووری، تەلەفزیۆن تەواوی گفتوگۆکانی پەرلەمان بڵاو دەکاتەوە، ئەگەر زۆرینەی خەڵک لەکاتی ئاساییدا تاقەتیان نەبێت موتابەعەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەن، ئەوا لەکاتی قەیرانەکانی وڵات‌و دەسەڵاتدا زۆرینەی خەڵک موتابەعەی کۆبوونەوەو مناقەشەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی یەک تاکە وشە، چەند خەتەرو ناخۆشیش بێت سانسۆر بکرێت.

ئەمە یەکەمجار نییە بەرپرسە باڵاکانی کورد بۆ بەرژەوەندیی خۆیان‌و حیزبەکانیان زانیاریی ناراست بدەن بە هاوڵاتییان، ئەم جۆرە رەفتارە لە وڵاتانی دیموکراتیدا باجی گەورەی لەسەرە، لێ لە کوردستان ئەمە بێ باجترین رەفتارە.

**هەڵویستی دووەم:**

پەرلەمانی کوردستان دەبێت یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێریکردنی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی ساڵانەی حوکمەت بێت، نزیکەی (٢٠) ساڵە ئەم پەرلەمانە نەیتوانیوە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، لەوەش خراپتر، سەرۆکی ئەم خولەی پەرلەمان بە هوشیاریی‌و ئیصرارەوە رێگە نادات ئەندامانی پەرلەمان تەنانەت بڕی بودجەی دامەزراوەکەی خۆیان‌و چۆنیەتی سەرفکردنی بزانن.

ئەم دوو هەڵوێستە دژو ناکۆکە نموونەن بۆ دەیان‌و سەدان هەڵوێستی دژو ناکۆکی بەرپرسەکانی کورد، بەرپرسەکانی کورد لەوشوێنەی قازانجی خۆیان‌و حیزبەکانیان بێت، پەنا دەبەن بۆ گوتەزای «لە وڵاتانی پێشکەوتووش هەر وایە». لەو شوێنەشی زەرەریان بێت، یەکسەر دەڵێن: «کاکە خۆ ئێرە ئەوروپا نییە».

لەم دوو هەڵوێستە ناکۆکەی سەرۆکی پەرلەماندا، بەرژەوەندیی گەل‌و وڵات لەوەدایە میدیای ئازاد بە تەواوی ئازادیی‌و کەماڵی ئیسراحەتەوە وشە بە وشەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بگوێزێتەوە بۆ خەڵک، نەک هەر پەرلەمانتاران، بەڵکو دەبێت خەلکی کوردستان ئاگایان لە چۆنیەتی پەیداکردن‌و سەرفکردنی دینار بەدیناری بودجەی حوکمەت‌و بودجەی پەرلەمان بێت.

وزارة العدل نموزج (٢٨) تسجيل
مديرة التسجيل عاقارى العامة
دائرة التسجيل العاقارى فى طق طق
العدد ١٢٧
بتائريخ ٢٠١٠/٥/٢٤

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠١٠/٥/٢٤ لتسجيل تمام العقار تسلسل (١٠) مقاتع (١) طق طق محلة رزكارى باسم (كاوة كاويز حويز) مجددا باعتبارة حائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفبق احكام قانون التسجيل الغقارى رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنااعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوقمعينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم لمذكور لهذا العرض

ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

**هەلی کار لە (چاڤی مۆڵ)ەوە**

کۆمپانیای نالیا پێویستی بەژمارەیەک کارمەندە بۆ (چاڤی مۆڵ) بەم شێوەیەی خوارەوە:
- چەند کارمەندێک بۆ بەشی وردبینی و ژمێریاری، بەمەرجێک دەرچووی بەشی ژمێریاری بێت و لانی کەم ئەزموونی پێنج ساڵی لەبوارەکەی خۆیدا هەبێت.
- ژمارەیەک کارمەند بۆ بەشی فرۆشتن و کاشێر.
- چەند کارمەندێک بۆ (ئەمین سندوق).
- دوو کارمەند بۆ بەشی کارەبا و دوو کارمەندی میکانیکی.
هەرکەسێک ئارەزووی وەرگرتنی هەیە دەتوانێت سەردانی چاڤی مۆڵ بکات بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتن.
دوا بەروار بۆ پڕکردنەوە و گەڕاندنەوەی فۆرمەکان ٢٠١٠/٦/١٠یە.
ناونیشان: سلێمانی ـ بەردەم گوندی ئەڵمانی
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠
٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠
www.naliagroup.com




**ونبوون**

- دوو پێناسی باری شارستانی بە ناوەکانی (رۆژان سەلام سعدون و ئارام عوسمان حەمەعلی) ونبووە، هەرکەس دۆزیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٤٣٣٢٤٠).
- ناسنامەیەکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەناوی (پشتیوان سەعدوڵلا ساڵح) ونبووە، هەرکەس دۆزیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٨٢٧٤٤).

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ – ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# پەرلەمانێکی بێدەسەڵات، یەکسانە بە حکومەتێکی گەندەڵ!



عەبدوڵلای مەلا نوری *

مانگێکی تر پشووی پەرلەمان دەستپێدەکاتەوەو بە کۆتایی پشووەکە، خولی سێیەمی پەرلەمان، (٤/١) تەمەنی تێدەپەڕێنێت، لە وەها کاتێکدا جێی خۆیەتی لە گۆشە نیگای جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی ورد بۆ چالاکیو کەمتەرخەمیی ئەو ماوەیەی کاری پەرلەمان بکرێت، کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئەرکو دەسەڵاتەکانی بە (١٤) خاڵ دیاریکراوە، لەوانە: یاسادانان، متامانەدان بە حکومەتو چاودێریکردنی کارەکانی، پەسەندکردنی بودجە، لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و...تد. ئێستا گونجاوە کە هەمووان بپرسین، لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە وجودی هەیەو دەشێت تەکانێکی گەورە بە پەرلەمان بداتو دەرفەتی کێبڕکێی زیاتر بڕەخسێنێت، ئایا تا چەند ئەم خولەی پەرلەمان توانیویەتی مومارەسەی دەسەڵاتە ئسولیو دەستوورییەکانی خۆی بکات؟، ئەگەر نەیتوانیوە، هۆکار چییە؟ کە لێرەدا سەرنجی لە بارەوە دەدەم...

یەکەم: لە رووی یاسادانانەوە، ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا پەرلەمان پەسەندی کردوون، لە پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن، لە کاتێکدا خوێندنەوە بۆ زیاتر لە (٣٠) پرۆژەیاسا کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی دانیشتنەکان، بەو پێیەی پێویست بوو کە لانیکەم لە هەفتەیەکدا، پەرلەمان (٣) دانیشتن ئەنجام بدات، کەچی زۆر لە هەفتەکان تەنیا دانیشتنێک نەکرا، بەبێ ئەوەی پاساوێکی یاسایی و باوەڕپێهێنەر بخرێتەڕوو. لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە هەموو یاسایەک بایەخی خۆی هەیە لە رووی چۆنایەتییەوە، بەڵام ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا پەسەند کراون، بەراورد بە کۆمەڵێک یاسای دیکە، لاوەکین، بە نمونە پرۆژەیاسای دەستەی ژینگەی هەرێم پەسەند کرا وەکو ئەوەی هەرێمی کوردستان تەنیا کێشەی پاراستنی ژینگەی مابێت، لە کاتێکدا (١٧) ساڵە بە ناوی بودجەی حیزبەکانەوە، یەکێتیو پارتی سامانی گشتیی بە هەدەر دەبەنو بۆ حیزبەکانی تریش بە میزاجی ئەوان دەبێت، ئەمە وای دەخواست پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان، بە زوترین کات پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی چیتر بە گۆترە پارەی خەڵک بۆ حیزب بە لاوە نەنرێت، یان پێویستی دەکرد کە پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی رێکخستنی حیزبی لە نێو هێزە چەکدارەکان بە باشترین شێوەو بە زوترین کات پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی هێزی چەکدار لە هەرێمدا لە هێزێکی حیزبییەوە بگۆڕین بۆ هێزێکی نیشتمانیو ئەرکی پاراستنی هەرێمی کوردستان بێت نەک بەرژەوەندیی تایبەتی حیزبو بنەماڵە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە مەبدەئی ئەولەویەت لە رووی پێویستی دەرچواندنی یاساکانەوە رەچاو ناکرێت، پێدەچێت هۆکاری پەسەندکردنی ئەمجۆرە پرۆژەیاسایانە بۆ دوو مەبەست بێت. یەکەم، وا پێشانی رای گشتیی بدرێت کە پەرلەمان لەو ماوەیەدا لە بواری یاسادانانندا کەمتەرخەم نەبووە، دووەم، لەبەرئەوەی ئەو یاسایانە کاریگەریی ئەوتۆیان لە سەر گۆڕینی سیستمی سیاسیی حیزبێنراو نییە لە هەرێمی کوردستان. کارەساتێکی تری مەترسیدار، خراپیی ناوەڕۆکی یاسا پەسەندکراوەکانە، بە شێوەیەک کە هەست دەکرێت ئاراستەیەک هەیە کار بۆ ئەوە دەکات کە هیچ دەستەو دامەزراوەیەک لە هەرێمی کوردستاندا نەمێنێتەوە کە لە ژێر هەیمەنەی حیزبدا نەبێت، بەوانەشەوە کە بڕیارە لە ئایندەدا دابمەزرێن، جا راستەوخۆبێت، یان لە رێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە کە تەمسیلی حیزبی دەسەڵاتدار دەکات، لە یاسای (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان)دا بە رۆشنیی هەست بە ئەمە دەکرێت، وەکو لە ناونیشانی یاساکەدا دیارە، ئامانج لێی پێکهێنانی دەستەیەکی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لە کوردستان کە لە ئاست رێگریی ئەو پێشێلکارییانەدا بێت دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ روودەدەنو بەشێکی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئاسایش، زانیاریی، پاراستن، دژەتیرۆرو هاوشێوەکانی ئەنجام دەدرێنو سەدان فێڵو چەواشەکاریی دەکەن لەپێناو پەردەپۆشکردنی پێشێلکارییەکانیانو کەسیش نییە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە پێویستی دەکرد پەرلەمان یاساکەی بە شێوەیەک پەسەند بکردایە کە دەرفەتی سەربەخۆیی تەواوی بۆ سەرۆکو ئەندامانی دەستەکە برەخسانداو جیاکردنەوەی تەواوی لە نێوان ئەو دەستەیەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکردایە، هەروەک پێویست بوو کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەبێت بۆ چاودێریکردنی دەزگا ئەمنییەکانو راستەوخۆ پەرلەمان پشتگیریی تەواو لە راپەڕاندنی کارەکانی بکات، کەچی زۆربەی ئەو پێشنیازە باشانەی بۆ ئەم مەبەستە خرانەڕوو رەتکرانەوەو بە دەنگی ئەندامانی لیستی زۆرینە، یاساکە بە شێوەیەک پەسەندکرا کە جیاوازییەکی وای دروست نەکرد لە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە چاودێریی دامودەزگا ئەمنییەکانەوە هەیە، بۆیە ناکرێت بانگەشەی سەربەخۆبوونی دەستەکە بکرێت، لە کاتێکدا سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیازی سەرۆکی دەستەکە بکات بە هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمانو کەسیش نازانێت بە چ میکانیزمێک سەرۆکی فەرمانگەکانی دیاریدەکرێن، هەروەک ناتوانین بە دەستەیەکی کارای بزانین لە کاتێکدا مافی ئەوەی نییە راستەوخۆو بەبێ ئیزنی پێشوەخت سەردانی بەندیخانەکان بکاتو راپۆرتو رێنماییەکانی بۆ وەزارەتو دامودەزگا ئەمنییەکان مولزەم نین، ئەگەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان یاسای کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤی عێراق بەوەی هەرێمی کوردستان، هەست دەکرێت کە ئەوەی عێراق یاسای وڵاتێکی هەرە پێشکەوتووە لە بواری مافی مرۆڤو ئەوەی هەرێمی کوردستان لە یاسای وڵاتێکی داخراوی دواکەوتوو دەچێت، بۆیە ناوەڕۆکی یاساکە ئەو گومانەمان لا بەهێز دەکات کە جگە لە پیاوانی گوێڕایەڵی حیزب خەڵکانی سەربەخۆ شانسی ئەوەیان نابێت لەم دەستەیەدا کار بکەن، بەمەش لە ئایندەدا دەستەکە هێندەی رۆڵی دەبێت لە جوانکردنی رووە ناشیرنەکانی دەزگا ئەمنییەکانو شاردنەوەی راستی ئەو پێشیلکارییانەی دەرحەق بە مافی مرۆڤی کورد دەکرێن، هێندە دەستەیەک نابێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانە لە هەرێمدا.

دووەم: ئەرکێکی تری گرنگی پەرلەمان بریتییە لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت، بەبێ دوودڵیی، دەزگای پەرلەمان لەو روەشەوە نەیتوانیوە رۆڵی خۆی بگێڕێتو بە شەرمنییەوە لە ئاست غرورییو کەموکورتییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دۆشداماوە. ئەوەی جێی سەرنجو هەڵوەستە لەسەرکردنە، زۆر جارو لە زۆر پرسی گرنگدا خودی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەمپەر دروست دەکات لە بەردەم چالاکییەکانی ئەندامانی پەرلەمانو لیژنەکانداو ئارەزوو ناکەن پەرلەمان بەدواداچوونی جدیی بۆ کارەکانی حکومەت بکات، بێگومان بێدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە وا دەکات، چ حکومەتچ سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئەمەیان بە سەردا تێپەڕێت. باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییانە، بێدەسەڵاتیی هەردوو (لیژنەی نەزاهەو لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکان)ە. پێشتر لیستی زۆرینە منەتی ئەوەیان بە سەر خەڵکدا دەکرد کە لیژنەی نەزاهەیان لە پەرلەمان دامەزراندووەو لەمەودوا هەموو خانەکانی گەندەڵی لە رەگەدا هەڵدەکێشن، کەچی تائێستا ئەم لیژنەیە نەیتوانیوە لیپێچینەوە لە بچوکترین مەلەفی گەندەڵی بکات، وەکو ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کەموکورتییەکی داریو ئیداری نەبێت، لە کاتێکدا لەو ماوەیەدا لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق رۆڵی هەبووە لە راپێچکردنی سەدان فەرمانبەرو بەرپرسی پلە باڵا بە تۆمەتی بەشداریی لە گەندەڵی بۆ بەردەم دادگا. لێرەدا پرسیاری جدیی ئەوەیە، ئایا هەرێمی کوردستان خاڵییە لە گەندەڵی، یان هەیەو بەڵام لە رێگەی دەمەزراوە یاساییەکانەوە کار بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵییەکانو دەربازکردنی گەندەڵکاران دەکرێت؟ لەم رووەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەبری ئەوەی لە پێدانی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی هاوکاریی لیژنەی نەزاهە بکات، کەچی لێیان دەشارێتەوە، یان پاساوی ئەوە دەبیستین «راپۆرتەکانی ئەم دوو دیوانە ناشەرعینو کاریان پێناکرێت، چونکە تا ئێستاش یەکیان نەگرتووەتەوە، بەڵام شەرعین کاتێک بودجەیان بۆ تەرخاندەکرێت». نمونەیەکی تری زەق، کۆتکردنی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکانە، لە ماوەی (٩)مانگی رابردوودا ئەم لیژنەیە لە سەر دوو مەلەفی سەرەکی کاری کردووە، یەکەمیان پەیوەست بوو بە «کەمیی سوتەمەنیو خراپیی جۆری سوتەمەنیو گرانیی نرخی سوتەمەنی» لە پارێزگاکانی کوردستان بەراورد بە پارێزگاکانی تری عێراق، لەو بارەوە لیژنەکە راپۆرتێکی چڕوپڕی دایە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە مەبەستی رەوانەکردنی بۆ حکومەت، بەڵام لە دوای (٣)مانگ ئاراستەی حکومەت کراو تا ئێستاش وەڵامی نییە، لە کاتێکدا ئەم پرسە، راستەوخۆ پەیوستە بە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتییانو پێویستی بە چارەسەری خێرایە. مەلەفی دووەمیان لە بارەی ئەو پارانەوەیە کە لە کۆمپانیاکانی نەوت وەرگیراون لە بەرامبەر گرێبەندە نەوتییەکاندا، لەم رووە بە شێوەیەکی رەسمیی، لیژنەی پیشەسازیی زیاتر لە دوو مانگە نووسراوی ئاراستەی سەرۆکایەتیی کردووە بۆ ئەوەی لای خۆیانەوە رەوانەی وەزارەتی نەوتی بکەن، بەڵام بە داخەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە پاساوی زۆر لاوازو ناپاسایی، ئەو نوسراوەی لای خۆی گلداوەتەوە، لە کاتێکدا بەپێی مادەی (٤٢)ی لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆکایەتیی مافی ئەوەی نییە، بەڵکو دەبێت رەوانەی حکومەتی بکەنو لە ماوەی (١٥)رۆژدا وەڵامەکان بگاتەوە بە لیژنەکە.

ئەوەی باسمان کرد، دوو ئەرکی سەرەکی بوون، کە بە رای من تا ئەم ساتە وەختە پەرلەمان لە مومارەسەکردنیاندا سەرکەوتوو نەبووە، هەروەک چۆن لەو ماوەیەدا پەرلەمان بە شێوەیەکی نا ئسوڵی متمانەی دا بە کابینەی شەشەمو بودجەی(٢٠١٠) بە کەموکورتیی زۆرەوە تێپەڕاند، کە بە پێویستی نازانم قسەی لە بارەوە بکەم، بەو پێیەی پێشتر زۆریان لەسەر وترا. لێرەدا دەبێت بپرسین، ئەگەر بەمشێوەیە پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کارو کەموکورتییەکانی حکومەت بکات، ئەی چۆن دەکرێت بانگەشەی پەرلەمانێکی چالاکو چاودێرو حکومەتێکی شەفاف بکرێت، ئەی ئەگەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەمشێوەیە هاوکاریی ئەندامانی پەرلەمانو لیژنەکانی خۆی بکات، بۆ گلەیی لە بێباکیی حکومەت بکەین لە بەرامبەر پەرلەماندا؟

لە راستیدا گومان دەکرێت بە پلانو بەرنامە کار بۆ لاوازکردنی پەرلەمان بکرێت لە ئاست دەسەڵاتی حیزبو حکومەتداو بە شێوازی جیاواز هەوڵدەدرێت سەنگو قورسایی پەرلەمان وەک دەسەڵاتی شەرعی گەل لە سیستمی سیاسیو یاساییو چاودێریدا پەراوێز بخرێت، رەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە بە رۆشنیی دەبینرێت، خولی ئەمجارەی پەرلەمان لە بری ئەوەی رۆڵی هەبێت لە چەسپاندنی پرەنسیپی شەفافیەت لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانو کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری وردەکاریی روداوەکانی ناو پەرلەمان بنو ئەمەش بکاتە کلتورێک بۆ هەموو دامودەزگاکانی تری هەرێم، کەچی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری ئەوەی دا رێگریی بکات لە ئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەماندا بە پاساوی بچوکیی هۆڵی کۆبوونەوەکان، وەکو لە رابردوودا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە هۆڵێکی دیکەدا ئەنجامدرابن، یان ئەوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی خولی پێشوو کەمتر بووبێتن، لە بری ئەوەی سەرۆکایەتی کار بۆ ئەوە بکات کە راستەوخۆ دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتییان بگوازرێنەوە وەکو ئەوەی لە پەرلەمانی وڵاتانی پێشکەوتوودا هەیە، کەچی رێگریی دەکات لەوەی لانیکەم وەکو جاران راستەوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان لە راگەیاندنەکاندا پیشانبدرێن، تەفسیری ئەم هەنگاوە ئەوەیە، کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەیەوێت کۆنترۆڵی ئیعلامی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات، هەر شتێک دڵخوازی ئەوان نەبێت، رێگربن لە بەردەم بڵاوکردنەوەی بۆ رای گشتیی، بەڵام بە دیوێکی تردا کاتێک کار دەگاتە سەر ئەوەی بودجەی پەرلەمان چەند بێتو چی بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بکرێت، بێگومان هەست بە هیچ کەمتەرخەمییەک ناکرێتو زۆر بە ئاسانی بڕی (٧٢)ملیار دینار بەبێ گفتوگۆو بەبێ ئەوەی بزانرێت بە چ پێوەرێک دانراوەو چۆنیش خەرجدەکرێت، تەرخاندەکرێت بۆ پەرلەمانو لە ناو ئەوەشدا زۆر بە ئاسانی بڕیار لە سەر ئەوە دەدرێت کە بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک بڕی (٤٨)ملیۆن دینار بۆ ئۆتۆمبێل تەرخان بکەن ورتەو هەڵوێستێکی نەرێ نابیستین، وەکو ئەوەی لە ماوەی (٩) مانگی رابردوودا کاری زۆ باشمان بۆ هاوڵاتییانی رەشوروتی کوردستان ئەنجام دابێتو رێژەیەک لە مەینەتییەکانی خەڵکمان سوک کردبێت.

ئەو شێوازەی لە ماوەی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان کاری پێکردووە، زۆر دوورە لەو بەرپرسیارێتییەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووەو لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا خاڵبەندیی کراوە، هەروەک دەسکەوتەکانی زۆر دوورن لە چاوەڕوانیو پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان، بەمشێوەیە دەکرێت بڵێن «ئەوەی جوڵە دەکات بە کارو چالاکییەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانو ئایندەی هەرێمی کوردستان رەنگرێژ دەکات، تا ئەم ساتە وەختە لۆجیکو بەرژەوەندیی گشتیی نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی تایبەتو پێوەری زۆرینەو کەمینەو بەرهەڵستییە لە هەر پرۆژەو پێشنیازێکی باش کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بخرێتەڕوو، ئیتر گرنگ نییە ئایندەی ئەم هەرێمە بە چ ئاقارێکدا بڕوات». لێرەدا ئەو پرسیارەی خۆی دەسەپێنێت، ئەوەیە کە ئایا ئەم دۆخە تاکەی بەردەوامیی دەبێت؟، ئەگەر بەردەوامیی هەبوو، ئۆپۆزسیۆن چی پێدەکرێتو هەڵویستی چی دەبێت؟ کە لێرەدا بە کورتی بۆچوونی خۆم دەخەمەڕوو، پێش هەموو شتێک، حەق وایە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە هەموو لیستەکان دەستبگرن بەڕاو بۆچوونی خۆیانەوەو سەربەخۆیی خۆیان لە کاری پەرلەمانتاریی بپارێزنو لە بیریان نەچێت کە پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکە پێش ئەوەی سەر بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوبێتو پێویستە یەکدەنگ بین لەسەر ئەوەی پەرلەمان بە ئەرکە یاساییەکانی خۆی هەستێتو لە ئاست هەر پێشنیازێکی باشدا چاومان لە بەرژەوەندیی گشتیی بێت.

خۆ ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوامیی هەبێت، پێویستە ئۆپۆزسیۆن لەوە بگات، تا ئەو کاتەی پەرلەمان ناچار بەوە نەکرێت کە دەسەڵاتی یاسایی خۆی پەیڕەو بکات، قسەکردن لە سەر کەموکورتی دەسەڵاتەکانی دیکە خولانەوەیە لە بازنەیەکی داخراوداو لەم رووەوە چیتر یاداشتو بەڵێنی زارەکیو موجامەلە هیچی لێ سەوز نابێتو دەبێت ئۆپۆزسیۆن کەمتەرخەمیی نەکات لە روونکردنەوەی راستییەکان بۆ رای گشتیی بە شێوەیەکی رێکخراوو چڕوپڕ، هەروەک پێویستە پەنا بۆ هەموو گوشارێکی یاساییو مەدەنی ببات لە جوڵاندنی شەقامی کوردستانی تا دەگاتە ئەوەی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ناو پەرلەماندا پێکەوە مانگرتن رابگەیەنن، بە پێچەوانەوە، قبوڵکردنی ئەم دۆخە ئۆپۆزسیۆن نزیک دەکاتەوە لە کەناری مەرگو دەرفەتی حیزباندنو گەندەڵیی فراوانتر دەبێت لەبەردەم حکومەتو دامەزراوەکانی دیکەدا.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

## لەدەستدانی متمانەی خەڵک بۆچی؟

محەمەد ناروجەیی

پرسیاری ئەم بابەتە پێویستی بە روانینی وردو رۆشن هەیە، کوردستان راستە لە فیداکارییو قوربانیدان بۆ نیشتمانو نەتەوەکەی بێ وێنە بووە، دروشمەکانی بەپێی هەلومەرجی گونجاوی هەرێمیو نێودەولەتی بووە، ئەگەر بەئەنجامیش نەگەیشتبێت، بەڵام توانیویەتی ناسنامەی نیشتمانیبوونی ون بێتو رێزمانەکەی لە بۆتەی زمانەکانی نەتەوەکانی سەردەست بتوێتەوە، ئەمە بووەتە سەروەریی لەناو لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان، بەڵام سەروەریی بۆ کێ؟.

ئەم پرسیارە باشترین دەربڕینە بۆ دەقی جەوهەریی بابەتەکە، بەڵام لە دەرئەنجامی کاریگەربوون بە شەپۆلەکانی جیهانگیریی لەڕووی گەیاندنو کرانەوە، گۆڕانێکی گەورە لەڕووی سیاسییو کلتووریو کۆمەڵایەتییەوە هاتووەتەدی، کە لەگەڵ ئەوەی لەسەر بنەمای گەشەی سروشتی هەلومەرجی ناوخۆی کوردستان نییە، ئەنجامی ئەم سیستمە نوێیە ئەو راستییەی دەرخست، کە هەموو سەروەرییەکان لەتکراوە لە مافی خەلکەوە بۆ مافی پێشەوایانو رابەرانی ئەوساو ئێستاش تەنانەت رۆژنامەی وا زمانحاڵی حیزبەکانی دەسەڵاتن لە یەکەم لاپەڕەیەوە باسی سەروەریی حیزبەکەیانو کەسی بەرپرسی یەکەمی حیزبەکە دەکەن، وەکو هێماو سیمبولی نەتەوایەتی کورد، فلان سەرکردە فیسار رێبەر.

لێرەدا دەپرسین؛ بۆ ئەو هەموو سەروەرییانەو لەگەڵ پرۆسەی بەدناوی ئەنفالو تاقیکردنەوەی نوێترین چەکی تەکنەلۆژیای کیمیایی بەسەر کورددا، نەکراوەتە بەرنامەی لێکۆلینەوەیەکی زانستی لەدامەزراوە زانستیو ئەکادیمییەکان بخوێنرێت، تا نەوەکانی دوارۆژی میللەتەکەمان فێری کاریزماو کاریزماپەرستی نەبن، پێچەوانەکەی فێری خۆشەویستی بۆ نیشتمانو ئینتیمای نەتەوەو نەتەوەبوونو هاوڵاتیبوون بن.

ئەم شێوە سیستمە کلاسیکییەی ئێستا پەیڕەو دەکرێت بووەتە بەربەستێکی چەقبەستوو لەپێش گەشەسەندنی ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، بەڵام دەسەڵات پێناسەی سیستمی دیموکراسی بۆ دەکات، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی (دیماگۆجی).

دەبێت خەڵک لەژێر کاریگەریی حیزبدا نەبێت، بەڵکو لەژێر کاریگەریی یاسا بێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد، مەبەست لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت، وەکو سیستمی پەروەردەو فێرکردن دامەزراوە ئەکادیمیو زانستییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، بازاڕی ئازاد، دەسەڵاتی دادوەریی، نووسینگەکانی دەرەوە، چ لە ئاستی هەرێمی، چ لە ئاستی وڵاتانی دیکە، وێڕای هەموو ئەمانە پێویستە ئەو راستییەش بزانین وەکو تواندنەوەی زمانی زگماکیمان لەناو زمانی عەرەبی، یاخود تورکیدا، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناودەبرێن، گەنجەکانی ئەم ناوچانە تائێستاش بە زمانی عەرەبی، یاخود تورکی قسەو گفتوگۆ دەکەن، تەنانەت زۆربەشیان نووسینو خوێندنەوەی زمانی رەسەنی خۆیان نازانن، ئەمە لە دەرئەنجامی کاریگەریی پرۆسەی سیاسیی بەعەرەبکردنە، تەنانەت لەڕووی زمانو پێنووسی کوردیشەوە ئەمەش ترسناکترین زەنگە لەسەر سڕینەوەو تواندنەوەی زمانو ئەدەبو هونەری رەسەنی کوردی، نموونەی خانەوادەی بەدرخانییەکان ئەگەرچیش بە مامانی لەدایکبووی رۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردیدا، نەوەکانیان ئێستا زمانی دایکیان بیرچووەتەوە.

**چ جۆرە شێوازێک بۆ چارەسەر؟**

پێویستە لەسەر هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی برەوی تەواو بدەن بەلایەنی هۆشیاریی نیشتمانییو نەتەوەیی لەسەرجەم خوێندنگەو دامەزراوە ئەکادیمیو زانستییەکان بۆ ئەوەی متمانەو ئینتیمای نیشتمانییو نەتەوەیی لە جەستەی هەموو تاکێکی نەتەوە دروست بێت، لەپاڵ ئەمەدا بزووتنەوەی میللەتان بۆ رزگاریی دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ پێکەوەبەستنی هەموو ئازادیخوازانو داکۆکیکەران لە مافەکانی خەڵک، بۆیە بەڕێکەوت نییە کە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) لەپاڵ ئەرکی نیشتمانییو نەتەوەییدا، بەرگریکردن بوو لە مافەکانی خەڵکو یەکەمین بەڵگەنامەی مافە گشتییەکانی خەڵک لە ساڵی (١٧٩٥)دا دەرئەنجامێکی سروشتی پەیامی ئەو شۆڕشە لەدایک دەبێتو دەکرێتە سەنگەری بەهێزو پتەوی ئازادیخوازان بۆ تەواوی مافەکانو خەڵک.


(چاڤی مۆڵ) کرایەوە
لەشەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود و لەبەردەم گوندی ئەڵمانی،
مۆڵێکی نمونەیی بە کەلوپەلی باشترین مارکەکانی جیهان پێشوازیتان لێدەکات.
ئێستا (چاڤی مۆڵ) کراوەیە
لە (چاڤی مۆڵ)
بەناوبانگترین مارکەکانی جیهان
لەجلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان
لەگەڵ خواردەمەنی و
پێداویستی رۆژانە دەست دەکەوێت
دوو نهۆمی ئەم مۆڵە تەرخانکراوە بۆ پارکی ئۆتۆمبێل و
نهۆمێك بۆ سوپەرمارکێت و کەلوپەلی جیاواز
سێ نهۆمی تریش بەجیا تەرخان کراوە
بۆ جلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان.
لەگەڵ کافتریا و شوێنی حەوانەوەی گونجاو
ئەگەر ئەتانەوێت جلوبەرگی مارکەی جیهانیتان
دەست بکەوێت، ئەوە رووبکەنە چاڤی مۆڵ.
(چاڤی مۆڵ) لەسەرجەم رۆژەکانی هەفتەدا و
لەکاتژمێر (9)ی بەیانییەوە تا (12)ی شەو لەپێشوازی ئێوەی بەڕێزتایە.
ژمارەی تەلەفوون: 0533239073
ریستۆرانتی دەرگەزێن
ئەگەر دەتەوێت لەکەشێکی دڵگیر و ئارامدا بە بەتامترین
خواردن، ژەمی خوانەکانت نۆش بکەیت. سەردانی
ریستۆرانتی دەرگەزێن بکە
ریستۆرانتی دەرگەزێن لەدوا نهۆمی
(چاڤی مۆڵ)دایە و دەروانێت بەسەر
دیمەنێکی جوان و دڵرفێنی شاری
سلێمانی و گوندی ئەڵمانی
لەریستۆرانتی دەرگەزێن بەتامترین خواردنە رۆژهەڵاتی
و رۆژئاواییەکان لەگەڵ موزیکی زیندوو پێشکەش
دەکرێت
جگە لە ئێوارانی پێنجشەممە کەتایبەتە بەئەندامانی
یانەی دەرگەزێن، هەموو نیوەڕۆ و ئێوارانێکی رۆژانی
هەفتە ریستۆرانتی دەرگەزێن پێشوازی لەهەموو
هاوڵاتیان دەکات
ژمارەی مۆبایل: 07701376060 ـ 07701346060
nslia co.
بەیروت بیوتی سەنتەر
گەورەترین سەنتەری جوانکاری
پیاوان و ژنان لەشاری سلێمانی بەناوی
(بەیروت بیوتی سەنتەر) کرایەوە
سەرجەم کەرەستەکانی ئەم سەنتەرە لە
کەنەداوە هێنراون و ئێستاش لەلایەن ستافێکی
شارەزای لوبنانییەوە کە ئەزموونی چەند ساڵەیان
لەجوانکاریدا هەیە سەرپەرشتی دەکرێن
لە (بەیروت بیوتی سەنتەر) هەموو شێوازەکانی جوانکاری ژنان و پیاوان
بەنوێترین ستایلی جیهانی و بەشێوازێکی زانستی ئەنجام دەدرێت،
لەوانەش:
ـ لێزەر بۆ لابردنی موو و لاوازبوون.
ـ ئارایشتگای ژنان بۆ جوانکاری،
قژبڕین، نینۆك دانان، پرچ دانان،
پدیکیر و منکیر
ـ مەساج (ژنان ـ پیاوان)
ـ سەرتاشخانەی پیاوان.
ـ لەگەڵ فرۆشتنی هەموو جۆرە کەرەستەیەکی جوانکاری
ناونیشان: سلێمانی ـ بەردەم گوندی ئەڵمانی ـ نهۆمی پێنجەمی چاڤی مۆڵ
ژمارەی تەلەفوون: 0533239072


www.italianexpo.it
ITALIAN EXPO
EXHIBITION OF THE ITALIAN INDUSTRY AND TECHNOLOGY
IRAQ 2010
چوارەمین پیشانگای پیشەسازی و تەکنەلۆژیای ئیتالی
المعرض الرابع للصناعات و التكنولوجيا الايطالية
FUTURE BUILDING SHOW
لە بواری بیناسازی: کەلوپەل و تەکنەلۆژیا
لقطاع البناء: تكنولوجيا و تجهيزات
GUEST&FOOD TECHNO SHOW
لە بواری کشتوکاڵ: تەکنەلۆژیای خواردەمەنی، ریستورانت و هۆتێل
لقطاع الزراعة : تكنولوجيا الاغذية، المطاعم و الفنادق
ڕێك خراوە لە لایەن
نظمت من قبل
AXIS
FAIRS & SERVICES
١٢-١٥
حزيران
٢٠١٠
هەولێر
اربيل
هەرێمی کوردستانی عێراق
اقليم كوردستان - العراق
پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر
معرض اربيل الدولي
پارکی سامی عبدالرحمن
بە هاوکاری
بالتعاون مع
بە پشتوانی
بدعم من
Ministero dello Sviluppo Economico
RegioneLombardia
Building the Future in Iraq
بنیاتنانی ئاییندە لە عێراق
بناء المستقبل في العراق